# کاردانەوەی ئەنفال لە هونەردا
# (گۆرانی و مۆسیقا- شانۆ- شێوەکاری- سینەما)
# (لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی شیکارییە)

**پ.ی.د. مەهدی فاتیح عومەر**[1]

[1]زانکۆی چەرموو, کۆلێجی پەروەردە و زمان، بەشی کوردی

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە ©٢٠٢٠پ.ی.د. مەهدی فاتیح عومەر



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## پوختە

لەم توێژینەوەیەدا (کاردانەوەی ئەنفال لە هونەردا) دەمانەوێت بزانین، ئاخۆ کاردانەوەی تراژیدیای ئەنفال لە بوار و بەشە جۆراوجۆرەکانی هونەردا، بە تایبەت لە هونەری کوردیی باشووری کوردستاندا چۆن بووە و بە چ ئاست و شێوازێك گوزارشتی لێ کراوە، چۆن لە مۆسیقادا ڕەنگی داوەتەوە و چ گۆرانییەکی بۆ دارێژراوە، لە شانۆدا چۆن بە کار هاتوە، بە چ شێوازێك لە ناو بەشە جیاجیاکانی هونەری شێوەکاریدا دەیبینینەوە و لە دراما و فیلم و سینەمایشدا تراژیدیای ئەنفال چۆن بووەتە کەرەستەی بەرهەم.

بۆ ئەم مەبەستەیش بە کورتی و بە گشتی و پاڵپشت بە چەند نموونەیەك لەو بەشانەی هونەر، ئەم توێژینەوەیە بۆ چوار بەش پۆلێن کراوە، هەر بەشەی بۆ یەك لەم بوارە هونەرییانە (گۆرانی و مۆسیقا- شانۆ- شێوەکاری- سینەما) تەرخان کراوە. لە بەشی یەکەمدا (گۆرانی و مۆسیقا) ئاستی گۆرانی مۆسیقای کوردی و توانیاییەکانی ئەم هونەرە بۆ گوزارشتکردن لە ئەنفالمان کردوەتە بابەتی توێژینەوە، لە بەشی دوەمیشدا (شانۆ) دۆخی شانۆی کوردیمان لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ هەڵسەنگاندووە، لە بەشی سێیەمیشدا (شێوەکاری) باسمان لەو کار و چالاکییە شێوەکارییانەی بە ناوی ئەنفالەوە دەکرێن، کردوە، لە دوا بەشیشدا (سینەما)، وێڕای بە کورتی ئاماژە کردن بۆ دۆخی سینەمای کوردی، لێکدانەوەمان بۆ چەند کارێکی سینەمایی تایبەت بە ئەنفال کردوە, دواتر ئەنجامی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.

## ملخص البحث

تهدف هذه الدراسة المعنونة (أثر عمليات الانفال في الفن الكردي) الى معرفة تتبع ما تركته مآسي عمليات الانفال العسكرية من آثار في الاعمال الفنّية بشتى اجناسها- وعلى الاخص في فنون كردستان الجنوبية- ومحاولة سبر غور مستوى هذه الاثار واشكالها في الموسيقى وكلمات الاغاني ، وكيفية توظيفها في الاعمال المسرحية ، وكيفية استخدامها كثيمة في الاعمال الدرامية والافلام السينمائية، بالاضافة الى اجناس الفنون الاخرى.

ومن اجل تحقيق ماتنشده الدراسة تم الاستشهاد بأمثلة من نتاجات تلك الاجناس الفنية والاشارة اليها بشكل مختصر وعام في مباحث اربعة كل منها يسلط الضوء على جنس محدد (الموسيقى والغناء – المسرح – الفن التشكيلي – السينما). يتناول المبحث الاول الموسيقى والغناء الكردي ومستوى أثر عمليات الانفال فيها واسلوبها في التعبير عن تلك المأساة. أما المبحث الثاني، فيتم التركيز فيه على المسرح وتقييم حالته بعد انتفاضة عام ١٩٩١. وفي المبحث الثالث نناقش أثر الانفال في الاعمال الفنية التشكيلية من حيث تطرقها الى هذه الكارثة الانسانية ومافرزت النتاجات الفنية تحت هذا العنوان. أما المبحث الاخير فكانت السينما هي المحور اذ تمت الاشارة الى عدد من الاعمال التي تناولت الانفال في احداثها. وفي خاتمة هذه الدراسة ، قام الباحث بسرد ملخص ماتوصّل اليه ، ومن ثم الاشارة الى المصادر التي اعتمدها الدراسة.

**Abstract**

This study, entitled "The Impact of Anfal Operations in Kurdish Arts", aims at identifying the traces of the tragedies of the Anfal military operations in the artistic works of various genres, especially in the art of southern Kurdistan. The present paper deals, for instance, with theatrical works, and how they employ this tragic event, how dramas and movies, in addition to other art genres, use it as a theme in their structures.

In order to achieve the objectives of the study, examples of the outputs of a number of artistic genres have been explored and referred to briefly and publicly in the four sections— each highlighting a specific gender (music and singing - theater - plastic art - cinema). The first section deals with Kurdish music and songs in terms of the level of impact of Anfal operations and its style in expressing this tragedy. The second topic focuses on the theater and evaluates its status after the 1991 uprising. In the third part, we discuss the impact of the Anfal in the plastic art works in terms of addressing this human disaster and what have been produced under this title. As for the last section, cinema was the main focus, as a number of the works that dealt with the Anfal were investigated. At the conclusion of this study, the researcher presented a summary of his findings, and then listed the sources of the study.

**پێشەكی**

لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت بە دوای ئەو پرسیارەدا بچین، ئاخۆ كاردانەوەی تراژیدیای ئەنفالی سیستمی بەعسی فەرمانڕەوای عێراق بۆ سەر كورد لە ساڵی ١٩٨٨ لە بوار و بەشە جۆراوجۆرەكانی هونەردا چۆنە و بە چ ئاست و شێوازێك گوزارشتی لێ كراوە، چۆن لە مۆسیقادا ڕەنگی داوەتەوە، چ گۆرانییەكی بۆ دارێژراوە، لە شانۆدا چۆن بە كار هاتوە، بە چ شێوازێك لە ناو بەشە جیاجیا (نیگاركێشان، سیرامیك، پەیكەرسازی، گرافیك، سكرین...هتد)كانی هونەری شێوەكاریدا دەیبینینەوە و لە دراما و فیلم و سینەمایشدا تراژیدیای ئەنفال چۆن بووەتە كەرەستەی بەرهەم. بۆ ئەم مەبەستەیش بە كورتی و بە گشتی و پاڵپشت بە چەند نموونەیەك لەو بەشانەی هونەر، باس لەوە دەكەین كە كاردانەوەی تراژیدیای ئەنفال لە هونەری كوردیدا (بە دیاریكراوی: مۆسیقا و گۆرانی، شانۆ، شێوەكاری، سینەما) بە تایبەت، لە هونەری كوردیی باشووری كوردستاندا چۆن بووە و چۆن گوزارشتی لێ كراوە و كراوەتە بابەتێكی هونەری، بۆ ئەمەیش بە گوێرەی هونەرەكان پۆلێنكاری دەكەین.

بێگومان هونەری كوردی بە هەموو بەشە سەرەكییەكانییەوە ڕەنگدانەوەی خۆشی و ناخۆشی، ئازار و پێكەنین، پرسە گرنگ و كێشە وجوودییەكانی مرۆڤی كورد بووە، بە پێی توانای مەعریفی و تێگەییشتن لە هونەر و ئاگاداربوون لە داهێنان و كارە هونەرییەكانی دونیا، هەروەها بە پێی ئاستی كەوتنە ژێر كاریگەریی ئەو دۆخانەوە و چۆنێتیی وەرگرتن و تێكەڵاوبوون و خۆنوێكردنەوەی لە بەر تەوژمی هونەری سەردەم، ئەم ڕەنگدانەوەیە و چۆنێتی و ئاستی دەركەوتوە و لە ناو ئەم هونەرەدا خۆشی و ناخۆشی، ئازار و پێكەنین، ڕووداو و پرسە گرنگ و كێشە وجوودییەكانی مرۆڤی كورد دەركەوتوون، بۆیە پێش ئەوەی بزانین ئەم ڕەنگدانەوانە چۆن بوون و ئەم پرسانە چۆن لە هونەری كوردیی بەتایبەت هەرێمی كوردستاندا بەكار هێنراون، سەرەتا پێویستە بزانین ئاستی ئەم هونەرە و تواناییەكانی بۆ تێگەییشتن لە چەمكی هونەر لە دونیا و داهێنان چۆن بووە، هەروەها چ تێگەییشتنێك لە هۆشیاریی تاكی كورددا بەرانبەر ڕووداو و كارەسات و پرس و كێشەكانی مرۆڤی كورد هەبووە و هەیە، ئینجا لێكۆڵینەوە لە ڕەنگدانەوەی ئەو پرس و كارەساتانە لە ناو هونەری كوردیدا بكەین.

لەم باسەدا (كاردانەوەی ئەنفال لە هونەردا) نامانەوێت یەك یەك ئەو كارە هونەرییانەی (گۆرانی و مۆسیقا- شانۆ- شێوەكاری- سینەما) بە سەر بكەینەوە و توێژینەوەیان لە سەر بكەین، ئەگەر چی لە چەند شوێنێكدا بە پێی پێویست هەندێ جار ئاماژەی خێرایان بۆ دەكەین، بەڵام بە گشتی دەمانەوێت دۆخی هونەری كوردی و ئامادەیی بۆ كاركردن لەسەر تراژیدیای ئەنفال نیشان بدەین. بێگومان كە باس لە دۆخی هونەری كوردی دەكەین، مەبەستمان لە وێنەیەكی گشتی و سیمایەكی دیار و زاڵی ئەو هونەرەیە و ناكرێت بۆچوون و بڕیارەكانمان بە ڕەهایی لێك بدرێنەوە، چونكە دەكرێت لە ناو ئەم ڕووبەرە فراوانەدا كاری هونەریی هەبێت نەكەوێتە ژێر ئەم لێكدانەوە و بۆچوونانەوە، بەڵام وەك گوتمان ئێمە لەم باسەدا تەنها بە شێوەیەكی گشتی قسە دەكەین، نەك یەكیەك هەڵسەنگاندنی هەموو ئەو كارە هونەری (گۆرانی و مۆسیقا- شانۆ- شێوەكاری- سینەما)یانە، كە تراژیدیای ئەنفال تێیاندا ڕەنگی داوەتەوە، یان ڕاستتر بە شێوەیەك لە شێوەكان ئەنفال تێیاندا بەكار هێنراوە، یاخود هونەرمەندان ویستوویانە بە تێكستی كاری هونەری كار لە تراژیدیای ئەنفالدا بكەن.

سەرەنجامیش لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، كە دۆخی هونەری كوردی چۆنە و چۆن دەیەوێت كار لە تراژیدیای ئەنفالدا بكات؟ یاخود ئایا هەر لە بنەڕەتدا تەندروستە هونەری كوردی بەو تێگەییشتن



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

و دۆخەوە كار لە ئەنفالدا بكات و كاری هونەریی تایبەتی بۆ بەرهەم بهێنێت، یان پێویستە و دەبوو هونەری كوردی لە ژێر كاریگەریی ئەنفالدا خۆی پێناسە بكاتەوە و دیدگاكانی دابڕشتایاتەوە.

**بواری لێكۆڵینەوەكە:**

زەمینەی ئەم لێكۆڵینەوەیە زیاتر مەیدانییە، واتە بەرجەستەیە و بە شێوەی واقیعی خۆمان تێیاندا ژیان و ئەزموونمان كردووە، بەو پێیەی لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ی كورد دژی سیستەمی بەعس و ئازادكردنی بەشێك لە كوردستانی باشوور لە ژێر دەستی حكوومەتی ئەو كاتی عێراق زەمینەی ئەوە ڕەخسا، هونەرمەندان بە ئازادی باس لە دۆخی ژیانی مرۆڤی كورد بكەن و گوزارشت لە ئازارەكانی بكەن، بە تایبەت لە باسكردنی تراژیدیای ئەنفالدا چونكە ئەنجامدەری سەرەكیی ئەو پرسە سیستەمی بەعسی فەرمانڕەوای ئەو كاتی عێراق بوو. مەبەستمان لە زەمینەی مەیدانی ئەو ماوەیەی كە لە دوای ئەو مێژووەوە دەست پێ دەكات و خۆمان لەگەڵ هەموو چركەكانیدا ژیاوین، ئاگاداری دۆخ و كاركردنی ئەو هونەرە بووین، كاتێك باسی ئەنفال و دۆخی هونەری كوردی لەو زەمەنەدا دەكەین، پتر لە ئاست تێگەییشتنماندا بۆ ئەو دۆخە پێوەندی بە تراژیدیای ئەنفالەوە كار دەكەین، بۆیە بواری ئەم لێكۆڵینەوەیە ئەگەرچی مەیدانییە، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا بە شێوەیەكی تیۆری ڕووكارێكی گشتیی هونەری كوردی لەم سەردەمەدا دەردەخەین و پێگە و قورسایی لە ئاست تراژیدیای ئەنفال و جۆری كاریگەری و كاردانەوە و ڕەنگدانەوەكانی شی دەكەینەوە، هەروەها بواری لێكۆڵینەوەكە لە دەستنیشانكردنی پێوەندیی هونەر و ئەنفال هەر بریتییە لە بوارێكی وێنا و ئەندێشە و بیركردنەوەی جیاواز، بەم پێیەیش جۆری پێوەندیی هونەری كوردی و ئەنفال دەستنیشان دەكەین.

**هۆكاری هەڵبژاردنی بابەت و ناونیشان:**

دەتوانین بە چەند خاڵێك ئاماژە بۆ هۆكارەكانی پشت هەڵبژاردنی بابەت و ناونیشان بكەین، كە بێ گومان پێوەندییەكی توندوتۆڵیان پێكەوە هەیە، لەم توێژینەوەیەدا ناونیشان، ناونیشانێكی ڕەمزی نییە، واتە بە سومبول، ئاماژە بۆ بابەتێك یان ناوەڕۆكی بابەتەكە نەكراوە، بەڵكوو ڕاستەوخۆ بابەت و ناونیشان گوزارشت لە یەكتری دەكەن، كە ئەم خاڵانە وەك هۆكاری هەڵبژاردنیان دیاری دەكەین:

١- بۆچی زۆربەی هونەرمەندان سوورن لە سەر ئەوەی كاری هونەری لە سەر بابەتی ئەنفال بەرهەم بهێنن، یان بە هەر جۆرێك بێت دەیانەوێت ئەنفال لە كارێكدا یان چەند كارێكدا دەربكەوێت و ڕەنگ بداتەوە.

٢- ئەنفال وەك تراژیدیایەك بابەتێكی هەستیارە، بۆیە دەبێت بە هەستیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ بكرێت و پێویستە بە دروستی بزانرێت لە هونەردا چۆن دەردەكەوێتەوە و چۆن كاری لەگەڵ دەكرێت، چونكە وەك دەبینین و لە توێژینەوەكەیشدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، زۆر جار ئەم دەركەوتنەی ئەنفال لە هونەری كوردیدا كاریگەرییەكی نێگەتیفی دەبێت.

٣- هۆكاری گرینگ لەم توێژینەوەیەدا ئەوەیە، هونەری كوردی لە ئاوێنەدا خۆی ببینێت و دۆخی خۆی هەڵبسەنگێنێت و پاشان گوزارشت لە ئەنفال یان هەر تراژیدیایەكی تر بكات، چونكە ئەگەر خۆی گیرۆدەی كۆمەڵێك قەیران و گرفت و ناتەواوی ببێت، بێ گومان ئەو كات بە خۆدانیان لە تراژیدیاكان، دۆخی تراژیدیاكان خراپتر دەكەن.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

هەڵسەنگاندنی هەموو ئەو کارە هونەرییانە لە (گۆرانی و مۆسیقا- شانۆ- شێوەکاری- سینەما)ی کوردیدا کە لە سەر بابەت و تراژیدیای ئەنفال بەرهەم هاتوون و تێڕوانینی گشتییانە لە سەر تێکڕای ئەو بەکارهێنان و هێنانە ئارایەی ئەنفال وەك ڕووداو و تراژیدیا لە پانتایی هونەری کوردیدا، بێ گومان بە پشتبەستن بەو بەڵگەنەویستەی کە هێشتا تراژیدیای ئەنفال زۆر لەوە قورستر و مەرگەساتترە کە بەو شێوە و بەو پێگەیەوە لە ناو هونەری کوردیدا دەربکەوێت و تەنانەت ئەو وێنە سادە و ساکارەی ئەم تراژیدیایە لە ناو هونەری کوردیدا هەیەتی، ئەو تایبەتمەندییە بە لێکۆڵینەوەکەمان دەبەخشێت، کە لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی شیکاری بێت و ئەو دەرەنجامانەی دەمانەوێت لەم لێکۆڵینەوەیەدا پێیان بگەین، ئەوە هەڵدەگرن کە ئەم ڕێبازە بگرینە بەر.

**گرفتی لێکۆڵینەوەکە:**

ئەوەی بۆ ئەم توێژینەوەیە کێشەیە و وەك ناتەواوییەك دەردەکەوێت، ئەوەیە کە بە هۆی کەمیی بوار و سنوورداریی پانتایی نووسینەوە، ناتوانین زۆر لە لایەنی تیۆری دەربچین و بیرکردنەوە و ڕەخنەکان بە نموونەی هونەری یەك یەك دەوڵەمەند بکەین و یەك یەك لە سەر ئەو کارە هونەرییانە ڕابوەستین، هەروەها خاڵێکی تریش کە گرفتە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوەیە، لەم باسەدا زیاتر بە شێوەیەکی گشتی دۆخی هونەری کوردی هەڵدەسەنگێنین و هەر بە شێوەیەکی گشتییش ئاستەکانی پێوەندیی ئەم هونەرە لەگەڵ تراژیدیای ئەنفالدا دیاری دەکەین، بۆیە هەر کارێکی ناوازەی خەسڵەتجیاواز، بۆ خۆی درزێك دەخاتە نێو بۆچوونەکانمانەوە و ڕەنگە لەگەڵ ئەو دەرەنجامانەی ئەم توێژینەوەیەدا نەیەتەوە، ئەو بۆچوونانەی ئێرەیان بە سەردا نەسەپێنرێت. لە لایەکی ترەوە زۆری ئەو کارە هونەرییانەی لەم ماوەیەدا ئەنجام دراون، لە سەر پێگەکانی ئینتەرنێت ئەرشیف نەکراون، یان هەر لە بنەڕەتەوە تۆمار نەکراون، وەك شانۆگەری و پێشانگای شێوەکاری لە کاتی خۆیان نمایش کراون، بۆیە توێژینەوە لە کاتێکدا ئەو کارانە لە ئارادا نیین، ئەستەمە، هەروەها چەندین فیلمی سینمایی بە هۆی خراپیی تۆمارکردنیان ئێستا لە بەر دەست نیین، یان بە هۆی ئەوەی بۆ پێشکەشکردنیان لە فێستیڤاڵە نێونەتەوەییەکان بەرهەم هاتوون، هێشتا بەردەست نیین و توانای بینین و هەڵسەنگاندنیانمان نییە.

**پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە بۆ چوار بەش پۆلێن کراوە، هەر بەشەی بۆ یەك لەم بوارە هونەرییانە (گۆرانی و مۆسیقا- شانۆ- شێوەکاری- سینەما) تەرخان کراوە. لە بەشی یەکەمدا (گۆرانی و مۆسیقا) ئاستی گۆرانی مۆسیقای کوردی و توانایییەکانی ئەم هونەرە بۆ گوزارشتکردن لە ئەنفالمان کردوەتە بابەتی توێژینەوە، لە بەشی دووەمیشدا (شانۆ) دۆخی شانۆی کوردیمان لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ هەڵسەنگاندووە، لە بەشی سێیەمیشدا (شێوەکاری) باسمان لەو کار و چالاکییە شێوەکارییانەی بە ناوی ئەنفالەوە دەکرێن، کردوە، لە دوا بەشیشدا (سینەما)، وێڕای بە کورتی ئاماژە کردن بۆ دۆخی سینەمای کوردی، لێکدانەوەمان بۆ چەند کارێکی سینمایی تایبەت بە ئەنفال کردوە.

ئومێدەوارین لەم لێکۆڵینەوەیەدا (کاردانەوەی ئەنفال لە هونەر دا) ئەو ئامانجەی کە بۆی تێکۆشاوین، کە بریتییە لە (ڕەخنەگرتن لە هەڵە ڕەنگدانەوە و بەکارهێنانی ڕووداو و بابەتی تراژیدیای ئەنفال لە هونەری کوردیدا، لەپێناو دروستکردنی جۆرێك پێوەندیی دروست لە نێوان هونەری کوردی و ئەنفالدا) پێی بگەین.

**بەشی یەکەم**

**مۆسیقاوگۆرانی**

مۆسیقا و گۆرانیی کوردی مێژوویەکی دێرینی هەیە و لە کۆندا بەشێکی سەرنجڕاکێش و هەستبزوێنی ژیانی لادێ و پیشەی شوانکارەیی و کشتوکاڵی بووە، کە ئەو سەردەمانە ئەو پیشانە بەتەواوی ژیانی گوندنشینانی لە سەر بووە. لە ڕووی ڕۆشنبیری و ئاستی خوێندەواری، خەڵکی لادێی کوردستان بە هۆی چەندین هۆکاری سیاسی و ئابووری و کۆمەلآیەتی و... هتد، لە ئاستێکی نزم و دواکەوتوانەدا بووە و سیمای کۆمەڵگایەکی نەخوێندەوار بە گوزەرانی گوندنشینانەوە دیار بووە، سەرچاوەکانی خوێندنی ئەو ناوچانە تەنها بریتی بووە لە مزگەوت و تەکیەکان، کە ئەوەیش خوێندنی سنووردار بوو، ئەم سنووردارییەیش بە شێوەیەك بوو تەنها بۆ بەشێکی کەم لە خەڵك فەراهەم کرابوو، سەرچاوەی مەعریفیی خوێندنی ئەو ناوەندانە بە هۆی پێگە و ناسنامەیانەوە تەنها ئایینی بووە. سەختیی ژیانی لادێ و قورسیی گوزەران و نانپەیداکردن، ئەم تەنها سەرچاوەیەیشی بەرتەسك کردبووەوە، بۆیە ئەوەی باسمان کرد کە مۆسیقا و گۆرانیی کوردی بەشێکی سەرنجڕاکێش و هەستبزوێنی ژیانی لادێ و پیشەی شوانکارەیی و کشتوکاڵی بووە، مۆرکێکی خۆڕسکانەی هەبووە و پێوەندیی بە حەز و خولیای تاکەکەسییەوە هەبووە و وەك پێداویستییەکی ڕۆحی و دەرمانی حەسانەوە و دەرکردنی هیلاکی و ماندوویی و کار و ڕەنج و ماندووبوونی تاقەتپڕوکێن لێی ڕوانراوە و مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، بۆیە لە سەرەتای ئەم مێژووە دێرینەی باسمان کرد، مۆسیقا و گۆرانیی کوردی بە شێوەی تیۆری نەخوێنراوە، ناوەند و فێرگەی ئەکادیمی نەبووە بۆ فێربوونی بنەماکانی مۆسیقا و گۆرانی، ئەوانەی گۆرانییان گوتوە، یان هەندێ ئامێری خۆماڵییانە (نەی، دەف، زەڕب و دەهۆڵأ...)یان ژەندوە و لێ داوە، ئەوانیش بە شێوەیەکی ئەکادیمیی فێری نەبوون و لە بنەما زانستییەکانی ئاگادار نەبوون و بە هەوڵی تایبەتی و حەز و ئارەزووی خۆیان فێری ئەو ئامێرانە بوون، خۆ ئەگەر لە بەر دەست یان لە ژێر کاریگەریی مامۆستایەکیشدا ڕێساکانی فێربوونی ئەو ئامێرانەی مۆسیقایان زانیبێت، ئەوا ئەو مامۆستایانەیش، یان بە هەوڵ و گەڕانی تایبەت و ئارەووز و ویستی خۆیان ئەو ڕێسایانەیان زانیوە و شارەزای بوون، یان هەر خۆیان بە ئەزموون و سەلیقەی خۆیان فێری بوون و بە پراکتیك پێیدا ڕۆیشتوون و خەڵکانی تریان پێ ئاشنا کردوە، ئەمەیش وای کردوە، مێژووی دێرینی مۆسیقا و گۆرانیی کوردی بۆ ماوەیەکی درێژ و تا سەدەی بیستیش بریتی بوو لە مۆسیقا و گۆرانیی فۆلکلۆری کوردی، ئەم مۆسیقا و گۆرانییەیش بە گوێرەی ناوچە جیاوازەکانی کۆمەڵی کورد چەندین بەشی لێ بووەوە، (لێرەدا لە جێی خۆیدایەتی جوگرافیای شێوەگەلی موزیك و گۆرانیی کوردی دەستنیشان بکەین، کە بریتین لە: لاووك و لاوژە- حەیران- سیاوچەمانە- هۆرە- چەمەری- بەیت و ناوچەکانیشیان بەم جۆرەیە:

- لاووك و لاوژە: هەموو ئەو ناوچە کوردنشینانەی کە ئاخاوتنیان بە دیالێکیتی کرمانجی باکوورە.
- حەیران: قەرەچووغ، بێژنگ بەسەر، کەندیناوە، زوورگەزراو، شەمامك، هەولێر، سەفین، هەیبەت سوڵتان، ڕایات، زینۆی شێخان، ڕەواندز، هەندرێن، زۆزگ، گەلی عەلی بەگ، داری سەکران، خۆشناوەتی، پشدەر، بیتوێن، دەشتی دزەیی، موکریان.
- سیاوچەمانە: هەموو ناوچەی هەورامان: هەورامانی سەخت، لهۆن، کە بریتییە لە ناوچەی پاوە و نەوسود، هەورامانی تەخت، کە بریتییە لە ناوچەی دزڵی و بەشێك لە ژاوەڕۆ و مەریوان و دەوروبەری گوندەکانی خۆرئاوای سنە.

- هۆرە: کرماشـان، ئیلام، لەکسـتان، زەهاو، ئیسـلام ئاباد، کرند، گێلانی غەرب، قەسـری شـیرین، بێسـتوون، هەرسین، سەحنە، دینەوەر، سونقوری کولیایی، ماهیدەشت، شارەزوور، ڕۆخەکانی ڕووباری سیروان لە نزیك کەلار و دەوروبەری و ناوچەکانی کەلهوڕنشینەکان.
- چەمەری: ناوچەکانی ئیلام و لوڕستان و کرماشان.
- بەیت: هەموو ناوچەکانی موکریان.)[1]

مۆسـیقا و گۆرانیی فۆلکلۆری کوردی، سـیمایەکی خۆرِسـکیانەی هەیە، میلۆدییە سـرووشـتییەکانی، ڕیتمی هاوئاهەنگ بە کار و بۆنە و جۆری گوزەرانی، ئەو کەشەی سازاندوە بەشێکی زۆری گۆرانییەکانی گوزارشت بن لە خەم و حەسـرەت و گریان و شـیوەن، ئاسـان پێکنەگەییشـتن یان بە هیچ جۆرێك پێکنەگەییشـتنی دوو دڵدار، دابڕان و دووریی لە ئازیران، زوڵم و چەوساندنەوەی چینایەتی، داگیرکاری و دەستدرێژی بۆ سەر ژیانی مرۆڤ، مردن و کۆچی کتوپڕ و... هتد، ئەمانە هەموو پانتاییەکی زۆریان لە ژیانی کۆمەڵی کورد پێك هێناوە، بۆیە لە ناو گۆرانییەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و شـیعری فۆلکلۆری کورد پڕیەتی لەو جۆرە چیرۆك و بەسـەرهاتانە. بێ گومان مۆسـیقا هەر ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیانی خەڵك دەبێت، (مۆسـیقا ئەرکی بە سـومبولکردن و خولقاندن و ڕەنگدانەوەی داهێنەرانەی ژیانی کۆمەڵگایە، ژیانی ڕاستەقینەی کۆمەڵ لە ناو ڕۆحی مۆسـیقادا دەبینرێتەوە و مۆسـیقا واتا کۆمەڵایەتییەکان لە کاتی گوزارشـتی خۆیدا دەخولقێنێتەوە و دەیانداتەوە.)[2] یان دەربڕینێکی ئاسـانتر و دروسـتتر ئەوەیە بۆ کۆمەڵی کوردەواری پێناسـی گۆرانی بکەین، دەتوانین بە شـێوەیەکی گشـتی بڵێین (گۆرانی پرۆسـەی دەرکردنی دەنگ و مۆسـیقایە، لێرەدا کۆدەکانی دەنگ و ڕیتم و ئاواز هاوئاهەنگ دەبن، سـێ ڕەگەزی گۆرانی: مۆسـیقا، دەنگ و وشـە بە جۆرێك لە جۆرەکان گوزارشت لەو دۆخەی مرۆڤ دەکەن، هەروەها دەکرێت گۆرانی بە بێ مۆسیقا بچڕِێت، هەر وەك چۆن دەکرێت تاك یاخود بە کۆ کە کۆرسی پێ دەگوترێت گۆرانی بگوترێت.)[3]

دواتر کە ژیانی شاریش پەرەی سەند و ژیانی شارستانییانەی مۆدێرن بە کۆمەڵی کوردیی گەییشت یان کۆمەڵی کوردەواری هەوڵی دا ژیانی شارستانییانە تاقی بکاتەوە، ژیانی لادێیش گۆرِانی بە سەردا هات، کۆچ بۆ شار و گۆرِانی پیشە و سەرقاڵییەکانی لە خەم و ئازارەکانی مرۆڤی کوردی کەم نەکردەوە، بگرە ژیانێك کە بە سادە و ساکار و پاکی دەزانی درز و ئاڵۆزیی تێ کەوت، نەریت و هەڵسـوکەوتێك کە بە بێخەوش و پەسـەندی دەزانی، بەرەو هەڵدێر و بەدگۆڕاوی سـەیر دەکرد، بۆیە دیسـان لە شـاریش ناوەرۆکی زۆربەی گۆرانییەکان بریتی بوون لە حەسـرەتی دابڕان و ئازار و خەمی بەیەکنەگەییشـتنەوە و دابڕان و لاواندنەوە و شـیوەن، بەشـێکی زۆری گۆرانیی کوردی، بێ گومان لەم سەردەمە و پێشتریش گۆرانیی شاد و هەڵپەڕکێ و ڕیتمی خێرا هەر هەبوو و بگرە زۆریش بوو، لە زۆربەی یان هەموو بۆنە خۆشـەکان و ئاهەنگەکاندا دەگوتران و بە کار دەهاتن، بەڵام ناوەرۆکی ئەم گۆرانییە شـادانە وێڕای ڕیتمی خێرا و وێڕای ئەوەی بۆ هەڵپەڕکێ ساز دەکران، کەچی هەر بریتی بوون لە خەم و دووریی یار و دابڕان و پێکنەگەییشتن و بۆ یەك نەبوون. ئەنفالیش جگە لەوەی لە ڕووی سیاسییەوە جینۆسایدی نەتەوەیەك بوو، بە شـێوازێکی مۆدێرن هەوڵی لەناوبردنی هەزاران کەس درا و هەڵکەندنی سـەدان هەزار کەس لە شـوێن و زێدی خۆی، دابڕانی زۆرەملێی ئەندامانی

١ - محەمەد حەمەباقی، مێژووی موزیکی کوردی، چاپی سێیەم، دەزگای موزیك و کەلەپووری کورد، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٢-٢٣.

٢- جان شفرد، موسيقي به مثابه متن اجتماعي مشخصات مترجم: دكتر جمال محمدي،ناشر: تهران، طرح آينده، سال ١٣٩٠، ص١٤٤.

٣- عبد الحميد مشعل، موسيقى الغناء العربي، منهج دراسة الصولفيج غنائي، مراحل تطور الموسيقى العربية، ديوان المطبوعات الجزائرية، ١٩٩٥، ص٢٣.

خێزان لە یەكتری، نەگەڕانەوەی ڕاگوێزراو و بێسەروشوێنكراوان، بەیەكجاری نەبینینەوەی ئازیزان و مەرگەساتی وێرانكردنی تەواوەتی ژیانی ئاسایی و هەموو دیمەنە خەمناك و تاڵ و ناخۆشانەی ئەم تراژیدیایە، تا ئاستێكی زۆر ئەو برینەی ئازاری دووری و دابڕان و شێوانی ژیان و مەرگی دۆست و ئازیزان و نەبینینەوەی شوێنی زێد و خۆشەویستانی لە جەستەی مرۆڤی كوردی كردبوو قووڵ و خەستتر كردەوە، بەردەوام وەك زامێكی خوێنلێڕۆیشتوو لە لاشە و گیانی خەڵكانی ناو تراژیدیادا بە جێ هێشت، بۆیە ئەنفال گۆرانیی كوردیی غەمگینتر كرد، ئەو نەغمە فرمێسكاوییەی بەسۆزتر كرد، شیوەن و لاواندنەوەی قووڵ و درێژتر كردەوە، ئاوازی گریاناویی بەجۆشتر كرد، خۆ ئەگەر ئەم چوار نموونە لە بەرهەمی گۆرانی كە بۆ تراژیدیای ئەنفال گوتراون، وەربگرین دەتوانین بەڕوونی تێبینییەكانی لە سەر تۆمار بكەین:

١- وەرزە ئاڵەكانی عەدەم، شیعری جەمال غەمبار، ئاواز و گوتنی عەدنان كەریم، ساڵی ٢٠٠٦.[٤]

٢- گۆڕستانی چراكان، شیعری شێركۆ بێكەس، ئاواز و دابەشكردنی سەلاح ڕەئووف، گوتنی كۆرس و چەند گۆرانیبێژێك، بەرهەمی تیپی مۆسیقای سلێمانی بە هاوكاریی پەیمانگای هونەرە جوانەكانی سلێمانی و تیپی هۆرەی میللیی سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٧.[٥]

٣- چرپەیەك لە ئەنفالەوە، شیعری فۆلكلۆر و چەند شاعیرێكی تر، ئاواز و گوتنی دیاری قەرەداغی، بەرهەمی وەزارەتی ڕۆشنبیریی حكوومەتی هەرێمی كوردستان، ساڵی ٢٠٠٧.[٦]

٤- لە ئێوارەی ئەنفالێكدا، شیعری محەممەد ئەحمەد، ئاواز و گوتنی محەممەد ڕەئووف كەركووكی، ساڵی ٢٠١٦.[٧]

هەروەها پێش سەرنجەكان بە پێویستی دەزانین یەكێك لە تێكستەكانی ئەم گۆرانییانە وەك نموونە وەربگرین، ئەویش گۆرانییەكەی عەدنان كەریمە لە شیعری جەمال غەمبار، كە لە دیوانەكەی شاعیردا لە ژێر ناوی (وەرزە ئاڵەكانی عەدەم) تۆمار كراوە، كە لە بنەڕەتدا قەسیدەیەكی درێژە و هونەرمەند ئاوازی بۆ بەشێكی داناوە و كردوویەتی بە گۆرانی، كە ئەو بەشە بریتییە لە:

هەر چی مینای دڵەكان بوو، هەڵیان وەراند
ئەو هەموو گۆزە جوانانەیان تێكشكاند،
ئەو هەموو كانی و ئاوەیان گوێزایەوە
ئەم بەهەشتەیان بە ئاوی خەتاكان بەخشی
ئەم هەموو نوێژەیان، لە دووعاكان بێبەری كرد

---

٤- سەردانی ڤیدیۆی ئەم گۆرانییە لە یووتووب:
https://www.youtube.com/watch?v=eh7NZA6-xOw

٥- سەردانی ڤیدیۆی ئەم گۆرانییە لە یووتووب:
https://www.youtube.com/watch?v=jOKzD334mRY

٦- سەردانی ڤیدیۆی ئەم گۆرانییە لە یووتووب:
https://www.youtube.com/watch?v=uQHNwRR9aDA

٧- سەردانی ڤیدیۆی ئەم گۆرانییە لە یووتووب:
https://www.youtube.com/watch?v=rrT2sYmU1z0



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ئەوان، ئاوێنەی حەوزێکی لیخنیشیان نەهێشتەوە
درەختە ڕیشسپییەکانی ئاوایی،
لە بەریا دەسنوێژ هەڵگرن..
ئەوان کە هاتن،
ڕەوەکوللەی پاش میحنەتەکانیی مێژوو بوون..
بای دۆزەخ، هەڵی گرتبوون..
هەر چییان کرد.. هەر چییان برد،
خۆیان و خوا و تراکتۆرەکان نەبێ،
کەس نەیزانی!

درەنگە خۆت کۆبکەرەوە،
بە دیار ئێوارەیەکەوە دامەنیشە،
ئەستێرەی تیادا هەڵنایە..
چاوەڕوانی هاتنەوەی منالێك مەکە،
دەستەکانی پڕن لە دووکەڵ..
چاوەڕوانی چیی ئەکەی،
ئیتر گۆزەکان، لە کانیی، نایەنەوە..

لەم گۆرانییانەوە کە بۆ تراژیدیای ئەنفال بەرهەم هاتوون دەتوانین چەند سەرنجێك بە کورتی بخەینە ڕوو:

١- چێژوەرگرتن: ئەم گۆرانییانە تەنها بۆ یادی تراژیدیای ئەنفال بەرهەم نەهاتوون و بۆ ئەوە نەگوتراون تا ئەم ڕووداوە لە هەست و ویژدانی مرۆڤدا زیندوو ڕابگرن، بەڵکوو ئەو پەیامەی کە دەیگەیەنن بارگاوین بە چێژ، ئەو خەم و شـیوەنەی بەرجەسـتەی دەکەن، ئاوێتەن بە هەسـتی چێژوەرگرتن، ئەوەی لێرەدا دەبینرێت تەنها و تەنها هونەرێکی ڕووت نییە و تەنها لە پێناو هونەرێکی داهێنەرانە نییە، واتە بە پێی ئەو دیدگا و قوتابخانەیە نییە کە هونەر بۆ هونەر و لە پێناو هونەردا دەبینێت، بەڵکوو پەیامێکی تریان لە پشـتەوەیە، پەیامێك کە لە خزمەت جوانکردنی هونەرەکەی خۆیانە، ڕەوایەتیبەخشـینە بە هونەرێك کە دەتوانێت، بۆ هەموو بۆنەیەك شـێتێك بڵێت و بکرێتە سـەرچاوەی لاواندنەوە و چێژبەخشـین، ئەگەرچی ڕاسـتە چێژ و خۆشـی لە مۆسـیقا و گۆرانی جیا ناکرێنەوە و دابڕینیان لە یەکتر ئەو هونەرە دەکاتە کایەیەکی مردوو و ناسـەرنجڕاکێش و کەس گوێی پێ نادات، بەڵام تواندنەوەی ئەم جۆرە پرسـانە لە ناو خەم و شـیوەنی چێژبەخش و ئاوازی حەزینی سـەرگەمکەر ڕاسـتەوخۆ یان بە شـێوەیەکی ناڕاسـتەخۆ و پەنهان دەبنە هۆی:

أ- کردنی خەم و ژان و تراژیدیا بە سـەرچاوەی چێژ، ئەو تاوانانەی ئەم تراژیدیایانەی بەرهەم هێناوە، یان ئەو دۆخەی ناخۆشـییەکانی هێشـتوەتەوە و کۆتایی پێ نەهێناون وەك پێویسـتییەك دەبینێت، تا سـەرچاوەی ئەو چێژەی ئەم جۆرە هونەرە بەرهەمی دەهێنێت وەك خۆی بمێنێتەوە و کوێر نەبێتەوە.

ب- چێژی زاڵ و لە ڕادەبەدەر لە گۆرانیدا سەردەكێشتەوە سەر زاڵبوونی هەست و سۆز بە سەر عەقڵ و لۆژیكدا، زاڵكردنی هەســـت و ناچالاككردنی عەقڵیش نەخوێندنەوەی ئازار و كارنەكردنی داهێنەرانە و بەرهەمهێنەرانەی بە تراژیدیا لێ دەكەوێتەوە.

ت- زاڵكردنی چێژ لە هونەردا و بە تایبەت لە مۆسیقا و گۆرانیدا و قەتیسكردنی لە هەست و سۆز و هەڵچوونی دەروونی و شیوەن و لاواندنەوەدا، هەم دەبێتە مەرگ بۆ ئەو هونەرە، تەمەنێكی كورت بەو جۆرە بەرهەمە هونەرییانە دەبەخشـێت، ئەویش بەوەی لە كاتی دووبارەبوونەوە و بەسـەرچوونی كات و كۆنبوونی شـێوازی بەرهەمهێنانی، ئەو چێژەی یەكەم جاری نابەخشـێت و بگرە تەنانەت هیچ جۆرە چێژێكی نامێنێت، هەم دەبێتە هۆی ئەوەی، ئەو خەم و ژانەی هونەرەكەی بۆ بەرهەمهێنراوە لە هەست و ویژدانی خەڵكدا سواو و بێ كاریگەر دەبێت، كاتێك ئەو هونەرە تەنها لە ڕێگەی چێژەوە دەیەوێت هەست و ویژدانی مرۆڤ بجووڵێنێت و كاریان تێ بكات.

لە لایەكی ترەوە مەرج نییە تراژیدیا هەر بە خەم و دڵتەنگی گوزارشـتی لێ بكرێت، یان ئەوەی خەم و دڵتەنگی بهێنن تراژیدیا بن، بەڵكوو خەم و دڵتەنگی هەستێكی ئاسایی و سادەی مرۆڤن و ڕووبەڕوویی هەموو تاكێك دەبنەوە و زۆر جار هۆكارێكی زەق و ئاشـكرایشـیان نییە و هەموو مرۆڤێك بە شـێوەی جۆراوجۆر تووشـی خەم و دڵتەنگی دەبێت، كە بێگومان هەندێ جار ســەرچاوەكەی ڕەنگە شــت و هۆكاری زۆر ســادە و ناگرنگ و بێ نرخیش بن، بەڵام تراژیدیا بریتییە لە ڕووداوی ناخۆش تا ئاستی مەرگەسات و كارەسات وماڵوێرانیی سروشتی و دەستكردی مرۆڤ، ئەوەی بە جێی دەهێڵێت ئازارێكی قووڵە لە جەســتەی ئەوانەی بەســەریاندا دێت یان دەكەونە ژێر كاریگەریی ئەو ڕووداوەوە، بۆیە گۆرانی و مۆسـیقا دەبێت تەعبیر لەم ئازارە بكەن نەك تەنها خەم بەرهەم بهێنن، چونكە خەم و دڵتەنگی تەنها پیشـووخواردنەوە و خۆخواردنەوە و سـەرگەرمی و مەسـتبوونە بە گریان و ماتەم و شـیوەن، بەڵام گوزارشــتكردن لە ئازار هەوڵێكە بۆ دەرچوون لێی، ئەوەی هەســت بە ئازار دەكات، ئەو هەســتە دەیخاتە جووڵە بۆ نەهێشــتن یان كەمكردنەوەی ســەرچاوە یان ســەرچاوەگەلی ئازار، بەڵام خەم و دڵتەنگی وا نیین، مرۆڤی غەمگین و دڵتەنگ، مرۆڤی بێ دەســەلاتە و تەنانەت چێژ لە غەمگینی و دڵتەنگیی خۆی وەردەگرێت. ئەو هونەرەی تەنها خەم بەرهەم دەهێنێت و دەیەوێت بە چیرۆكی دڵتەزێن ئەوانی تر دڵتەنگ بكات، تەنها خۆی نماییش دەكات و ئامانجی سـەرگەرمكردنی ئەوانی ترە، بەڵام ئەو هونەرەی گوزارشـت لە ئازار دەكات، جۆرێك لە هۆشـیاری دروسـت دەكات بۆ دەرچوون لەو ئازارە.

٢- هەڵوێستوەرگرتن: بیركردنەوە و جۆرە فشارێكی دەروونی هەیە لای هونەرمەندی هەموو كایەكان كە دەبێت هەمیشە لەگەڵ خەم و ژانی میللەتەكەی بێت، وەك چۆن ئەم هەستە لای بەشـێكی زۆر لە نووسـەر و بكەری كایەكانی تری ڕۆشــنبیری هەیە، كە هەر دەبێت بۆ هەموو بۆنەیەك بە تایبەت ئەو بۆنانەی دەربڕی كارەســاتی نەتەوەیی و ڕووداوی گەورەن لە مێژووی میللەتدا، دەبێت بە بەرهەمێك یان زیاتر، كە ڕەنگدانەوەی ئەو بابەتە بێت هەڵوێســتی خۆیان پیشــان بدەن، هونەرمەند لێرەدا دەیەوێت لەم بۆنەیەیشــدا بوونی هەبێت و دەنگی ببیســترێت، بۆیە ئەوەی هونەرمەند بۆی دەگەڕێت، ناســنامەیەكە بە هونەرەكەی خۆی كە لەگەڵ دەنگی زوڵملێكراوان و قوربانییانە، دەیەوێت بە بەرهەمی هونەری بڵێت لەگەڵ ئازاری خەڵك و گەلەكەیەتی، بەڵام لێرەدا فشـاری دەروونی بۆ هەڵوێسـتوەرگرتن و زۆرلەخۆكردنی هونەرمەند بۆ ئەوەی هەر دەبێت لە هەموو بۆنەیەكی نەتەوەییدا دەنگی ببیســترێن و لە ڕیزی پێشەوەی هەموو یادكردنەوە و ڕۆژە مێژووییەكان بێت، هەندێ جار كاریگەریی نێگەتیڤی بۆ سەر كوالێتیی بەرهەمی



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

هونەری دەبێت، ڕەنگە ئەم کاریگەرییە نێگەتیڤە بگاتە ئاستێك، هونەری ئاستنزم بەرهەم دەهێنێت، ئەو پەیامەی دەیەوێت بیگەیەنێت، ناگات یان بە شێواوی دەگات و ئامانجی خۆی بە باشی سەددەرسەد ناپێکێت.

٣- بەوێنەکردن: زۆربەی ئەو گۆرانییانە بە وێنە و لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی بینراوەوە دەخرێنە بەر چاو و گوێی بینەر و وەرگر، سیناریۆیان بۆ دادەڕێژرێت و شوێنەکانی کارەساتەکانیان تێدا نمایش دەکرێت، لەم کارە هونەرییانەدا کارەکتەرەکان ڕۆڵی قوربانییان و بەشدارانی ئەنفال بەرجەستە دەکەن و لەو فیلمانەی بۆ گۆرانییەکان ئامادە دەکرێن ئەم کارەکتەرانە ئەو جۆرە ڕۆڵانە دەگێڕن، کە بە زمانی پسپۆڕانی ئەو بوارە و زمانی گشتیی ئێستایش پێیان دەگوترێت کلیپ. ئەم کلیپانە چیرۆکی تراژیدیاکان دەگێڕنەوە، دەیانەوێت مەرگەساتەکان پیشان بدەن، لەگەڵ گۆرانییەکەدا پەیام بە شێوەیەکی زۆر کاریگەرانە بە وەرگر و بینەر بگەیەنن و سەرنجی ڕابکێشن و ویژدانی بجووڵێنن و یادی ئەو ڕووداوانە لە یادەوەریدا بەزیندوویی بهێڵنەوە، بەڵام ڕوویەکی نادیاری بەکلیپکردنی گۆرانی ئەوەیە، کە بیستن بە تەنها وەك تاکە سەرچاوەی هەست مرۆڤ دەخاتە ناو تێڕامان و بیرکردنەوەی زیاترەوە، بیستن پانتاییەکی زیاتری ئازادیی تێدایە بۆ هەڵسەنگاندن و چێژوەرگرتن لە گۆرانی و کاریگەریدانان لە سەر هەست و ویژدانی مرۆڤ، بەڵام کلیپ لە ڕێگەی تەماشاکردنەوە تەنها بۆ ماوەیەك دەتوانێت مرۆڤ کۆنترۆڵ بکات و لە سەر دیمەنەکانی بینەر ڕابگرێت. لەمەوە دەتوانین بڵێین بیستن کاریگەریدانان و شوێنبەجێهێشتنە لە سەر ویژدان و دونیابینی و بیرکردنەوەی مرۆڤ، کە دەکرێت ئەم کاریگەرییە بە جۆرێك بێت بە هۆیەوە مرۆڤ سەرلەنوێ ڕوانین و تێگەییشتن و خوێندنەوەی بۆ ژیان دابڕێژێتەوە، بەڵام بینین، کە لێرەدا بە هۆی کلیپی گۆرانییەکانەوە بە جۆرێك بەرجەستە دەبێت، لە بریی کاریگەری، کاری بریتییە لە داگیرکردنی مرۆڤ بۆ ماوەیەکی کاتی، گرتنی هەستی بینەر بە توندی لە کاتێکی دیاریکراودا، هەر کاتیش مرۆڤ لە بینین وەڕس بوو، ئیتر وردەوردە لەو داگیرکردنە ڕزگاری دەبێت و هەستی لە بینینی لەو جۆرە کار و کلیپانە دەپارێزێت.

نیشاندانی تراژیدیای ئەنفال لە کلیپی گۆرانیدا، بە شێوەیەکی تەندروست ویژدان ناهەژێنێت، هەروەها جۆرێك لە هۆشیاریی ڕاستەقینە بەرانبەر بەو واقیعەی ئەنفالی تێدا ڕووی یدا بەرهەم ناهێنێت، ڕاستە وێنە و ڤیدیۆ سەرچاوەیەکی گرینگن بۆ هەژاندن و خۆشی و ناخۆشی بە بینەر و تەنانەت تووڕەکردنی، بەڵام ئەم جۆرە هەژاندن و خۆشی و ناخۆشی و تووڕەبوونە بە هۆی وێنە و ڤیدیۆوە، ساتێکی هەڵچوونە و دادەمرکێتەوە، خێرا دەخرۆشێت و زوویش هێور دەبێتەوە، وێنە و ڤیدیۆ زوو کاریگەریی دروست دەکەن و زوویش کاریگەرییان نامێنێت، بۆیە ئەو کاردانەوانە هەرگیز هۆشیاری و ڕاچڵەکاندنی ویژدان و تووڕەبوون نیین لەو واقیعەی ئەو وێنە و ڤیدیۆیە تەعبیری لێ دەکەن و ئەو کاردانەوانە ناگەنە واقیعی بەرهەمهێنی ڕووداوەکان، بۆیە ئەوەی لە واقیعدا هەیە هەر بە شێوەی خۆی و وەك خۆی دەمێنێتەوە، کە لێرەدا بە تایبەت مەبەستمان لەو واقیعەیە کە ئەنفال تێیدا سەری هەڵدا و هاوکاتیش ئەو واقیعەیە کە هەنووکە قوربانییان لە ناویدا دەژین. وێنە و ڤیدیۆی دروستکراو کە لە واقیعەوە زۆر دوورن، هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئەوتۆ و کاریگەر بۆ سەر بەردەوامیی ئەو واقیعە دروست ناکەن، چونکە وێنە و ڤیدیۆی واقیعی و دیکۆمێنتی زیاتر دەتوانن ئەو پەیامانە بگەیەنن، کە دیارە وێنە و ڤیدیۆی واقیعی ئەنفال یان هەر نییە یان بە هەر هۆیەك بێت بە ئەندازەیەك کەم و ناتەواوە، توانای ئەو ڕاچەنینی ویژدانی مرۆیی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و...هتد،ی نییە، ڕاستە ئەگەر ئەنفال لە ساتی ڕووداندا بە وێنە بکرایە و بە ڤیدیۆ تۆمار بکرایە و ئەمڕۆ کەرەستەی گرینگیی ڕاگەیاندنەکان بووایە، ئەو تراژیدیایە و چیرۆکە ترسناك و تۆقێنەر و خەمناکەکانی بە شێوەیەکی بێ دەنگ تێ نەدەپەڕی و کاریگەریی ویژدانیی زیاتر و بەهێزتری دروست دەکرد، بەڵام وێنە و ڤیدیۆی دروستکراو

مەگەر لە ئاســتێکی هونەریی بەرز و بە توانایەکی تەکنیکیی بەهێز و دیدێکی هونەریی قووڵ ئینجا برێك کاریگەریی بە شــێوەیەکی کاتی دروســت بکات، چونکە ئەو کاریگەرییە تەنها ئیســتاتیکی و عاتیفی دەبێت، کاریگەرییەکەیش پەرچەکردارێکی واقیعی دژی بەرهەمهێنەرانی تاوان و زەمینەی کارەســاتەکان دروســت ناکات، چونکە لەمرۆی سەردەمی دیجیتاڵ و وێنە و ڕاگەیاندندا، وێنە و ڤیدیۆی واقیعی دەتوانێت کاریگەریی ویژدانی و ئەخلاقی و سیاسی و ئەدەبی... هتد دروست بکات، بەڵام وێنە و ڤیدیۆی دروستکراو کە نەیتوانی ئەم کاریگەرییە دروست بکات، دەشێت کاریگەریی خراپ بە جێ بهێڵێت و بە ئاراســتەی پێچەوانە کار بکات، بۆیە پێویســتە وێنە و ڤیدیۆی هونەریی لە ئاستێکی تەکنیکیی بەرزدا بێت، کە بتوانێت واقیعی ئەنفال بگوێزێتەوە و ڕووداوەکە لە پێگەیەکی هونەریی قووڵ و بەرزدا بەرجەســتە بکات، تا بتوانێت لە پاڵ چێژی هونەری، هەڵوێســت و کاریگەریی مۆراڵی دروســت بکات، ویژدان ڕابچەڵەکێنێ و هۆشیاریی نوێ بە ڕووی ئەوەی ڕووی داوە بکاتەوە.

لە لایەکی ترەوە بەڤیدیۆکردن و کلیپکردن بۆ گۆرانی و بە کەرەســتەکردنی چیرۆکەکانی ئەنفال بۆ ئەم کارە ڕەنگە لەوێوە بێت، کە ئەو وشە و ڕستانەی لە ڕێگەی دەنگەوە بە وەرگر دەگەن نەتوانن سنوری وشە و ڕستە تێ بپەڕێنن و لە خەیاڵ و زەینی ئەو وەرگرانەدا خۆیان وێنە و ڤیدیۆکان بە واقیعی یان نزیك لە واقیع بەرجەســتە بکەن، بۆیە هونەرمەندان پەنا بۆ ئەو جۆرە ســیناریۆ و وێنە و ڤیدیۆ دروســتکراوانە دەبەن، چونکە وشــە و ڕســتە خۆی پەیامی خۆی هەیە، کاری گۆرانیبێژ ئەوەیە لە ڕێی ئەداکردن و کاریگەریی ئاواز و مۆســیقاوە ســنووری پەیامی ئەو وشــە و ڕســتانە لە دۆخی ئاســاییدا ببڕێت و لە هەســت و خەیاڵی وەرگردا ئەو پەیامانە بە وێنە و دۆخێکی نزیك لە واقیع بەرجەســتە بکات، جا کە گۆرانی نەیتوانی ئەمە بکات، دێت بە دارشــتنی ســیناریۆ و بەکلیپکردنەوە دەیەوێت ئەمە بگەیەنێت و پەنا بۆ ئەم ڕێگەیە دەبات، کە بێگومان ئەمەیش هەرگیز بەو جیهانە ناگات کە وشە و ڕستەی ناو گۆرانی دەکرێت بە ئەداکردنی گۆرانیبێژ و کاریگەریی ئاواز و مۆسیقاوە دروستی بکات، چونکە وێنە و جیهانی جووڵەی ئەو وشە و ڕستەیەی گۆرانی لە خەیاڵ و زەینی وەرگردا دروستی دەکات، دەکرێت قووڵ و بێ کۆتایی بێت، بەڵام ئەوەی ســیناریۆی ڤیدیۆکلیپێك دەیگەیەنێت، بەزۆری لە ئاســتی ڕووکار و ڕووکەش پەیام دەهێڵێتەوە و هەر خۆی خاڵی کۆتایی بۆ ئەو چیرۆکە دادەنێت کە پێشکەشی دەکات.

٤- یەکێ لەو ڕەخنانەی دەکرێت لەو تێکستانە بگیررێت کە بۆ ئەنفال بەرهەم هاتوون و کراون بە گۆرانی ئەوەیە، ئەو لایەنە ئەدەبییەی بە تێکســتەکانەوە دیارن نەبوونەتە هۆی تێپەڕاندنی ســنووری بیرکردنەوەی باو لە تراژیدیای ئەنفال، ئەوەی لە تێگەییشتنی خەڵکی ئاساییدا بە خەم و شیوەن و ناخۆشی دادەنرێت، لەو تێکستانەیشدا بە هەندێ ئارایشتی ئەدەبییانەوە هەمان دیدگا بەرهەم هاتوونەتەوە، واتە ئەوەی لەو گۆرانییانەدا بە دی دەکرێت هەر چەقین و گیرخواردنە لە ناو ئەو تێگەییشــتنە باوەی بۆ ڕووداوی ئەنفال هەیە، ڕاســتە پێویســتە گۆرانی گوزارشــت لە ئازار و کۆژان و مەینەتییەکانی مرۆڤ بکات، بەڵام نەك بە هەمان تێگەییشــتنی باو و ئاســایی عەوامییانە بۆ ئازار و کۆژان و مەینەتیی مرۆڤ، بەڵکوو پێویستە ئەو بابەتە بە شێوەیەك بەرهەم بهێنرێتەوە، کە لە ناو خۆیدا بەرەنگاری و دژایەتی ئەو سیستم و زەمینەیە بکەن کە بوونەتە هۆی ئەو ئازار و مەینەتییانە بۆ مرۆڤ.

تراژیدیا خۆی سادە نییە، تاوەکوو تەنها بە زمانی سادە تەعبیری لێ بکرێت، تراژیدیا خوڵقاندنی جیهانێکی تاریکە بۆ مرۆڤ و بوون و گەردوون، بۆیە پێویســتی بە جیهانبینیی نوێیە بۆ خوێندنەوە و تێگەییشــتن لێی، نەك هەر بە گەرمکردنەوەی ئەو چیرۆکانەی هەموان بیســتوویانە و دەیزانن، کوشــتنی مرۆڤ لە ئەنفال و لە هەر ڕووداوێکی تردا

ئاســـان نییە، تا بەردەوام وا بیر بكەینەوە كە دەبێت بە زمانێكی ســـادە و هونەرێكی ســـادە گوزاشـــتی لێ بكەین، ڕووداوەكانی ئەنفال بە ئاسانی ڕوویان نەداوە، تا بە هونەرێكی ئاسان بگێڕرێنەوە و باس بكرێنەوە.

بچوككردنەوەی زمانی هونەر بۆ ئەو زمانەی ڕۆژانە بە كار دەهێنرێت و سـیاسـییانە دەخرێتە گەڕ و بە شـێوەیەكی سادە و ساكار ڕووداوی ئەنفال دەگێڕێتەوە، ئەوەیش بە بیانووی ئەوەی گوایە سادەییی ئەو خەڵكانەی ڕووداوەكانیان گێڕاوەتەوە و ســاكاریی چیرۆكەكانیان و ســادەییی ژیان و گوزەران و بەســـەرهات و ئەو دۆخە تاڵەی بینویانە، وا دەكات بیركردنەوە لە تراژیدیاكە هەر سادە بێت و هونەریش هەر بە زمانێكی سادە گوزارشتی لێ بكات، بووەتە هۆی ئەوەی سادە و قووڵ تێنەگەییشتن و مامەڵە و هەڵوێستی باو لەگەڵ دیاردە و ڕووداوەكان ببێتە جۆرێك لە كەلتوور و ئەم كەلتوورەیش لە بیركردنەوە و هۆشیاریی خەڵكدا خۆی بسەپێنێت. زاڵكردنی زمانی سادە لە هونەر و هەر بوارێكی تردا بۆ گوزارشـتكردن لە تراژیدیا و ڕووداوی تریش، خۆی لە خۆیدا تەنها ئیفلیجكردنی زمانە ئەویش بەوەی نەهێڵێت لە ئاسـتێكی بەرز و قووڵدا كار بكات و گەوهەری داهێنانی خۆی بەرجەسـتە بكات. لەقاڵبدانی زمانی هونەر بەوەی كە هەر دەبێت زمانێكی ســـادە بێت بە ناوی ئەوەی كە دەبێت بۆ زۆرینە و تەنانەت بۆ هەموو خەڵك بێت، لە ڕاســـتیدا خنكاندنی ئەركە ڕاسـتەقینەكەی زمانی هونەرە، كە بەشـێكی گوزارشـتكردنە لە پانتاییی بەرفراوانی نەسـت و بەشـە چەپێنراوەكـەی مرۆڤ، گوێنـەدان و خۆگێلكردنـە لـەو حـەقیقـەتـەی كـە گۆڕینی دۆخی تراژیـدیـا و هێوركردنـەوەی مەرگەســـاتەكان و ئاســـاییكردنەوەی دۆخی ژیانی قوربانییانی زیندوو، لە گۆڕینی هۆشـــیاریی مرۆڤەوە ســـەرچاوە دەگرێت، نەك تەنها كاركردن لە ســـەر هەســـت و ئیحســـاســـی مرۆڤ و بزواندنی هەسـتی بەزەیی و شـیوەن و گریان، گۆڕینی هۆشـــیاریی مرۆڤیش بەشـــێكی لە گۆڕینی زمان و بیركردنەوەوە دێت كە لە ڕێگەی هونەرەوە بۆی ئاراســـتە دەكرێت، نەك تەنها هەمان زمان و بیركردنەوەی لە ڕێگەی كاری هونەرییەوە بە كەمێك ئاراییشـت و جوانكارییەوە پێ بدرێتەوە.

٥- یەك ئاراسـتەیی: ئەوەی لەو گۆرانی و مۆسـیقایانەی بۆ ئەنفال بەرهەم هاتوون، تێبینیی دەكرێت ئەوەیە كە هەموویان بە یەك ئاراســـتەی غەمگینكردن كار دەكەن، هەموویان دەیانەوێت پەیامێكی خەماوی بگەیەنن. ڕاســـتە ئەنفال تراژیدیایەك بوو، ســـەرتاپای ڕووداوی دڵتەزێن و ناخۆش و ئازاربەخش بوو، هەموو بریتی بوو لە زوڵم و تاوان و كوشتن و ئەشكەنجەدان لە ئاستێكی بەرز و دڵڕەقانەدا، چیرۆكەكانی تێكڕا غەمگین و مەرگەسات و جەرگبڕن، بەڵام گەر هونەرێك بێت تەواوی ڕەهەندەكانی ئەم ڕووداوانە لە یەك ئاراســـتە و فۆڕمێكی خەمناكدا كورت بكاتەوە و تەنها بیكاتـە هـەوێنی ئـاوازی غـەمگین و گـۆرانیی پڕ شـــیوەن و گریـان، ئـەوە دەبێتـە هۆی بچوككردنـەوەی ڕووداوەكـە و تیشـكخسـتنەسـەر تەنها یەك دیوی ئەو تراژیدیا گەورەیە و بەجێهێشـتنی ڕووبەرێكی زۆری ڕووداو و كاریگەرییەكانی لە تاریكیدا، كە بێ گومان ڕووداوی ئەنفال و هەر ڕووداوێكی تر تەنها یەك ڕەهەندی نییە و لە یەك ئاراســـتەدا كورت ناكرێتەوە، هەڵەیە وەها ســـەیری ئەو ڕووداوە بكرێت و لە ڕێگەی هونەرەوە وەها لە بینەر و وەرگر تێ بگەیەنرێت، كە ئەو ڕووداوە تەنها شـیوەن و خەمناكیی بۆ بە جێ هێشـتووین و تەنها دڵتەنگی و پەژارەی كردوە بە چارەنووسـمان و كاری هونەر ئەوەیە یان پێویســـتە هەر ئەوە بێت، بەردەوام ئەم دڵتەنگی و حوزن و ماتەمە لە ئاسـت ئەنفالدا بەرهەم بهێنێتەوە و بیری وەرگر و بینەری بخاتەوە و یادكردنەوە و هێنانەوەئارای هەر بریتی بێت لە شـــیوەن وناڵە و گریان، بێ گومان ئەم كورتكردنەوەیەی ڕووداوی تراژیدیای ئەنفال بۆ یەك ئاراســـتە لە هونەردا، جگە لە كورتبینیی دیدی هونەری و هەوڵ نەدان بۆ سـەرلەنوێ داڕشـتنەوەی دیدگای هونەری و خۆپێناسـەكردنەوە لە هەمبەر تراژیدیای ئەنفال و خۆدزینـەوەی لـە هـەڵگرتنی بـەرپرســـیـارێتیی ئـەخلاقی و ئـەدەبی و مرۆیی لـە ئـاســـتیـدا و پڕكردنـەوەی ئـەو

بەرپرسـیارێتییە بە جۆرێکی تر و بە شـتی تر، لە هەمان کاتدا ئەو جۆرە هونەرە زوو دەیەوێت و بێ وچان تێ دەکۆشـێت تا کار لە بینەر و وەرگر بکات و لە رِێی کاریگەری و هەژاندنی لایەنی سـۆز و دەروونییەوە بەوەی بیانخاتە ژێر باری جوولآندنی هەسـتی بەزەیی و خەم و شـیوەن و خێرا بینەر و وەرگرێکی زۆر بۆ خۆی پەیدا بکات. لەم رِوانگەیەیشـەوە کە ئەم جۆرە هونەرە کاری لە سـەر دەکات و بەو دیدگایە کە ئەنفال وەك تراژیدیایەك تەنها بەو ئاراسـتەیەدا دەبات و دەیکاتە کەرەسـتەی بەرهەمهێنانی خەم و ماتەم و جوولآندنی سـۆزی بینەر و وەرگر، بۆیە دوا جار ئەم جۆرە ئیشـکردنە و ئەم دیدگایە لە هونەر بۆ تراژیدیا و بۆ رِووداوی ئەنفال، بەو پێیەی زۆرترین هەوڵ و زۆرترین پێشـبرِکێی بۆ ئەوەیە خەم و دڵتەنگی بەرهەم بهێنێت و زۆرترین وەرگر و بینەر خەمناك بکات و لە ئاسـتێکی زۆر و بەرزیشـدا ئەم خەم و ماتەم و شـیوەنە بهەژێنێت، بۆیە ئەم دیدە هونەرییە رِووداوی تراژیدیای ئەنفال لە چۆنێتیی رِوودانەوە بۆ چەندێتیی رِوودان دەگۆرِێت، لەوەی کە چۆن ئەو زوڵمە دروسـت بووە بەشـێنەیی دەپەرِێتەوە بۆ ئەوەی کە چەند زوڵم دروسـت بووە، بۆی گرینگ نییە چۆن ئازار بەرهەم هاتوە، بەڵکوو بە لایەوە تەنها گرنگ ئەوەیە چەند ئازار بەرهەم هاتوە، ئەم جۆرە هونەرە رِووناکی ناخاتە سەر ئەوەی چۆن مرۆڤ ئەشکەنجە دراوە و کوژراوە و چیرۆکەکانی تاوان و دەستدرێژیکردن چۆن بوون، بەڵکوو تەها یاخود بەزۆری تیشك دەخاتە سەر ئەوەی چەند مرۆڤ ئەشکەنجە دراوە و کوژراوە، چەند گوند و شار رِووخاوە، چەند کەس دیار نەماوە و نەگەرِاوەتەوە. دیدی یەك ئاراستەیی هونەر و بە تایبەت گۆرانی و مۆسیقا بۆ ئەنفال، دیدێکی هەڵە و ناتەواوە و قەبارەی تراژیدیا بچوك و رِەهەندە جیاجیاکانی کاڵ دەکاتەوە و تەنها لە سەر سۆزی وەرگر و بینەر کار دەکات و دەیەوێت بە هۆی تراژیدیاکەوە زۆرترین بینەر بۆ خۆی کۆ بکاتەوە.

٦- زۆربە یاخوود هەموو ئەو کارانەی بۆ ئەنفال کراون گۆرانی بوون نەك مۆسیقای رِووت، واتە هەموویان پارچە تێکسـتێکیان لە چوارچێوەی هۆنراوەیەکدا لەگەڵدایە کە گۆرانیبێژێك یان زیاتر ئەدای کردوون و بە گۆرانی ئەو شیعرانەیان چرِیوە، واتە کاری مۆسیقای بێ تێکست و گۆرانیبێژ وەك ئۆرکێسترایەك یان سەمفۆنیایەك یان هەر جۆرە پارچە مۆسـیقایەکی تر بۆ رِووداوی ئەنفال نییە یان زۆر کەمە، ئەوەی هەیە هەمووی گۆرانییە، گۆرانیبێژ لە رِێی تێکسـتێکی ئەدەبییەوە بەئەداکردنی خۆی و بە هاوکاریی مۆسـیقا گوزارشـتی لە ئەنفال کردوە، ئەوەی گرنگە پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: بۆچی پارچە مۆسیقایەکی بێ تێکست و بێ گۆرانیبێژ خۆی بە تەنها ناتوانێت گوزارشت لە ئەنفال بکات؟ بێ گومان مۆسـیقا لە ناوەندێکی هونەریی تەندروسـتدا دەتوانێت ئەم کارە بکات، بەڵام لێرەدا مەبەسـتمان ئەوەیە لە مۆسـیقای کوردیدا ئەمە کارێکی دەگمەنە و دەتوانین بڵێین نەکراوە، لە ناوەندێکی هونەرییدا بۆچی زەحمەتترە بە مۆسیقا، بێ پەنابردن بۆ تێکست و گۆرانیبێژ باس لە ئەنفال بکرێت؟

تێکسـتی گۆرانی لە رِێگەی دەنگی گۆرانیبێژەوە ئاراسـتەی هەموو گوێگرێك دەکرێت، وشـە و رِسـتەی ناو ئەو تێکستانە دەکرێت بۆ هەموو گوێگرێك رِوون بێت، لە سەر ئەم بنەمایە ئەو تێکستەی گۆرانیبێژ لە گۆرانیدا بە گوێگری دەدات، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بیرکردنەوە و ئاستی ئەو وەرگرەی گۆرانییەکەی ئاراستە دەکات، سەرەنجام ئەو کارە هونەرییە دەکەوێتە ژێر جەبری چەند دۆخێکی وەك لایەنی کۆمەلآیەتی و ئایینی و ئابووری و جیوگرافی... هتد، سـەرەنجام بەوە تەواو دەبێت کە ئەو کارە هونەرییە یان ئەو گۆرانییە هەر دەبێت یان ناچارە لەگەڵ ئەو وەرگر و کۆمەڵدا خۆی بگونجێنێت، بەڵام مۆسیقای رِووت (ئۆرکێسترا یان سەمفۆنیا یان هەر جۆرە پارچە مۆسیقایەکی تر) بەو ئاسـانییە تەسـلیم بە ئیرادەی وەرگر نابێت و دەتوانێت نەچێتە ژێر رِکێفی ئەو بەها کۆمەلآیەتی و ئایینی و

ئابووری و... هتد یانەوە، مۆسـیقا تەعبیرە لە بوونی ڕاسـتەقینەی خۆی، بەڵام تێکسـتی گۆرانی ئەو بەهایانە بە وەرگر دەداتەوە کە پێشـتر وەرگر خۆی باوەڕی پێیان هەبووە، بەڵام بە شـێوەیەکی هونەری و بە ئاواز و مۆسـیقا و ئەدایەکی تایبـەتەوە وەری دەگرێتـەوە و ویژدانی دەلاوێنێتـەوە و ئازارەکانی ڕادەژەنێتـەوە، لە گۆرانیـدا پـەیوەسـتی هەیـە و گۆرانیبێژ ڕەچاوی کۆمەڵێك دۆخ کە لای وەرگرانی هەیە دەکات، بەڵام لە مۆسـیقای ڕووتدا سـەمفۆنیایان ئۆرکێسـترا یـان هەر جۆرە پـارچە مۆســیقایەکی تر ئازادییـەکی بەرفراوانتر هەیـە، دەنگی مۆســیقای بێ گۆرانی تـەعبیرە لە هونەرێکی ســەربەخۆ و بوونێکی حـەقیقی، کە نایـەوێت بوونی بکـەوێتـە ژێر کاریگـەریی وەرگر و دروســتکراوی ئایدیایەکی پێشـینە و باو بێت. هەڵەیە وا بزانرێت مۆسـیقای بێ تێکسـت و بێ گۆرانیبێژ پەیامێکی تێدا نییە، بەڵکوو ڕاستە ئەو پەیامە وەك گۆرانی بۆ هەموان نییە، بگرە بە دڵنیایی پەیامێکە بۆ ئەو وەرگرانەی بیر دەکەنەوە و دیسان لە ڕێگەی ئەو مۆسـیقایەوە دۆخی دینامکییەتی بیرکردنەوە زیاتر هەڵدەسـووڕێنن و پرسـیاری ئەنتۆلۆژی دەورووژێنن و ئەوەی حەقیقەتە جارێکی تر دەیخەنە بەر گومان و پرسیار.

تێکســتی گۆرانی بۆ گۆرانیبێژ و بۆ کارە هونەرییەکە، هۆکارێکە بۆ پێوەندیکردن بە وەرگرێکی زۆر و گەیاندنی پەیام و مەبەستی ئاشکرا، ئەم پەیامە هەوڵی بەکۆمەڵایەتیکردنی خۆی دەدات و بە کۆمەڵایەتی دەکرێت، هەر بۆیە تا ڕادەیەك زوو پێشــوازیی لێ دەکرێت و خەڵکێکی زۆر لە خۆی کۆ دەکاتەوە، کۆکردنەوەی ئارەزوومەند و ڕاکێشــانی خەڵك تایبەتمەندییەکی دیاری ئەو کەلتوورانەیە کە بەزۆری حەز لە شـێوە ژیانی گروپ و کۆمەڵ دەکەن و دەیانەوێت زۆر بە زوویی ئەوانی تر بخەنە ژێر کاریگەریی خۆیانەوە، یاخود خۆیان بەزوویی دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەوانی ترەوە، تاك لەو جۆرە کەلتوورانەدا زۆر بەخێرایی یان هەر لەســەرەتاوە دەســتبەرداری بەشــێکی زۆر لە ئازادیی تاکەکەســیی خۆیان دەبن. گۆرانیبێژ لە ڕێگەی تێکســتی گۆرانییەکەیەوە خۆی بۆ گوێگر و وەرگر ئاشــکرا دەکات، نماییشــی دیدگای بۆ کۆمەڵەکەی دەکات کە دەیسـەلمێنێت لە حەز و ویسـت و باوەڕی ئەوانەوە سـەرچاوەی گرتوە و دەیشـیەوێت زۆرترین ئارەزوومەند و هەواداری هەبێت و خەڵکێکی زۆر پەسـەندی بکەن، بۆیە لەو کۆمەڵەدا شـوێن و جێگەی خۆی دەکاتەوە و دەتوێتەوە، بەڵام مۆسیقای ڕووت خۆجیاکردنەوەیە لەو پەیامە ڕاستەوخۆیە، خۆنەگونجانە لەو باوەڕانەی لە گروپ و کۆمەڵدا پەسـەندن، بە مەبەسـتی ئەوەی مۆسـیقا خۆی بدوێت و پەیامی خۆی هەبێت، بۆیە کارێکی کەم بە شـێوەی مۆسیقای ڕووتی بێ گۆرانی بۆ ئەنفال کراوە، یاخوود بە گشـتی ژمارەی مۆسـیقای بێ گۆرانی بەرانبەر گۆرانی هێندە ناهاوسەنگە بۆ بەراوردکردن ناشێت، جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بۆ یەکێك لەو کارە هونەرییانە بکەین، ڕۆژی ٢٠١٧/٤/١٤ لە یادی تراژیدیای ئەنفالدا، ئۆرکێسـترای نیشـتیمانیی عێراقی لە شـاری سلێمانی، ئۆرکێسـترای (ڕامانێك بۆ ئەنفال)ی پێشکەش کرد.[٨]

٨- بە پێی هەواڵێك لەم لینكەی خوارەوەی سایتی (خاك)دا بڵاو كراوەتەوە،بەشی هونەرەكانی موزیك لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی، بانگهێشتی ئۆركێسترای نیشتیمانیی عێراقی كردووە بۆ مەراسیمی یادی ئەنفال كە ڕۆژی هەینی ٤/١٤ سەعات ٤:٣٠ی ئێوارە لە هۆڵی تەلاری هونەری سلێمانی بەڕێوە چووە. بۆ دڵنیایی لەم زانیارییانە، بڕوانە ئەم لینكەی سایتی ناوبراو:
http://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=9159&type=farhang



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**بەشی دووەم**

**شـــانــــۆ**

هونەری شـــانۆ لە ناو کورددا مێژوویەکی زۆر درێژی نییە، زۆربەی ســـەرچاوەکان کە هەر چەند بە ژمارەیش زۆر کەمن و تەنها چەند دانەیەکن، بەڵام هەموویان بە گشـتی مێژووی هونەری شـانۆ لە ناو کورددا بە تایبەت لە هەرێمی کوردســتانی عێراق، بۆ نزیکەی ســەدەیەك لەمەو پێش دەگێڕنەوە، یەکێك لەو ســەرچاوانە دەربارەی ئەم مێژووە دەنووسێت (ئێمە دان بەوەدا دەنێین کە لە بیستەوە "مەبەستی سالآنی بیستی سەدەی بیستە" بگرە لەوەو پێشیش بزوتنەوەیەکی هونەری و ســاکار و ســەرپێیی لە قوتابخانەکان و مزگەوتەکاندا دەســتی پێ کردبوو، لە ئاهەنگەکاندا بینراوی تەمسیلیی بچووك و ساکار پیشانی خەڵکی دەدران.) هەروەها دەیشنووسێت: (وەك دەیشگێڕنەوە لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەدا کەسانی قۆشمەچی وەك: فەرەج کوردی و جافری لەقلەق زادە و ئەحەی ناسر و ئەحەی کرنوو... هتد، چەندین دیمەنی شانۆیی و تەمسیلییان لە شاری سلێمانیدا پێشکەش کردوە و بوونەتە جێگەی سەرنج و دڵخۆشکردنی مەجلیس و خەڵکی بەگشتی.)[٩]

بێگومان شـانۆگەری کارێکی بە کۆمەڵە و لە ئەنجامدانیان کۆمەڵێك کەس بە هەرەوەزی هەر یەك بە ڕۆڵ و ئەرکی خۆی بەشـداریی تێدا دەکات، هاوکات پێویسـتیشـی بە شـوێنی تایبەتمەندە و لە هەموویشـی گرنگتر، بۆ گەیاندنی پەیامەکەی ڕاســتەوخۆ پێویســتیی بە ئامادەبوونی بینەرە، ئەم ڕەگەزانەیش هەر یەك ئەوی تر تەواو دەکات و بێ یەکتریش نابن. لەم بارەیەوە ســەرچاوەیەکی هونەری دەنووســێت: (شـــانۆگەری جۆرێکە لە جۆرەکانی هونەر کە ڕاســتەوخۆ لە لایەن چەند کارەکتەرێکەوە لە بەرانبەر بینەردا نمایش دەکرێت، یاخود جۆرێکە لە جۆرەکانی هونەر تێیدا کارەکتەرەکان دەقێکی نووسراو لە ڕێگەی جووڵە و دەنگەوە لە سەر ستەیجێکی ئامادەکراو بە بینەر دەگەیەنن، لێرەیشـــدا بابەتێك یاخود بیرۆکەیەك، لە چوارچێوەی چیرۆکی شـــانۆییەکە لە ڕێگەی گفتوگۆی نێوان چەند کەسایەتییەکی جیاوازەوە دەخرێتە پێش چاوی بینەران، یاخود هونەرێکی درامیی نووسراو بە شیعر یاخود پەخشانە و بە ڕیتمی گفتوگۆیی لە سەر ستەیج پێشکەشی خوێنەر یاخود بینەر دەکرێت.)[١٠]

لەم پێناسـەیەیشـەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە کاری شـانۆیی کارێکە بەکۆمەڵە، کاری بەکۆمەڵیش پێویستی بە پێکهێنان و دامەزراندنی گروپ و کۆمەڵە هەیە لە چەشـــنی ئەو قەوارانەی پێیان دەگوترێت (تیپ). هەروەها ئەو ڕەگەزە پێکهێنەرانەی کە بۆ دامەزراندنی شـانۆ پێویسـتن زیاتر لە شـارەکاندا بەر دەسـتن، واتە چ لە مێژووی شـانۆی کورد و تەنانەت مێژووی شانۆی گەلانی تریش، شار شـوێنی سـەرهەڵدانی شـانۆ بووە و گروپ و تیپە شـانۆییەکان لە شارەکاندا دامەزراون، بێگومان لە مێژووی شانۆی کوردی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا شارەکانی هەولێر و سلێمانی چەقی چالاکی و نمایشـەکان بوون. زۆربەی شـانۆکاران و مێژوونووسـانی شـانۆی کوردی تیپی (نواندن و مۆسـیقای سلێمانی) بە یەکەم تیپی شانۆیی دادەنێن لە کوردستاندا، لەو بارەیەوە هەر ئەو سەرچاوە مێژووییەی شانۆی کوردی نووســیویەتی: (ڕۆژی ١٩٦٩/٢/٤ تیپی نواندن و مۆســیقای ســلێمانی لە دایك بوو، دوای ماوەیەك "تیپی مۆســیقای

٩- لەم بارەیەوە بڕوانە: حەسەن تەنیا، شانۆ و شانۆی کوردەواری، چاپی یەکەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن - دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغداد، ١٩٨٤، ل٤٥-٧٢.

١٠- عزالدين إسماعيل، الأدب وفنونه-دراسه ونقد، جزء ٣، دار الفكر العربي، القاهره، المصر، ٢٠١٣، ص ١٣٨.

هەروەها بڕوانە: عمر الدسوقي، المسرحيه نشأتها وتاريخها وأصولها، الطبعه الاولى، دار الفكر العربي، بيروت، ١٩٧٠.

سـلێمانی" جیا بووەوە سـەربەخۆ دەسـتی بە كاركردن كرد.)[11] واتە یەكەم پێكهاتە و چوارچێوەی هونەری لە شـێوەی تیپدا بۆ پێشـكەكردنی شـانۆی كوردی (تیپی نواندنی سـلێمانی) بوو، بە هۆی گەشـەسـەندنی هونەری شـانۆ لە شـاری سلێمانیدا، هونەرمەندان و شانۆكاران و مامۆستایانی هونەری لەم شارەدا هەوڵیان دا تیپی نواندنی شانۆیی و كۆمەڵە و دەسـتەی هونەری جیاجیا دابمەزرێنن (لە ٤/ ٢/ ١٩٦٩ لە لایەن مەصـڵەحەتی گشـتیی سـینەما و شـانۆوە بە بڕیاری وەزاری ژمارە "١١٤٤١" لە ١٩٦٩/٦/٢١ مۆڵەتی فەرمی درا بە دامەزراندنی (تیپی نواندن و مۆسیقای سلێمانی) و دواتر لە ١٩٦٩/١٢/٣١ كۆمەڵەی هونەر و وێژەی كوردی و پاشـان تیپی پێشـڕەوی شـانۆی كوردی دامەزرا.)[12]. دەربارەی كۆمەڵەی هونەر و وێژەی كوردی (لە كۆبوونەوەی ١٩٨٠/٨/٢ی كۆمەڵەكەدا بە كۆی دەنگ ناوەكەی گۆڕا بە (كۆمەڵەی هونەرە جوانەكانی كورد- مەڵبەندی گشـتیی سـلێمانی.)[13] سـەرچاوەیەكیش سـەبارەت بە تیپی پێشـڕەو نووسـیویەتی: (تیپی پێشـڕەوی شـانۆی كوردی ڕۆژی ٢١/ ٨/ ١٩٧٣ چاوی هەڵهێنا، لە سـەرەتای ئیشـكردنیەوە ویسـتی لە پلەیەكی ئاكادیمی هونەریی بەرزدا ئیش بكات، توانیی لە كارەكانیدا سـەركەوتوو بێت.)[14] ئەوەی تێبینیی دەكرێت كە ئەندامانی ئەم تیپ و كۆمەڵە هونەرییانە زۆربەی هەرە زۆریان و بگرە سەرەتا هەموویان پیاو بوون، ساڵانی دواتر تاكوتەرا ئەندامی ژنیان هەبووە و ئەكتەری ئافرەت پەیدا بووە، لەم سـەردەم و لەم سـەرەتایەوە تا سـاڵانی دواتریش چەند ئەكتەرێكی پیاو ڕۆڵی ئافرەتیان بەرجەسـتە دەكرد، (ئافرەت لە نیوەی یەكەمی حەفتاكان زۆر دەگمەن بوو، پیاو وەك دیاردەیەك ڕۆڵی ئافرەتی دەبینی لە هەولێر "عەبدولڕەزاق شەمسەدین و جەلال بەیار" لە سلێمانیش "عومەر چاوشین" ڕۆڵی ئافرەتیان دەگێڕا.)[15]. هـەروەهـا سـەرچـاوەیـەكی تر ئـەوە دەخـاتـە ڕوو، سـاڵانی ١٩٧٠ تـا ١٩٧٣ هونـەرمـەنـدانی پیـاو (عومەرچاوشـین،سـاڵحدڵخوش،محەمەدسـاڵح عومەر محیدین، فازل عەبدوڵلا، نەجات قەرەداغی، وەهاب ڕەشـید، جەمالی حەمە كۆڵ و كەمال دڵسۆز.)[16]لە نواندنە هونەرییەكاندا كەسایەتیی ژنیان بەرجەستە كردوە.

بێگومان چ لە مێژووی شـانۆی كوردی و چ لە مێژووی شـانۆی جیهانیدا هەمیشـە شـانۆ ویسـتوویەتی پەیامێكی هەبێت بۆ بینەرەكانی، كاری بۆ ئەوە كردوە ئامانجێك بپێكێت، لەمەیشـدا پەیامی كۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و سیاسی و هۆشـیاریی ئایینی و چینایەتی و میللی جێگەی بووەتەوە، بۆ نموونە لە ئەدەبیاتی جیهانیدا ناوی ژان پۆڵ سـارتەر، بەدرەوشـاوەیی دیارە، كە وێڕای ئەوەی خۆی وەك فەیلەسـووفێك شـوێن و پێگەی لە فەلسـەفەی جیهانیدا لە دوای نیوەی دووەمی سەدەی بیستەوە دیارە و بە ئایدیا و بۆچوونەكانی لەمەڕ بوون و ئازادی و كۆمەڵێك بابەتی تر ناوبانگ و دەنگدانـەوەیـەكی زۆریـان هـەبووە، بـەڵام ئـەم فـەیلـەسـووفـە زۆربـەی ئـایـدیـا و بۆچوونـەكـانی لـە نـاو ڕۆمـان و شانۆنامەكانیدا خستوەتە ڕوو، ڕۆمانی (هێڵنج) و شانۆگەرییەكانی (مێشەكان و دەستەپیسەكان) و ڕۆمانی (ڕێگەكانی ئازادی) و كۆمەڵە كورتە چیرۆكی (دیوار) و بەرهەمە ئەدەبییەكانی تریدا[17] كردوەتە زەمینە و هۆكارێك بۆ خستەڕووی

---

١١- حەسەن تەنیا، شانۆ و شانۆی كوردەواری، ل٧٢.

١٢- كاوە ئەحمەد میرزا، شانۆی كوردی –سلێمانی لەدامەزراندنییەوە تاڕاپەڕینی ١٩٩١، چاپی یەكەم، سلێمانی، ٢٠١١، ل٥١.

١٣- كاوە ئەحمەد میرزا، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧.

١٤- حەسەن تەنیا، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧.

١٥- موحسین محەمەد، شانۆی كوردی ١٩٧٠- ١٩٧٩، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٥٨)، ٥ نیسانی ٢٠٠١، ل٢٧٣.

١٦- كاوە ئەحمەد میرزا، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠-٦٥.

١٧- چەند بەرهەمێكی سارتەر لەم بەرهەمە ئەدەبییانەی بۆ سەر زمانی كوردی وەرگێڕاون لەوانە:

أ- مێشەكان، درامایەك لە سێ پەردەدا، شانۆگەری، ژان پۆل سارتەر، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە نەجاتی عەبدوڵلا، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢.

پرســـە فەلســـەفییەکانی لەمەڕ بوون و ئازادی و گومان و... هتد، لەم پانتاییيانەوە پرســـيارەکانی خۆی کردووە و دەمامکی ســەر گرفت و ناشــیرینییەکانی هەڵماڵیوە، شــانۆنامە و ڕۆمانەکانی کردوە بە مەیدانی خســتەڕووی چەمکە فەلسەفییەکانی و پرسیارەکانی خۆی دەورووژێنێت و بۆ وەڵام یان وەڵامگەلێك وێڵە، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە دۆخی تەندروست و بیرکردنەوە لە شانۆ ئەوەیە، بچوککراوەی ئەم ژیانەی واقیع نییە لە سەر ستەیج، تەنها ئەوە نییە کە ئەوەی لە واقیع هەبێت شانۆ لە پانتاییەکی بچوکتردا بیخاتەوە ڕوو، هۆڵ و تەختەی شانۆ، پانتاییەکی گرنگە بۆ بیرکردنەوە لە دەرەوەی ئەو یاسا و ڕێسا باوانەی کۆمەڵگا، دیدگا و ڕوانینە لە دەرەوەی بۆچوونی زاڵ و خستنەڕووی پرسیار و گومانەکانە دوور لە نەریتی ژیانی واقیعی، ئەوەی لە شانۆ دەبینرێت ژیانە بێ دەمامك نەك لاساییکردنەوەی ژیان. بێگومان نموونەی ترمان لە مێژووی فیکر و فەلســـەفە و ئەدەبی جیهانیدا هەیە، (ئەلبێر کامۆ)یش لە ڕۆمان و شانۆنامەکانیشدا چەندین پرسی فەلسەفیی ئاڵۆز دەورووژێنێت.[١٨]

لەم سـەرەتا و کورتەیە بۆ مێژووی شـانۆی کوردی و پێناسـێکی تەندروسـتانە، شـانۆی کوردی چۆن توانیویەتی یان ئایا هەر لە بنەڕەتدا توانیویەتی دەمامکەکانی سەر تراژیدیای ئەنفال لا بدات، پرسیار و دڵەڕاوکێکانی مرۆڤی قوربانیی ئەنفال بنوێنێتەوە؟ بۆ وەڵامدانەوە بەم پرســـیارەیش یاخود گەڕان بە شـــوێن وەڵام و وەڵامگەلێك بۆ ئەم پرســـیارە پێویستە سـەرنج و تیشـك بخەینە سـەر دۆخی شـانۆی کوردی دوای ڕاپەڕینی سـاڵی ١٩٩١، چونکە بەر لەو مێژووە، بە هۆی باری سـیاسـی و دەسـەڵاتدارێتیی سـیسـتمی بەعس لەم بەشـەی باشـووری کوردسـتان، کە خۆی بکەری یەکەمی ئەنجامدانی پرۆســـەی ئەنفال بووە لە کوردســـتان، بۆیە هیچ دەرفەت و پانتاییەکی نەهێشـــتوەتەوە بۆ ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادی لە ئەنجامدانی چالاکیی هونەری و گوزارشـــتکردن لە بابەتە هەســـتیارە ســـیاســـییەکان، بەتایبەت پرسی ئەنفال و قوربانییان کە ئاماژەمان بۆ کرد ئەو سیستمە خۆی بکەری یەکەم و ئەنجامدەری تاوانەکەیە.

لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی کوردستانی عێراق دژ بە سیستمی فەرمانڕەوای بەعس، جۆرێك ئازادی لە بەشێکی ئەو پارچەیەی کوردستان دروست بوو، بەو هۆیەوە دەستی حوکمی سیستمی بەعس و ئەو ئەنجامدەرە سەرەکییەی شاڵاوی ئەنفالی لە سەر دوور کەوتەوە، وەك هەر چالاکییەکی تری سیاسی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و مەدەنی و... هتد، پانتایی و پەراوێزێکی ئازادییش بۆ چالاکیی شـانۆیی بە ئازادی و ئازادانە پێکهێنانی گروپ و تیپ و کۆمەڵەی هونەری و شـانۆیی دروسـت بوو، ئەو کەشـە سـیاسـییەی لەو بەشـە ئازادکراوەی هەرێمی کوردسـتاندا هاتە ئاراوە، بۆ هونەری شـانۆیی وەك کایە هونەری و ناهونەرییەکانی تر ئاسـۆیەکی کردەوە و کۆتایی بەو سـەردەمە هێنا، کە ڕەوتی شـانۆی کوردی لە باشـــووری کوردســـتان بە تەنها کەوتبووە ژێر کاریگەریی شـــانۆی عەرەبیی عێراقی، بێگومان پێش ئەم سـەردەمە و هەتا پێش ڕووداوی ڕاپەڕینی سـاڵی ١٩٩١، شـانۆی کوردی لە کوردسـتانی عێراق بە شـێوەیەکی تیۆری و پراکتیکی کەوتبووە ژێر کاریگەریی شـانۆی عەرەبیی عێراق و وەك تاکە سـەرچاوەی مەعریفی و پەروەردەیی پشـتی پێ بەستبوو، لەگەڵ دەستپێکردنی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١یشدا، شانۆکارانی کورد، بە نمایشی جیاجیا گورزارشتیان لە سـەردەمی ئازادی و سـەربەخۆیی کوردسـتان و مافەکانی مرۆڤی کورد کرد و زۆر پرس و کێشـەی تایبەت بە مرۆڤی

---

ب- هێڵنج، ڕۆمان، ژان پۆل سارتەر، وەرگێڕانی، ئەسکەندەر مەحموود کانی تووەیی، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٣.

١٨- هەندێ لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەلبێر کامۆ لەوانە (بێگانە، تاعوون، کالیگۆلا) بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕراون.

کورد، کە پێشتر لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتیی سیستمی بەعسدا گوزارشتلێکردنیان ئەستەم بوو، یاخود دەبوو لە ناو ڕەمز و هێماگەرێتییەکی چڕدا بیانشارنەوە.

لەم سەردەمەدا و لەو پەراوێزی ئازادییەدا بۆ چالاکیی هونەری و نمایش، دۆخی شانۆی کوردی ناجێگیر بوو، بنەمایەکی پتەو و چەسپاو و زانستی تاوەکوو لە ڕووی تیۆری و پراکتیکییەوە پشتی پێ ببەسێترێت نەبوو، بنەمایەك کە شانۆی کوردی بیکاتە سەرچاوەی مەعریفی بۆ خۆی و پەروەردە و لایەنی تیۆری خۆی لە سەر گەشە پێ بدات، تا بتوانێت بە شێوەیەکی تەندروست گوزارشت لە پرسیار و گومانەکانی مرۆڤی کورد بکات، لەو چوارچێوەیەدا و لە کار و بەرهەمی هونەریدا، دۆخی تراژیدیای ئەنفال و ئازارەکانی قوربانییان و ڕەهەندە دیار و نادیارەکانی ئەو ڕووداوە سامناکە بنوێنێتەوە، چونکە دابڕینی دۆخی سیاسی و کارگێڕیی ئەو بەشەی کوردستان لە عێراق و داخستنی دەرگای شانۆی عەرەبیی عێراق و نەمانی کاریگەرییەکانی لە سەر ڕەوتی شانۆی کوردی و هەروەها دابڕاویی ئەو بەشە ئازادکراوەی کوردستان لە دوای ڕاپەڕین و دوا دەیەی سەدەی بیست لە دونیا و ئاشنانەبوون بە ڕەوت و ئاستی هونەر بە گشتی و شانۆ بە تایبەت[١٩] وەك هەموو کایەکانی تری ژیان جۆرێك لە قەیرانی بنەمایی و کارکردنی خوڵقاند بوو، کە زیاتر خۆی لە نەبوونی سەرچاوەی زانستی بۆ بەتیۆریزەکردنی بوارەکان و گەشەدان بە لایەنی مەعریفیی بوارە جیاجیاکاندا دەبینییەوە، تا ئاگاداری ئاستی کارکردنی ئەو کایانە لە دونیادا ببێت و پسپۆڕیی لەو بوارانەدا بێتە کایەوە و بە شێوەیەکی ئەکادیمی لە ناویاندا کار بکات، ئەم پسپۆڕێتی و ئەکادیمیبوونەیش بێگومان بۆ شانۆیش گرنگ بوو، خۆ ئەگەر پێشتریش بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی شانۆ خوێنرابێت و پسپۆڕێتیی پەیدا بووبێت، بەڵام گرنگە دان بەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەدا بنێین، کە بۆ شانۆ و هەموو بوارە زانستی و مەعریفییەکانی تریش پسپۆڕێتی و ئەکادیمیبوون بەردەوام پێویستی بە نوێبوونەوە و ئاڵوگۆڕ و ئاگاداربوون لە پێشکەوتنی ئەو کایەیە لە جیهان و سەرچاوەی زانستیی تازە هەیە، بێ گومان لێرەدا کە باس لەم دۆخەی شانۆی کوردی لەم بەشە ئازادکراوەی کوردستان دەکەین لەو زەمەنە تایبەتەدا، بە مانای ئەوە نایەت، کاتێ کە پێشتر پشتی بە شانۆی عەرەبیی عێراقیی دەبەست وەك سەرچاوەیەك بۆ ئەکادیمیبوون و پسپۆڕێتی و لەو ڕێگەیەوە ئاگاداری شانۆ و ئەدەبی جیهانی دەبوو ئیتر هیچ کێشەیەکی نەبووبێت و یان ئەو سەرچاوەیە، سەرچاوەیەکی تەواو ڕەسەن بوو بێت و بۆ ئەکادیمیبوون و پسپۆڕێتی لە هونەر و بە تایبەت لە شانۆدا بنەمایەکی زانستی و ئەکادیمی هەبووبێت.

لە قۆناغ و سەردەمی دوای ڕاپەڕین و دوا دەیەی سەدەی بیست، کە هێشتا سیستمی بەعس لە عێراقدا فەرمانڕەوا بوو، هەرێمی کوردستان نە قەوارەیەکی سەربەخۆ بوو، نە لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە عێراق بوو، هەروەها بە هۆی ئەو ململانێ سیاسییە مێژوویەی لە نێوان کورد و دەوڵەتی عێراقدا هەبوو، چەندین گەمارۆی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری و...هتد خرابووە سەر هەرێمی کوردستان، بێگومان ئەم گەمارۆیانەیش کاریگەریی خراپیان لە سەر کۆی کایەکانی ژیان بە جێ هێشتبوو، لە ناویاندا شانۆی کوردی لە دۆخێکی دژواردا بوو، کە کارکردن و دروستکردنی گروپ و پێشکەشکردنی نمایشی شانۆیی قوربانی و ڕەنجێکی زۆری دەویست، کە بە دڵنیاییەوە سەرەڕای ئەم دۆخە قورس و ئەو ڕێگە سەختەی لە بەردەم شانۆکاراندا هەبوو، چالاکیی هونەری و نمایشی شانۆیی و دامەزراندن و پێکهێنانی گروپ و تیپ و کۆمەڵەی هونەری هەر ڕانەوەستا و لەگەڵ ناسازگاریی بارودۆخەکەیشدا هەر بەردەوام بوو.

---

١٩- بۆیە دەڵێین شانۆ بە تایبەت چونکە کایە هونەرییەکانی وەك گۆرانی و فیلم و مۆسیقای بیانی یاخود جیهانی ڕەنگە لە ڕێگەی ترەوە تەنانەت لە ڕێگەی دەستاودەستکردن و پێوەندی و هاتوچۆ و دواتر هاتنی ئامێری سەتەلایت بە هەرێمی کوردستان، تا ڕادەیەك بە وەرگر و بینەری کورد ئاشنا بووبێتن، بەڵام ئەو ئاشنابوونەی بینەر و وەرگری کورد بە شانۆی دەرەوەی خۆی ئەستەمتر بوو و هەر وا بە ئاسانی جێبەجێ نەدەبوو.

پرسیارە جیدی و پێویستییەكەی باسەكە ئەوەیە، لە دۆخێكی وادا كە چالاكیی هونەری و دۆخی شانۆی كوردیی تێدا ژیاوە، دەبێت چۆن گوزارشــتی لە تراژیدیاكانی كورد كردبێت و بە چ شــێوەیەك كاری لە پرســی ئەنفال و ڕەهەندە جۆراوجۆرەكان و لایەنی دەروونی و كەسێتیی تاكی كورد و قوربانییانی ئەنفال كردبێت؟ دەبێت شانۆی كوردی لە ژێر گەمارۆی ئابووری و ڕۆشـنبیریدا، كە دەیان كێشـە و ئاسـتەنگی بۆ دروسـت كردوە و بنەما و پاشـخانی پسـپۆڕێتی و ئەكادیمیبوونی بۆش و بەتالأ كردوە، چۆن پرســی ئەنفال بجووڵێنێت و لە هۆشـیاریی بینەر و وەرگری كورددا ئەنفال بكاتەوە بە سەرچاوەی تێڕامان و بیركردنەوە لە جیهان و بوون؟

بەر لە هەموو شتێك پێویستە بڵێین، ویستی شانۆكاران بۆ ئەنجامدانی چالاكیی شانۆیی لەو بەشە ئازادكراوەی هەرێمی كوردستانی عێراق، بە تایبەت لە شاری سلێمانی كە سەنتەری چالاكیی ڕۆشنبیری بوو و سالآنی دواتریش بە شێوەیەكی فەرمی كاربەدەست و بڕیاربەدەستان ناوی پایتەختی ڕۆشنبیرییان لێ نا، لەو دۆخەی كە ئاماژەمان بۆ كرد زیاتر بە دوو ئاراستەدا بوو: ئاراستەی یەكەم هەر سوور بوو لە سەر ئەو ڕیتمەی كە پێش ڕاپەڕین كاری لە سەر دەكرد و بە شـێوەی ڕەمز و ئاماژەی نهێنی، خەباتی كوردایەتیی دەكرد و دژی داگیركردنی كوردسـتان پەیامی سـیاسـیی بە شێوەی پەنهان و هێمای شاراوەی بۆ بینەر و وەرگرانی هەبوو و هەوڵی بۆ سەربەخۆیی كوردستان و ڕزگاركردنی لە دەستی داگیرگەران بوو، ئەم ئاراستەیە لە چالاكانی شانۆیی تەنها لە سالآنی سەرەتای دوای ڕاپەڕین گوڕوتینی هەبوو، دواتر بە هۆی كاڵبوونەوەی ئەو پەیامە سیاسییە لە ئەدای كاركردنی حیزب و حكومڕانانی كوردی هەرێمی كوردستان و هەڵگیرسـاندنی شـەڕی ناوخۆ و هەڵگەڕانەوەی بە كرداری زۆربەی كارەكتەرەكانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد لە خەباتی كوردایەتی و بەجێهێشــتن و ســەرهەڵگرتنی خەڵكێكی زۆری ئەو هەرێمە كە زۆرینەیان گەنج بوون بە هۆی بێئومێدی و مردنی خەونەكانیان لە ژێر ســایەی حوكمی كورددا، ئەم تەوژمە لە شــانۆی كوردی بەرەو خاوبوونەوە و ساردبوونەوە ڕۆیشت، هەر بە هۆی ئەو دۆخەوە تەنانەت وەرگر و بینەرانی ئەم ئاراستەیە بەرەو كزی و نەمان ڕۆیشت و لەو لایشــەوە چالاكان و دەنگە دیارەكانی ئاراســتەكە خۆیان باوەڕیان بەو شــێوە كاركردنە نەما و تاكوتەرا بە شێوەیەكی ساردوسڕ نمایشی لەم جۆرە بەردەوام بوو، پاشـان هێدی هێدی زۆربەی كارەكتەرانی ئەم ئاراستەیە لە شانۆی كوردی یان كۆچی دواییان كرد و لە ژیاندا نەمان، یان بەتەواوی وازیان لە كاری شانۆیی هێنا و مەیدانەكەیان بە جێ هێشــت، هەندێكیشــیان بە هۆی داهاتنی تەلەفزیۆنی كوردی و فراوانبوونی لە ڕووی چەندایەتییەوە و برەوی تەلەفزیۆنی كوردی لەو ســالآنەی دوای ڕاپەڕین لە ناو خەڵكدا، ئەو كارەكتەرانەی ئەم ئاراســتەیەی شــانۆی كوردی ڕوویان كردە تەلەفزیۆن و لە بەشە جیاجیاكانی ڕاگەیاندندا كاریان دەكرد، سالآنی دواتریش هەندێكیان لە تەمسیلی و زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی بینرانەوە و ئەم هونەرەیان بە ئەركی خۆیان زانی و خەونەكانیان بەوەوە گرێ دایەوە كە لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە بە بینەر و هەوادارێكی زۆرتر و فراوانتر ئاشــنا ببن و دەربكەون و ناوبانگ پەیدا بكەن. ئەم ئاراسـتەیە لە شـانۆی كوردی و شـانۆكارانی ئاراسـتەی یەكەم، كە زیاتر خەونی سـەردەمی پێش ڕاپەڕین و زەمەنی ژێردەستەییان هەبوو، بە فیكر و میتۆدێك كاریان كرد، كە دواتر هەر خۆیان لێی سارد بوونەوە و باوەڕیان پێی نەما، كە سـیما و تایبەتمەندیی شـانۆكاران و چالاكیی شـانۆیی بەم جۆرە بێت و هیچ بنەمایەكی مەعریفیی پتەوی نەبێت، بێگومان ناتوانێت دۆخی ئەنفال بە هەموو ئاڵۆزی و ڕەهەندە جیاجیاكانییەوە لە كارەكانیدا بنوێنێتەوە و ئەو پرســە گرنگە هەڵبگرێت و بیكاتە بابەت و بە نمایشی شانۆیی واقیعی ژیانی قوربانییان و ئەو زەمینەیەی ئەنفالی تێدا ڕووی دا لە كارەكانیاندا بەرجەســتە بكات و كۆمەك بە دۆخی دەروونیی تاكی كوردی لێدراوی شــالآوی ئەنفال بكات و بە

هونەرەکەی سەرلەنوێ پێناسەی ئەخلاق و ویژدان و سیاسەت و فیکر لە بەر ڕۆشنایی ئەو تراژیدیایەدا دابڕژێتەوە، ئەم ئاراستەیە لە کارکردنی شانۆی کوردی خۆی فیکرێکی لەرزۆکی هەبوو، کە نەیتوانی خۆی لە سەری ڕابگرێت، بۆیە نەیتوانی و نایشتوانێت بە شێوەیەکی فیکری کاری لە سەر چەمکی ئەنفال بکات و بیکاتە کەرەستەیەك بۆ بیرکردنەوە.

لە پاڵ ئەم ئاراستەیە لە شانۆکاری کۆن و تەقلیدی، ئاراستەیەکی تریش هەبوو کە ئاراستەی دووەم بوو بریتی بوو لە شانۆکاری گەنج و نەوەی دوای ڕاپەڕین کە بە هەوڵی خۆی و ئاڵنگاریی دۆخەکە و چۆکدانەدان بۆ نالەباریی دۆخەکە و ڕەشیی ڕۆژگارەکە، دەستە و گروپی هونەریی دروست دەکرد یان بە شێوەی تاکوتەرا نمایشی شانۆییان ئەنجام دەدا، ئەم ئاراستەیەیش وێڕای ئەوەی هەوڵی دەدا خاوەنی دیدگای تایبەتی خۆی بێت بۆ نمایشی شانۆیی و جیهانبینیی خۆی بۆ کاری هونەری هەبێت و دابڕانێك لە نەوەی پێش خۆی لە شێوازی کارکردن و خەون و بیرکردنەوەی ئاراستەی یەکەم بکات، بەڵام بە هۆی ئەو گۆشەگیرییەی پێشتر باسمان کرد و ڕوونمان کردەوە، دۆخی ڕۆشنبیریی ئەم هەرێمە بە دەستییەوە گیرۆدە بوو، نەکرانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و زانستیی ئەم قەوارە نیمچە سەربەخۆیە بە ڕووی دەرەوەی خۆی، ئەم ئاراستەیە لە شانۆی کوردی لە ساڵانی سەرەتای ڕاپەڕین نەیتوانی لە سەر بنەمایەکی زانستی و ئەکادیمی خۆی داڕێژێت، ئەمیش ئەو هەلومەرجەی بۆ نەرەخسا تا لە ڕووی تیۆری و پراکتیکییەوە پشت بە فیکر و میتۆدی تازە و پتەو ببەستێت، بۆیە ئەو هەوڵانەیشی کە هەیانبوو ئەگەر چی شایەنی دەستخۆشی و دانپێدانان بووبێتن، هێشتا لە هەوڵی تاکباڵی و مەودا تەسك و کورت تێنەپەڕیون، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم ئاراستەیەیش لە شانۆی کوردیی ساڵانی دوای ڕاپەڕین و کۆتاییی سەدەی بیست نەیتوانیوە پرسی ئەنفال و هەر تراژیدیایەکی تری کورد بە شێوەیەکی تەندروستانە هەڵبگرێت لە بەر ڕۆشنایی ئەو ڕووداوە گەورەیەدا پێناسەی خۆی بکاتەوە و لایەنە پەنهان و دیوە نەبینراوەکانی ئەنفال نیشانی وەرگر و بینەرانی خۆی بداتەوە، واتە بە کورتی ئەم ئاراستەیەیش نەیتوانیوە گوزارشت لە ئەنفال بکات و بیکاتە پرسێکی گشتی کە هەموو تاکێکی کورد لە ئاستیدا ڕابمێنێت و هەست بە لێپرسراوی و ئەرکی خۆی بکات و هەوڵ بدات دژی ئەو واقیعە بوەستێتەوە و ئەو زەمینەیە بۆ هەتاهەتایە تێك بدات کە ئەنفالی تێدا ڕووی دا یان بووە هۆی ڕوودانی تراژیدیای ئەنفال.

بێگومان کۆمەڵە و گەل و نەتەوەیەك تێگەیشتن و بیرکردنەوەی بۆ ژیان بەگشتی و ئازادی بە تایبەت لە زەمەنی ژێردەستەییدا جیاوازە لە تێگەیشتن و بیرکردنەوەی بۆ ژیان بەگشتی و ئازادی بە تایبەت لە زەمەنی سەربەخۆییدا، ئەویش بە هۆی ئەوەی لە زەمەنی سەربەخۆییدا فیکر و بیرکردنەوەی مرۆڤ بە گشتی بە سەر دەرگای نوێ و ئاسۆی تازەدا دەکرێنەوە و چەمکەکانی ئازادی و ژیان هەمان مانایان نامێنێت کە لە ساتی کۆیلایەتی و ژێردەستەیی هەیانبووە، کوردیش بە هەمان شێوە پێش ڕاپەڕین بە جۆرێك بیری لە ئازادی و ژیان کردوەتەوە کە جیاوازە لەوەی دوای ڕاپەڕین و سەردەمێك کە ژێردەستەییی داگیرکەران نەماوە و بە شێوەیەك لە شێوەکان ئازاد بووە، بۆیە دەتوانین بڵێین ڕاپەڕین خاڵی ئەو وەرچەخانەیە لە بیرکردنەوەی تاکی کوردی، شانۆکاری کورد و بینەری شانۆی کوردیش لەم بەشە ئازادکراوەی هەرێم لە دوای ڕاپەڕین لەم وەرچەرخان و ئاڵوگۆڕە لە بیرکردنەوەی لە چەمکەکان دابڕاو نەبوو، ئەو داینەمۆیەی کە شانۆی کوردیی لە پێش ڕاپەڕین دەجووڵاند بریتی بوو لە ئازادی بۆ کورد و سەربەخۆیی بۆ کوردستان و لەو پێناوەیشدا شانۆکاران بە نمایشە ڕەمزئامێزەکانیان خەباتیان کردوە و تووشی ئازار و ئەشکەنجەیش بوون و تەنانەت بە گیانی خۆیان قوربانییان داوە، بەڵام دوای ڕاپەڕین گڕی ئەم داینەمۆیە خامۆش و تا ڕادەی خەفەبوونی تەواو هاتوە، بۆیە ئیتر نەیانتوانیوە ئەو گیانی شۆڕشگێڕییە لە نمایشەکانیاندا بەرجەستە بکەن و بینەر و وەرگر و تەنانەت خەڵکێکی زۆر وەك پێشتر لە دەوری پەیامێك گرد بکەنەوە و بۆ ئامانجێك هانیان

بدەن و ئاراستەیان بکەن، واتە پەیامی کوردایەتی و سەربەخۆیی بۆ کورد کە پێشتر مەشخەڵێکی گەش بوو بە دەست شانۆکارانەوە، لەم قۆناغەدا کەوت و چیتر شانۆ نەیتوانی ئەم ئەرکە ببینێت، بە زۆر هەڵواسینیشی بە هەندێکی کەم لە نمایشەکاندا هیچ گرِوتینێکی هاندانی نەبوو و نەیدەتوانی وەرگرێکی ئەوتۆ لە خۆی کۆ بکاتەوە، واتە لەم قۆناغەدا شانۆی کوردی ئامانجێکی گەورەی نەبوو بۆی تێ بکۆشێت و مەشخەڵێکی گەشاوە نەبوو هەڵیبگرێت، بەو پێیەی نووسەر و شانۆنامەنووسی دیاری ئەڵمانی (برێخت)[٢٠] دەڵێت: (هونەری مەزن خزمەتی ئامانجی گەورە دەکات... هەر کاتێك ئامانجی گەورە کەم بێت هونەری مەزنیش کەم دەبێت)[٢١] لەم قۆناغەیشدا شانۆی کوردی و چالاکی و نمایشی مەزن گەر هەیشبێت کەم بووە، لێرەوە لە دۆخێکی وادا شانۆی کوردی زۆر ئەستەمە بتوانێت پرسی ئەنفال هەڵبگرێت و کاری لە سەر بکات و وەك پرسێکی گرنگ لە هۆشیاری و ویژدان و ئەخلاق و هەستی لێپرسراوێتیی مرۆڤی کورددا بیجووڵێنێت، چونکە بۆ هەڵگرتنی ئەم پرسە سەرەتا دەبوو سەرلەبەری تێگەیشتنی خۆی بۆ هونەر و داهێنان بگۆڕێت و پێناسەیەکی تری ئەخلاق و ویژدان بکاتەوە و مرۆڤبوون بخاتە ژێر پرسیاری جیدییەوە، هەروەها لە لایەکی ترەوە ئەو کرانەوەیەی ڕاپەڕین بە کۆمەڵگای کوردیی بەخشی، هیچ زیادەڕەوی و کوێرانە بڕیاردان نییە، ئەویش بەو پێیەی خۆمان شایەتحاڵی ئەو ڕۆژگارەین و دەستوپەنجەمان لەگەڵ ئەو واقیعە سەختانەدا نەرم کردووە و تێیاندا ژیاوین، کرانەوەیەکی ساختە یان ناتەندروست بوو، چونکە سالآنی سەرەتای ڕاپەڕین کۆمەڵگای کوردی بە واقیعی نەیتوانی لەگەڵ ڕیتمی کۆمەڵگاکانی تری دەرەوەی خۆی بڕوات و تەنها لە دوورەوە ئەو جیهان و ئەو شێوازی ژیانەی ئەوانی تری بینی، نەك ئەوەی بەڕاستی بتوانێت لەگەڵ ئەو واقیع و شێوازی ژیانەی دەرەوەی خۆی بژی یان وەك ئەوان و لانی کەم نزیك لەوان بژی، لە ئاستی هونەر و زانستییشدا تەنها مەگەر وەك هەواڵ پێشکەوتنەکانی جیهانی دەرەوەی خۆی ببیستایە نەك ئەوەی لەگەڵ ئەو پێشکەوتنانەدا بڕوات، تەنها چەمکەکانی وەك (وجودی، هیپی، مۆدێرنە و پۆستمۆدێرنە، ستراکچرالیزم و... هتد)ی دەبیست و زوو سەرسام و کاریگەر دەبوو پێیان، نەك ئەوەی لەگەڵ ئەو چەمکانەدا بژی، بۆیە ئەوەی لە چالاکیی هونەری و ئەدەبی و یان نمایشی شانۆیی ڕەنگی دەدایەوە، ئەو کاریگەریی و کاردانەوانە بە تێکڕا تەنها ڕووکەشی و ڕواڵەتی بوون، تەنها پێشکەشکردنی قاوغی ئەو پێشکەوتنانە بوو نەك کرۆك و گەوهەرەکەیان، تەنها بیستنی چەمکەکان بوو نەك تێگەیشتن لە حەقیقەت و ماهیەتی ڕاستەقینەی ئەو چەمکانە بۆیە لە وەها دۆخێکیشدا شانۆی کوردی گەر کار لە چەمکی ئەنفالیشدا بکات بە دڵنیایی گەر زیان لە

---

٢٠- برتۆلَد بریخت: شاعیر و نووسەری شانۆنامەی داستانئامێزی ئەڵمانییە. ساڵی ١٨٩٨ لە (ئۆگسبورگ) لە دایك بووە. لە زانکۆی میونیخی ئەڵمانیا خوێندوویەتی و بڕوانامەی پزیشکیی وەرگرتووە. ساڵی ١٩٢٢ یەکەم شانۆگەریی بە ناوی (مێرد)ەوە نووسی، پاشان چەند شانۆگەرییەکی تری نووسی و بەو هۆیەوە خەڵاتی (کلایست)ی وەرگرت. ساڵی ١٩٣٣ ئەڵمانیای بە جێ هێشت و لە ڕووسیا نیشتەجێ بوو، لەوێ لە ساڵانی (١٩٣٦-١٩٣٩) گۆڤارێکی دژی نازییەکان دەرکرد. کاتێك شانۆگەریی (پیاو بە پیاو)ی نووسی و لە ١٩٥٠دا لە فرانکفۆرت لە سەر شانۆ پێشکەش کرا، ئیتر وەك نووسەری شانۆنامە ناسرا و گروپێکی شانۆیی دروست کرد، چەندین شانۆگەری و چیرۆکی نووسیوە لەوانە: دایکە زاناکە، گالیلۆ، ئۆپێرای سێ قرووشەکە، و هتد. بریخت بیرکردنەوەی سۆسیالیستییانەی هەبوو، پێی وابوو شانۆ هۆیەکە بۆ فێربوون، نەك بۆ کاتبەسەربردن. شانۆگەرییەکانی لە سەرەتادا کۆمەڵایەتی بوون، پاشان کێشەی سیاسی و چینایەتی و بیروباوەڕی مارکسیی، لە شانۆگەرییەکانی و زۆربەی نووسینەکاندا خستە ڕوو. ساڵی ١٩٥٦ مردوە. بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی ژیاننامەی بریختەوە بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

أ- سمیر شیخانی، احداث والاعلام، الجزء ٢، بیروت، ١٩٨١، ص٣١٣.

ب- الموسوعة العربیة المیسرة، بأشراف: محمد شفیق غربال، القاهیرة، ١٩٦٥، ص٣٤٦.

٢١ -برتولد بریخت. نظریة المسرح الملحمي، ت: جمیل نصیف التکریتي، دارالحریة للطباعة، بغداد، ١٩٧٣، ص١٦.

پرســـەکەیش نەدات، هیچ بەرەو پێشـــی نابات و کاریگەریی ویژدانی و ئەخلاقی و مرۆیی بە گشـــتی لە هەســـت و هۆشـیاریی بینەر و وەرگرانیدا ناکات، هەروەها بەدڵنیاییی بێویژدانیش نابێت گەر بڵێین لە وەها دۆخێکی شـانۆکاراندا خۆیان لە پرسی ئەنفال نەدەن باشترە و هیچ نمایشێك کار لە سەر ئەم تراژیدیایە نەکات.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژەیەکیش بە دۆخی ژیانی تایبەتی شـــانۆکارانی کورد بکەین لەم ســـەردەمەدا، چەندین شانۆکاری دیاری کورد بە هۆی شەڕی ناوخۆ و خراپیی گوزەرانی بەر لێزمەی چەندین گەمارۆ و هۆکاری تایبەتی ترەوە کۆچیان کرد و لە وڵاتانی تر گیرسانەوە، یان بە هۆی ئەو شەڕە ناوخۆییەی ڕووی دا و لە بەر لایەنگیرییان بۆ بەرەیەك لە بەرەکانی شەڕ، ناچار کران شار و شوێنی ژیانی خۆیان بە جێ بهێڵن و ڕوو لە شار و ناوچەی تر بکەن و تەنانەت تا ساڵانێکی زۆر بۆیان نەبێت بە سەردانیش بێنەوە بۆ زێدی خۆیان، چجای ئەوەی کاری شانۆیی بکەن و گوڕوتینێك بەو ناوەندە هونەرییە بدەن، ئەمەیش دۆخی دەروونی و ژیان و گوزەرانی ئەو شـانۆکارانەی زیاتر شـپرزە کرد کە نەتوانن خەونەکانیان لە نمایشی شانۆییدا بەرجەستە بکەن و هونەر بخەنە خزمەت پرس و ئازارەکانی مرۆڤی کوردەوە، ئەم دۆخە و ئاوارەبوونی شانۆکارانی بەئەزموون بووە هۆی ئەوەی بەتەواوی لە شانۆکاری نەوەی نوێی شارەکانی خۆیان دابڕێن و ئاگاداری ناوەندی هونەری و دۆخی شـــانۆی ناوچە و شـــارەکانی خۆیان و کێشـــە و قەیرانەکانی نەبن، لە لایەکەوە ئەمان نەیانتوانی چاو لە وزەی نوێ و چالاکی و نمایشـــی تازەی ئەو گەنجانە بکەن و لە ژێر ڕۆشـــنایی توانا جیدییە تازەکاندا خۆیان نوێ بکەنەوە، هاوکات نەوەی نوێی شـانۆکاریش نەیتوانی سـوود لە ئەزموونی ئەو شـانۆکارە دێرینانە وەربگرێت، دیســـان لە دۆخێکی وادا کارکردن بە تراژیدیا وەك کەرەســـتەیەکی شـــانۆیی بۆ خۆی دەبێت بە تراژیدیایەکی تر و ڕەنگدانەوەی ئەنفال لە ناو نمایشـــەکاندا هێندەی تر برینەکان دەکاتەوە و زامەکان دەکولێنێتەوە. لەم قۆناغەدا تیپ و گروپی شـــانۆیی گەنجان کە تازە دروســـت دەبوون، هێندە لە ڕووی دەروونییەوە زەمینەیەکی نالەباریان هەبوو و لە ڕووی توانای داراییشـــەوە هێندە لاواز بوون، زۆر جاریش خەونەکانیان بۆ نمایشـــی شـــانۆیی نەدەبووە واقیع و هەندێ جاریش تا سـەروەختی پرۆڤە بڕی دەکرد و وازیان دەهێنا و نەدەگەییشتنە نمایش یاخوود کە نمایشـــیش دەکران، ڕۆژانێکی زۆر کەم بەردەوام دەبوون و بینەر و وەرگرێکی زۆر کەم بەرەو پیریان دەچوون و پێشـــوازییان لێ دەکردن. لە لایەکی تریشـــەوە کار و بەرهەمی کۆمەڵە و تیپ و دەزگا بەناوبانگ و دیارەکانی بەر لە ڕاپەڕین بەرەو نەمان و لاوازی ڕۆیشـــت، ئیتر دەبێت لە وەها دۆخێکی لەم جۆرە ناســـاز و نالەبارانەدا، شـــانۆی کوردی چۆن بتوانێت پرسی ئەنفال هەڵبگرێت و بیکاتە کەرەستەی خۆی.

ئەم دۆخانەی شـانۆی کوردی بە درێژاییی دەیەی نەوەدەکانی سـەدەی بیسـت بەردەوام بوو کارێکیان کرد، زۆربەی ئەو تیپە شـــانۆییانە پێشـــتر ناومان هێنان و کە مێژوویەکی دێرینیان هەبوو لە وێنەی (تیپیپێشـڕەویشـانۆیکوردی، تیپیناوندنیســـلێمانی، کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد) نمایشـــیی شـــانۆییان بەتەواوی کەم بووەوە، هەرچەند جارجار دەردەکەوتنەوە و بەرهەمێکی شـــانۆییان پێشـــکەش دەکرد، کە ئەوەیش لە پاڵ ئەو دۆخە ســـیاســـییەی کە دروســـت بوو و بووە هۆی لێکدابڕینی کەلتووری شـــارەکان، هیچ زەمینەیەکی نەهێشـــتەوە کە ئەنفال ببێتە خەمێکی گەورەی شـانۆکاران، چونکە شـانۆکاران خۆیان گیرۆدەی چەندین خەمی تری دروسـتکراو بوون و پێیانەوە دەیانناڵاند، دەزگا فەرمی و حکومییەکانیش کە پەیوەندار بوون بە پرسـی هونەر و پێویسـتی و کێشـەکانی شـانۆی کوردییەوە، لە بریی ئەوەی شـانۆی کوردی لەو دۆخە دەربهێنن، لە ژێر ناوی چالاکیی وەرزی و سـالانە و سـازدانی بۆنە و فێسـتیڤاڵی جیاجیا، شانۆیان لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەوە کە ئاراستەی هەموو خەڵك دەکرێت کرد بە بۆنە و لە فێستیڤاڵەکاندا قەتیسیان کرد، ئەو دەزگا فەرمی و حکومییانە وایان کرد تەنها چەند ڕۆژێك یان چەند بۆنەیەك تایبەت بن بە نمایشی



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

شانۆكاران و پەیامی شانۆ بەتەواوی تەسك و سنووردار بێت، ئەوەیش ئامێزێكی بە شانۆ بەخشی كە نەتوانێت گوزارشت لە ئەنفال بكات و باوەش بۆ پرسێكی وا مەزن بگرێتەوە و هاوكات نەیشتوانێت خۆی لە قەرەی زۆر پرسی تر بدات و كاریان لە سەر بكات، خۆ ئەگەر بیشیانكات، كارەكەی بێ كاریگەری و تەنانەت بێ ئەرزیش بێت و لە نەكردنەكەی خراپتر بێت، وەك چۆن بێ گومان بە تایبەت لە بۆنە و یادەكانی ئەنفالدا چەندین بەرهەمی شانۆیی پێشكەش كراون، كە نەك نەیانتوانیوە خزمەت بە پرسەكە بكەن، بگرە هەندێ جاریش هێندە كاریگەریی خراپیان هەبووە، تەنانەت تراژیدیایەكی وەها بە هۆی ئەو كارە هونەرییانە و لە رێگەی ئەو نمایشانەوە دیمەنی گاڵتەجاڕانە و ئاستنزم بخەنەوە و بە هیچ جۆرێك وەرگر نەجووڵێنن، نەك هەر هێندە، بگرە بێزارییش لای بینەر دروست بكەن و خەڵك لە پرسەكە و گێڕانەوەی ڕووداوەكان و یادكردنەوەی وەڕس بكەن.

بە درێژبوونەوەی ئەم دۆخە و تۆماركردنی ئەو مێژووە بۆ شانۆی كوردی، لە دوای ساڵی ٢٠٠٠ و ساڵەكانی سەرەتای سەدەی بیست ئاسۆیەكی تر لە بەردەم شانۆی كوردیدا كرایەوە، ئەویش بەوەی دۆخی ئابووری تا ڕادەیەك ڕووی لە باشبوون كرد و ڕوخاندنی سیستمی فەرمانڕەوای بەعس لە عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا عێراق و كوردستانیشی بە ڕووی دونیادا كردەوە و بە هۆی ئاسانیی هاتوچۆوە تا ڕادەیەك كۆمەڵگای كوردی بە ڕووی دونیادا كرایەوە، ئەم دۆخەیش بووە هۆی ئەوەی ناوەندی شانۆی كوردی تا ڕادەیەك بۆ گەنجەكان بە جێ بهێڵرێت و شانۆكارە لاوەكان دوای ساڵی ٢٠٠٠ و سەرەتای سەدەی بیست كەوتنە چالاكی و بەرهەمەكانی خۆیان پێشكەش كرد. سیمای نمایشە شانۆییەكانی ئەم قۆناغە لە سیاسەت و كوردایەتییەوە نەهاتبوو، زیاتر كێشە تایبەتی و تا ڕادەیەك بچووكەكانی مرۆڤ بووبوونە كەرەستەی نمایش و لە دەقە خۆماڵی و دەرەكییەكاندا ڕەنگی دابووەوە، لەم قۆناغەدا كێشەی ژنان و بابەتی نوستالژی و كاری قوتابخانەیی و پێویستیی دەرچوون لە قۆناغێكی خوێندن بە تایبەت پەیمانگاكانی هونەرە جوانەكان و نمایشی گشتی بوونە تایبەتمەندیی دیاری ئەم قۆناغە، لێرەدا دەتوانین بڵێین پانتایی و كەشێكی لە بار هەبوو بۆ ئەوەی پرسی ئەنفال لە نمایشی شانۆییدا ڕەنگ بداتەوە و شانۆكاران ئەنفال بكەنە كەرەستەیەك بۆ نمایش و بیركردنەوەی فیكری.

جێگەی ئاماژە بۆ كردنە و پێویستە بە تایبەت لێكۆڵینەوەی لە بارەوە بكرێت، تایبەتمەندییەكی دیاری ئەم قۆناغە ئەوە بوو، كە ئەو قۆناغە هاوكات بوو لەگەڵ پەرەسەندنی دونیای دیجیتاڵ و ئەنتەرنێت و ژمارەی كەناڵەكانی سەتەلایتی كوردییش ڕوویان لە زیادبوون كرد و ساڵ لە دوای ساڵ چەندین كەناڵی سەتەلایتی كوردی كرانەوە، بۆیە هونەرمەندانی شانۆكار زیاتر لە خەمی ئەوەدا بوون لە ڕێگەی فیلمی سینەمایی و زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی بە بینەر و وەرگرانی خۆیان بگەنەوە و لەم ڕێگە و كەناڵانەوە دەربكەونەوە، بۆیە قورساییی نمایش و چالاكیی شانۆیی لەم قۆناغەیشدا لە ئاستی پێویست و خەونی ناوەندەكەدا نەبوو، بەو دۆخەیشەوە دەستبردن بۆ پرسی ئەنفال و هاتنەناوەوەی تراژیدیای ئەنفال بۆ كاری هونەری و نمایشی شانۆیی، گەر ئەنجامی نێگەتیف و كاریگەریی پێچەوانەیشی نەبوایە، ئەوا شتێكی ئەوتۆ لە پرسەكەی نەدەگۆڕی و لە خەیاڵ و بیركردنەوەی وەرگر و بینەرانیدا كاریگەریی قورسی دانەدەنا و دەستكاریی تێگەیشتن و بەهەندوەرگرتنی مرۆڤی كوردی بۆ ئەنفال نەدەكرد.

## بەشی سێیەم

## شـێــوەكــاری

شێوەكاری كایەیەكی ترە لە كایەكانی هونەر و شێوازێكی باڵای هونەری گوزارشتگەرایە، هونەرمەندی ئەم كایەیە هەوڵ دەدات، ئەوەی لە چواردەور و دەرەوەی خۆی دەیبینێت و دەیبیستێت و كاریگەریی لەسەر دادەنێت، دواتر هەست و سۆزە هەڵچووەكانی بە هۆی ئەو كاریگەرییەوە لە ڕێگەی ڕەنگ و كاری دەستیی جیاجیا و بە هاوكاریی ماتەریاڵی پێویست و لە تەكنیكێكی هونەرییدا فۆرمێك بەرهەم دەهێنێت، هەر ئەو فۆرمە هونەرێكە و بە شێوەكاری پێناسی دەكرێت، واتە هونەری شێوەكاری (بریتییە لە تەواوی ئەو هونەرانەی كە یەكەی شێوەیان لە نموونەی ڕەنگ و پانتایی و خەت و بەش لە گوزارشتكردن لە چوارچێوەی قاڵبێكی بینراو دەخرێتە بەردەمی وەرگر، بابەتەكانی نیگاركێشان و وێنەگرتن و هەڵكۆڵین و تاشین...هتد لە خۆ دەگرێت.)[٢٢] شێوەكاری وەك هونەرێك چەندین بەشی لێ دەبێتەوە و بەردەوامیش لە فراوانبووندایە، بە شێوەیەكی گشتی و دیاریش لقە دیارەكانی ئەم هونەرە بریتین لە: نیگاركێشان (كاری فڵچە و ڕەنگ لە سەر ماتەریاڵێك...هتد) سیرامیك (كاری دروستكردنی گۆزە و شێوەی تر لە قوڕی تایبەت و شووشەكردنی...هتد) پەیكەرسازی (كاری شێوەی جیاجیای بەرجەستە لە قوڕ و گەچ و دار و بەرد و ئاسن...هتد) گرافیك (كاری هەڵكۆڵین لە سەر تەختە و بەرد و ئامێری تر و چاپكردنی) سكرین (كاری نەخشەسازی لە سەر ماتریاڵی جیاجیا و هەندێ جار بە ئامێری كۆمپیوتەر) بیناسازی (كاری نەخشونیگار لە سەر بینا و باڵاخانەكان و دیكۆر و نەخشەی تایبەت) فۆتۆگرافی (كاری وێنەگرتنی سروشت و ڕووداو و چركەساتە سەرنجڕاكێش و كاریگەرەكان) خۆشنووسی (هونەركاری لە نووسیندا و دەربڕینی شێوازی جۆراوجۆر لە هێڵەكانی نووسین...هتد) ئەگەر چی چوارچێوەی هونەری شێوەكاری بەردەوام لە فراوانبووندایە، هەروەها كاری هەر یەك لە بەشەكانیشی لە گۆڕان و نوێبوونەوە و گەشەكردندان، بۆیە ڕەنگە لە ساتێكی تردا ئەو زانیاری و دەستنیشانكردنانەی بۆ هەر یەك لەو بەشانەی كردمانن، ڕاست دەرنەچێت و ناتەواو بێت، یان بە شێوەیەك شوێنی ڕەخنە بێت.

ئاشكراكردن و خستەڕووی سەرەتای سەرهەڵدانی مێژووی هونەریی شێوەكاری لە ناو كورددا كارێكی ئاسان نییە و بە شێوەیەكی زانستی و تەواو بێ كەموكوڕی ناتوانرێت ئەم مێژووە دەستنیشان بكرێت و دەست بخرێتە سەر ئەم سەرەتایە، چونكە ئەرشیفێكی وەها كە بەشێوەیەكی زانستی پارێزرابێت لە بەر دەستدا نییە و بەڵگە و دێكۆمێنتی زانستی هەرچەندە تاكوتەرا و لێرەولەوێ دەخرێنە ڕوو، بەڵام بە وردی و بەڵگەی تەواو و زانستی ئەم سەرەتایە ناسەلمێنن و هەر بۆچوونێك لە ئارادا بێت بە شێوەیەكی ڕێژەیی پشتڕاستی دەكەنەوە.

لە كۆنەوە و هەر لە ژیانی سادە و ساكاری ناو خەڵكەوە، چ لە لادێ و چ لە شارەكاندا نەخش و نیگاری جۆراوجۆر و جوان و سەرنجڕاكێش لە سەر مافوور و فەرش و ڕاخەر و هەندێ پارچە قوماشی تر و كەلوپەل و سندووق و باوەڵ و لانكە و ئامێری سادەی تر كێشراون، كە نموونەی هونەری دەستڕەنگینیی خۆڕسكانەی خەڵك و مرۆڤی كورد دەسەلمێنن، هەروەها هەر لە كۆنەوە نەققاڕ و بەردتاش و دارتاش و ئاسنگەر لە ناو كورددا هەبوون، كە جێدەستیان لە كاری سەرنجڕاكێش و جوان لە پەرستگا و مزگەوت و كۆشك و تەلار و خانوو و تاق و پەنجەرەكان هەبووە، هەروەها لە ئامێر و كەرەستەكانی ناوماڵ و بابەتی ڕازاندنەوە و پێویستی ئاژەڵەكانی وەك ئەسپ و مایین و ...هتد هونەری دەستڕەنگینیی مرۆڤ دیار بووە و مێژووەكەیشی زۆر كۆن و تەنانەت بۆ پێش سەردەمی موسوڵمانبوونی

---

٢٢- عفيف البهنسي،النقد الفني وقراءة الصورة، الطبعة الأولي، دار الكتاب العربي، القاهرة، ١٩٩٧، ص ١٣٤.

دەگەڕێتەوە. دواتر ئەم دەستڕەنگینییە، لە سەردەمی نووسین و خوێندەواریدا بە شێوەی میناتۆر[٢٣] و نیگاری ناو کتێب و دەستنووسەکانی کورد دەرکەوتوون، کە ئەم نیگارانە پتر بۆ مەبەستی ڕازاندنەوە یاخود پێویستیی دێکۆمێنتکردن هاتوونەتەوە ناو ئەو کتێب و دەستنووسانەوە، کە ئەوەیش بە پێی گۆڕانی شێوازی نووسین و نووسینەوە و چاپکردنی کتێب و دەستنووس گۆڕانی بەسەردا هاتوە و پەرەی سەندوە، دواتر لە قۆناغی سێیەمدا، (تابلۆی دروستکراوی دەست هونەرمەندە نیگارکێشەکان، کە ئەمەیان زۆرتر لە هونەری شێوەکاریی مۆدێرنەوە نزیکە

و زیاتر لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەیان بینین.)**٢٤** سەرچاوەیەك دەربارەی مێژووی هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا و هونەری شێوەکاریی مۆدێرن نووسیویەتی: (هونەری شێوەکاریی مۆدێرن لە کوردستاندا سەرچاوەکانی خۆی لە پێنج کەناڵەوە هەڵێنجاوە:

١- هونەری پەیکەرتاشیی دێرین و ئاشیتێکتووری نەتەوەیی کوردستانی دێرین، ئەم بریتییە لە بەرهەمی پەیکەرتاش و نەققارِ و بەردتاش و دارتاش و ئاسنگەرەکان، کە بەشێکیان بریتین لە پەیکەرەکان، بەردەنووسەکان، پەرستگاکان، کۆشك و تەلار و خانووبەرە و تاق و پەنجەرەکان، پرد و قەنتەرەکان.

٢- هونەری میللی و کەلەپووری ئێتنۆگرافی: هەر لە کۆنەوە گەلی کورد سەرچاوەی چێژ و بینینی خۆی لە ڕەنگی بەرەبەیان و ئێوارە و سروشتە جوانەکەیەوە هەڵهێنجاندووە، فۆلکلۆر و کەلەپوورە ماددییەکەی نقمەساری زەریای ڕەنگ و شەبەنگ بووە، بە پەلکەزێڕینەی ژیانی ناو شاخ و شار ڕەنگرێژ بووە. هونەری نیگارکێشانی فۆلکلۆری کوردی لەو سەردەمەدا خاسیەتە نەتەوەییەکانی خۆی لە ڕێگەی کەلەپوورە میللییەکەیەوە باش پاراستووە: بەرگە بالیف و بەرگە تاق و سەکەلەی ولآغ، تاسکلآو، چارۆکە، سوخمەی قوڵدار ، شەدە، سەرپەردە، دامێنی کەوای ژن، نەخشی سەر خەنجەر، چنینی فەقیانەی ژنان، بەرگی ڕادیۆ، قەنەوبچە، سەرزین، سەرسەڵتە، گوڵنگی جامانە، هەوری، نەخشی سەر دۆڵآب و سنووق، چوارچێوەی ئاوێنە و ڕەسم، نەخشی سەر بەرِە و مافووری سەر گۆرەوی... سەدان نەخش و نیگاری دیکە، نیشانەی بایەخدانی تایبەتی گەلی کوردن بە ڕەنگ و هێڵ و نیگار و جوانی و شێوەکاری، کە خەسڵەت و سیمای نەتەوەیی کوردیان تا ئەمڕۆش پێوە دیارە.

٣- میناتۆرەکان: ئەو میناتۆرانەی کە هونەرمەند و دانەرەکانیان کورد بوون و بە ناوی تورك و فارس و عەرەبەوە چووونەتە ناو مێژووەوە، هەروەها ئەوانەی شەرەفخانی بەتلیسی، جگە لەو هەموو میناتۆرە کوردییانەی کە بێ ئیمزا لە مۆزەخانەکاندا پارێزراون.

---

٢٣- میناتۆر (miniature)لە بنەڕەتدا لە وشەی (مینیەم-minium)ی لاتینییەوە هاتوە، لە سەرەتاوە بۆ ئەو هێڵە ڕەنگاوڕەنگانە بە کار دەهات، کە سنووری لاپەڕەی کتێب و ناونیشانی لاپەڕەکانی پێ دیاری دەکرا، دواتر نیگار و نەحشاندن (زخرفە)ی ڕازاندنەوەی لاپەڕەکانی گرتە خۆ، ئینجا پەرییەوە بۆ نیگاری بچوکی نێو لاپەرەی کتێبەکان، پاشان لە وشەی (میگناتۆر-mignator)ی فەرەنسیدا کامڵ بوو، وەك گوزارشتکردن لە هەموو کارێکی هونەریی پێوانە بچوك، بەڵام ناولێنانی هاوچەرخی زاراوەی میناتۆر (miniature) بە هەر کارێکی هونەری دەگوترێت کە پێوانەیەکی بچوکی نائاسایی هەبێت، بەو هونەرمەندانەیش کە لەم کارە بچوك و وردانەدا کاریان دەکرد، دەگوترا (نەقاش-liminer).

ئەم پێناسەیە لەم سەرچاوەیەوە وەرگیراوە:

وەهبی ڕەسووڵ، نووسین و وەرگێڕان، ئەبستراك ئێکسپرێشینیزم- لە نیگارکێشانی هاوچەرخی کوردستانی باشووردا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٣٧٠-٣٧١.

٢٤- فەرهاد پیرباڵ، مێژووی هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا- لە کۆنەوە تا پەنجاکان، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای مێرگ، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٥٨.

٤- نیگاری هونەرمەندە ناسراوەکان: دەیان هونەرمەندی نیگارکێشی کورد لە کۆتاییی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا تابلۆیان دروست کردوە و بەرهەمەکانیان کۆ کراونەتەوە یان بە نیگارەکانیان کتێبی نووسەران و شاعیرانیان ڕازاندوەتەوە.

٥- هونەری شێوەکاریی ڕۆژئاوا کە لە سەرەتادا، لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە لە ڕێگەی میللەتانی دراوسێوە پێیان ئاشنا بوون، پاشان ڕاستەوخۆ کەوتنە هەڵمژینی ڕێبازە هونەرییەکانی ڕۆژئاوا. هونەری نیگارکێشان لە سەرەتای سەدەی بیستەم بەو لاوە، لە ئەنجامی پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوا، لە لایەکی دیکەشەوە لە ئاکامی پێشکەوتنی هەستی نەتەوایەتی و سەرهەڵدانی چاپخانە و پێشکەوتنی چاپەمەنی و تەکنەلۆژیا، بەرەو پێشەوە هەنگاوی نا.) [٢٥]

هەروەها لە بارەی ئاستی پێشکەوتنی ئەم هونەرە لای کورد لە سەرەتاکانەوە تا سەدەی بیست، هەر ئەو سەرچاوەیە نووسیویەتی: (کورد هیچ دەوڵەتێك یان وەزارەتێکی ڕۆشنبیریی نەبووە، کە بتوانێت وەك دەوڵەتی ئێران و ئیمپراتۆری عوسمانی، هونەری نیگارکێشانی نەتەوەییی خۆی پێ ببووژێنێتەوە، کورد دەسەلآتی ئەوەی نەبووە بێت ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان بۆ ڕۆڵەکانی خۆی دروست بکات یان بێت قوتابی و خوێندکار بە شاند بنێرێتە زانکۆکانی پاریس و لەندەن، بۆ ئەوەی لە کۆلێژەکانی هونەری ئەوێ بخوێنن و پاشان بگەڕێنەوە وڵات و پەرە بە هونەری نیگار بدەن.)[٢٦]بەڵام لە دوای سەدەی بیست و بە تایبەت دوای چارەکی یەکەمی ئەو سەدەیە هونەری شێوەکاری لە ناو کورددا گەشەی کورد، کە هەر بە گوێرەی ئەو سەر چاوەیەی پێشوو، (نیشانەکانیشی ئەمانە بوون:

١- پەلوپۆهاویشتن بۆ ڕەنگ و بەکارهێنانی فایبەر و کوتاڵ و ڕۆن و تێکەڵکردنی کەرەستان، دوورکەوتنەوە لە خامە و خەڵووز.

٢-وردەوردە دوورکەوتنەوە لە نەقڵکردن و ڕووکردنە داهێنان.

٣-ژمارەی نیگارکێشەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات، دانیاڵ قەساب و جەواد ڕەسووڵ ناجی ڕێبەرایەتیی ئەم جموجووڵە دەکەن.

٤-لە ساڵی ١٩٥٢ بەو لاوە هونەرمەندانی نیگارکێشی کورد، بە تایبەتی لە هەولێر و سلێمانییەوە دەچنە پایتەخت و بە شێوەیەکی ئەکادیمی هونەری نیگارکێشی دەخوێنن.

٥- ژمارەیەك لە شوێنەوار و بەرهەمی نیگارکێشەکانی ئەو ساڵانە پارێزراون، دەبنە بەڵگەی سەلماندنی ئەو پێگەییشتنە هونەرییە.

٦- تابلۆ لەسەر دیواری چاپخانە و دیوەخان و ماڵە ئاغاکانەوە دەچێتە ناو خەڵك: بۆ یەکەم جار هەر لە ساڵانی ١٩٣٠بەو لاوە لە پێشانگاکاندا پیشانی جەماوەر دەدرێن.

٧-ڕەنگدانەوەی کاریگەرێتیی شێواز و ڕێبازە هاوچەرخەکانی ئەورووپا بە تایبەتی بە سەر بەرهەمەکانی دانیاڵ قەساب و عەزیز سەلیم و ئەنوەر تووفی و خالید سەعید.)٢٧

وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، دەستنیشانکردنی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی هونەری شێوەکاری کارێکی سادە و ئاسان نییە و هۆکارەکانیش دیار و ڕوونن کە خۆیان لە نەبوونی ئەرشیف و تۆمار و بەڵگەنامەی پێویستدا دەبیننەوە.

---

٢٥- فەرهاد پیرباڵ، مێژووی هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا- لە کۆنەوە تا پەنجاکان، ل٦٨.

٢٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨.

٢٧- فەرهاد پیرباڵ...سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩.

ئەگەر ئەو هونەرە نائەکادیمییە خۆرسکە کە بریتی بوو لە حەز و سەلیقەی مرۆڤ بۆ دەسترەنگینی و کار و پیشەی دەستی لە سەر ئەم مێژوە حساب نەکەین، هەر چەند گەلێك تایبەتمەندی و سیمای هونەری میللیی شێوەکارییان تێدا بووە، دەتوانین مێژووی سەرهەڵدانی هونەری شێوەکاریی کوردیی بە تایبەت لە کوردستانی باشوور بۆ کۆتاییی سەدەی نۆزدە بگەڕێنینەوە،[٢٨] (محەمەد ئەمین زەکی بەگ) کاتێك خوێندکاری پۆلی سێی قوتابخانەی ڕووشدیەی عەسکەریی بووە لە سلێمانی دوو تابلۆی بە ڕەنگی ئاوی کێشاوە بە ناونیشانەکانی (١- گاریە- ئامرازی گواستنەوەی سەردەمی عوسمانی. ٢- دیجلە لە بەری کەرخەوە) ساڵی ٢٠٠٨ ئەم دوو کارە ئاشکرا کراوە، ئەم دوو تابلۆیە دەبنە سەرەتایەك بۆ مێژووی هونەری نیگارکێشان وەك لقێکی سەرەکیی هونەری شێوەکاری لە سلێمانی وەك شارێك کە چەقی زۆربەی چالاکییە هونەرییەکان بووە، ئەم دوو تابلۆیە ستایل و چۆنێتی و ئاستی کارکردن و تەنانەت مادە و کەرەسەی کارکردنی هونەرییانەی ئەو کاتە ئاشکرا و دیاریکراوتر دەکەن، کە پێشتر نەدەزانرا، دواتر بە پێی گەشەکردنی ئەم هونەرە چەندین هونەرمەند کە بە شێوازی جیاجیا کاریان کرد، دەرکەوتوون و زۆربەی ڕێبازە هونەرییەکانیان تاقی کردوەتەوە و کاریان پێ کردوە، عەزیز سەلیم بە شێوازی ڕیالیستی کاری کردوە و بابەتی ناوچەیی و ژیانی میللی و هەندێ جاریش چینایەتی، ناوەرۆکی کارە هونەرییەکانی بوون و وێنەی کەسایەتییەکانی کوردی کێشاوە، دواتر لە ناوەڕاستی سەدەی بیستدا، هونەرمەندان بەدیع باباجان، خالید سەعید (١٩٣٧-١٩٩٦) و ئازاد شەوقی (١٩٣٩-٢٠٠٣) چەندین هونەرمەندی تر دەرکەوتوون کە هەندێکیان چوونەتە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغداد بە شێوەیەکی ئەکادیمی فێری ئەم هونەرە بوون، پاشان لە تایبەتمەندییەکانی کاری هونەریی ئەم قۆناغە و دواتر ئەوە بوو، کە هەوڵ و کۆششێکی زۆری تێدا بە دی دەکرا بۆ زاڵبوون بەسەر کێشەکانی توێکاریی جەستە و جووڵەی مرۆڤدا، تەنانەت بەرجەستەکردنی باری دەروونییش، تا دەگاتە چارەسەری تەکنیکی و هەستیاریی تایبەت لە دانانی ڕەنگ و پلەی تۆخ و کاڵیدا، کە لە وێناکردنی ڕەنگی ئێکسسوار و جلوبەگی کوردیدا. هەروەها لە ژێر کاریگەریی هونەرمەندانی خۆرئاوادا بە ڕێبازی کلاسیك و ڕیالیزم و ڕێبازەکانی تر کار کراوە و تەنانەت سوریالی و دادادیش بە دەر نەبوون لە تاقیکردنەوەی هونەرمەندانی کورد و چەند هونەرمەندێك بەم ڕێبازەکاریان کردوە، لە دوا چارەکی سەدەی بیستیشدا، ڕێبازی ئیمپرێشنیزم[٢٩] لە هونەری نیگارکێشاندا تاقی کراوە، ئەو ڕێبازە نوێیانەی لە سەردەمی مۆدێرنی هونەری شێوەکاریی کوردیدا دەرکەوتوون ڕێبازەکانی ئیمپرێشنیزم، تەعبیریی (ئێکسپرێشنیزم)، سوریالیزم،

---

٢٨- لێرەوە هەندێ زانیاریی لە بارەی مێژووی هونەری شێوەکاریی کوردی لە کوردستانی باشوور لەم سەرچاوەیەوە گوازراوەتەوە:
وەهبی ڕەسووڵ، نووسین و وەرگێڕان، ئەبستراك ئێکسپرێشینیزم- لە نیگارکێشانی هاوچەرخی کوردستانی باشووردا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٣٦٥-٤٢٢.

٢٩- ئێکسپرسیۆنیسم (Expressionism) قوتابخانەیەکی هونەرییە کە تێدا گرینگی زیاتر دەدرێت بە دەربڕین لە ڕێگای فۆڕمەوە و هەستە زەینی و دەروونییەکانی مرۆڤ بەرجەستە دەکات. ئەم ڕێبازە وەك قوتابخانەیەکی هونەری دەرکەوت کە گرینگی دەدات بە دڵەڕاوکێ و خەم و ئازار و تەنیاییەکانی سەردەمی مۆدێرن. هەروەها نەریت و چوارچێوە باوەکانی هونەر پشتگوێ دەخات، ئەمەیش وای لە ئێکسپێرسیۆنیستەکان کرد بیر لە گۆڕینی دۆخی هەبوو بکەنەوە و ڕێگایەکی نوێ تاقی بکەنەوە.
بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:
أ- وەهبی ڕەسووڵ، نووسین و وەرگێران، ئەبستراك ئێکسپرێشینیزم- لە نیگارکێشانی هاوچەرخی کوردستانی باشووردا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٢٤٩-٣٠٥.
ب- گارا، هونەری شێوەکاری مۆدێرن، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٩٣-٩٩.

کیوبیزم و ئەبستراکت، بوون و بە شێوەیەکی گشتی خودگەرایی، بابەتگەرایی و ئیستاتیکییان کردوەتە گوتاری خۆیان.

کوردستانی باشوور بە تایبەت لە شارە گەورەکان، لە ساڵانی هەشتا و نەوەدی سەدەی پێشوودا، چالاکیی هونەری شێوەکاریی گەرموگوڕی بە خۆوە بینی، لەم دوو دەیەیەدا، بە پێی کایەکانی هزر و هەلومەرجی ڕامیاری و وشیاریی کۆمەڵایەتی و...تاد، هونەری سەردەم دەرکەوتوە، کە ئاوێنەی بارودۆخە هزری و سیاسییەکە بوو، کە سیستمی فەرمانڕەوای بەعس لە عێراق پێڕەوی دەکرد. گوتاری هونەر بە گشتی لەم قۆناغەدا، لە پێناوی گەیاندن و ئاراستەکردنی مۆرکی هونەرێکی بەرگرییدا بوو. دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ و کرانەوەی کورد لە هەرێمی ئازادکراوی کوردستان بە جیهانی دەرەوەدا، بە تایبەتیش خۆرئاوا، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ (وەك گەڕانەوە و سەفەرکردنی هونەرمەندان) یان ناڕاستەوخۆ (وەك پەیدابوون و بڵاوبوونەوەی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان: سەتەلایت و ئینتەرنێت و...تاد) ئەو پەیامەی لە هونەری هەشتاکاندا بە شاراوەیی و نیمچە شاراوەیی، لە ڕێی پەخش و ئاراستەکردنێکی پڕ خوازە و هێماگەرییەوە دەخرایە ڕوو، زۆر بە ڕاشکاوی و ئاشکرا لەسەر شەقامەکان هەبوو، کە وای کرد هونەر بە دوای پەیامە بنەڕەتییەکەیدا بگەڕێت، کە پەیامێکی ئیستاتیکی و مرۆیی بوو.

لەم بارودۆخە هونەرییە نوێیەدا، دوو ئاراستە دەرکەوتن، بەشێکیان درێژکراوەی پەیامی پێشتر بوون، لە خستنەڕووی قووڵی و قورسایی کرۆکی ڕەهەندە شاراوەکان (کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال) بەشی دووەمیشیان گەڕانەوە بوو، بەرەو پەیامە بنەڕەتییەکەی هونەر و بەستنەوە و ناساندنی هونەری کوردی، بە ڕەوتی هونەری جیهانییەوە.[٣٠]

لەم قۆناغە ئەنفال و کیمیابیباران و تراژیدیاکانی کورد بوونە بابەتی هونەری شێوەکاری بە هەموو لقەکانییەوە، هونەرمەندانی شێوەکار بە شێوەی تاك و بە هاوبەشی ئەم بابەتانەیان کردە ناواخنی کارە هونەرییەکانیان و لە پێشانگای تایبەت و هاوبەش یان بە شێوەی پۆستەر و نمایشی جیاجیا خستیانە بەر چاوی بینەر و وەرگرانیان، یادەکانی ئەنفال و تراژیدیاکانی تر پڕ بوون لە پێشانگای شێوەکاری و کاری هونەرمەندانی لقەکانی ئەم بوارە هونەرییە، فێستیڤاڵ و چالاکیی هونەری و ئەدەبیی بە کۆمەڵ بووەتە تایبەتمەندیی ئاشکرا و تەنانەت بە دیاردەبوونی ئەم قۆناغە و ساڵانە لە بۆنەیەك یان چەند بۆنەیەك فێستیڤاڵ بۆ یادکردنەوەی ئەنفال و کیمیابیباران و تراژیدیاکانی تر ساز دەکرێت، لە هەواڵی چەند سەرچاوەیەکەوە، لێرەدا دیارترین نموونەی ئەم جۆرە چالاکییانە دەخەینە ڕوو: بە پێی هەواڵی سەرچاوەیەك ("ئەنفال خۆری ڕەشپۆش" ناوی ئەو پرۆژە شێوەکارییە کە ساڵی ٢٠٠٥ بە سپۆنسەری وەزارەتی مافی مرۆڤ و ئاوارە و ئەنفال و بە سەرپەرشتیی شێوەکار ڕێبوار سەعید و بە بەشداریی ١٣٧ شێوەکار لەسەر ئەندازەی ٤٠x٤٠سم هونەرمەندەکان لە ڕێگەی ماتریاڵی جیاوازە وە بە نیگارکێشان و پەیکەر و سیرامیك و گرافیك دنیابینیی خۆیان بۆ ئەو تاوانە خستوەتە ڕوو.)[٣١] لەم هەواڵەیشدا هاتوە: (ڕۆژی ٤/١٤ لە شاری

---

٣٠- لەو شوێنەوە کە دەستنیشان کرا تا ئێرە، زانیارییەکان بە شێوەی خێرا و پچڕپچڕ لەم سەرچاوەیەوە وەرگیراوە: وەهبی ڕەسووڵ، نووسین و وەرگێڕان، ئەبستراك ئێکسپرێشنیزم- لە نیگارکێشانی هاوچەرخی کوردستانی باشووردا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٠.

٣١- بڕوانە سایتی زاگرۆس، کە ئەمە لینکەکەیەتی: http://zagrosn.com/34239-6



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

چەمچەماڵ و لە مۆنۆمێنتی ئەنفال، مەراسیمی یادی ٣٠ ساڵی کارەساتی ئەنفال بە ئامادەبوونی کەسوکاری ئەنفالکراوان و هاوڵاتییانی شارەکە بەڕێوە چوو، جگە لە وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان چەند بەرپرسێکی حکومی و حیزبییش ئامادەی یادەکە بوون. کە بیریتی بوو لە نمایشی کۆڕاڵێك و کردنەوەی ٥ پێشەنگا: دۆکیۆمێنتاری، وێنەی دەربازبوانی نوگرە سەلمان، پێشەنگای شێوەکاریی هونەرمەند سامی سەعدوڵڵا، پێشانگای کچە شێوەکار نەرمین غازی، پێشەنگای شەهیدانی دەستی داعش کە ڕێکخراوی عەرعەر ئامادەی کردبوو.)[٣٢] لە شاری کفرییش پەردە لەسەر مۆنۆمێنتی ئەنفال لادەدرێت، سەرچاوەیە بەم شێوەیە ئەم هەواڵە ڕوون دەکاتەوە: (ڕۆژی ٢٠١٧/٤/١٣ لە دووەمین ڕۆژی کار و چالاکییەکانی بیستونۆیەمین ساڵیادی تاوانی ئەنفالدا، بە ئامادەبوونی ژمارەیەك بەرپرسی حزبی، حکوومی، ڕۆشنبیران، کەسوکار و خانەوادەی ئەنفالکراوان، لە دەروازەی شاری کفری، پەردە لەسەر مۆنۆمێنتی ئەنفال لابرا و دواتریش پێشانگایەکی شێوەکاری کرایەوە چەندین چالاکیی هونەری دیکە پێشکەش کران، گوتەبێژی مەراسیمی بیستونۆیەمین ساڵیادی تاوانی ئەنفال، ئەوەیشی خستەڕوو: "هەر ئەمڕۆ لە ئیدارەی گەرمیان پێشانگایەکی فۆتۆگرافی بە ناونیشانی "شینی ئەنفال لە زوومی کامێرایەکەوە" بۆ فۆتۆگرافەر کاوە جاسم کرایەوە. ئەمساڵ مەراسیمی ساڵیادی تاوانی ئەنفال هەفتەیەك دەخایەنێت و چالاکییەکانی بریتین لە سازدانی ژمارەیەك پانێڵ و پێشانگای فۆتۆگرافی، شانۆ، فیلمی سینەمایی، پێشانگای شێوەکاری، چالاکیی هونەریی جۆراوجۆر و لادانی پەردە لەسەر مۆنۆمێنتی ئەنفال لە قەزای کفری و کۆی چالاکییەکانیش لە لایەن وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانەوە سپۆنسەر کراون و بڕی ٢٢ ملیۆن و ٣٧٠ هەزار دیناریان بۆ تەرخان کراوە.)[٣٣] لە شاری هەڵەبجەیش پێشانگا بۆ یادی ئەنفال دەکرێتەوە: (بە بۆنەی یادی ئەنفال لە هۆڵی خوێندنگای کیمیابارانی کچان بە سەرپەرشتیی بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری و هونەری هەڵەبجە، پێشانگایەکی شێوەکاری بۆ محەمەد فەتاح، بەناونیشانی "ئەنفال لە هەڵەبجە بوو" کرایەوە. شێوەکار محەمەد فەتاح، سەبارەت بە پێشانگاکەی بە ڕۆژنیوزی ڕاگەیاند: ئامانجمان لەم پێشانگایە بۆ یادکردنەوەی تاوانی ئەنفالی گەرمیانە و منیش چەند تابلۆیەکی تایبەت بە تاوانی ئەنفالم لەم پێشانگایە خستەڕوو بۆ ئەوەی ئەو یادە وەبیر هەموان بهێنینەوە، وتیشی: هەڵەبجە جگە لەوەی تاوانی کیمیابباران و جینۆسایدی بە سەر هاتووە، بێبەشیش نەبوە لە ئەنفال، بۆیە دەمانەوێت لە ڕێگەی ئەم پێشانگایەوە بڵێین ئەنفال لە هەڵەبجە بوو.)[٣٤] ساڵانە یادی ئەنفال لە ناوچە ئەنفالکراوەکانیش بە چالاکیی جۆراجۆر دەکرێتەوە، سەرچاوەیەك باس لەوە دەکات: (یادی مەراسیمی ٢٩هەمین ساڵیادی تاوانی ئەنفال لە گوندی دێبنەی سەر بە ناحیەی ڕزگاری بە

---

شایەنی باسە سەرجەم تابلۆ و کارە هونەرییەکانی ئەم پێشەنگایە لە کتێبێکدا کۆ کرانەوە و بە هەمان ناوەوە، چاپ کران، بڕوانە: ڕێبوار سەعید(ئامادەکردن)، پێشانگای هونەرمەندانی شێوەکار، ئەنفال خۆری ڕەشپۆش، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی مافی مرۆڤ و ئاوارە و ئەنفال، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٣٢- بڕوانە سایتی دەنگی کورد، کە ئەمە لینکەکەیەتی: https://dengikurd.com/?p=4046

٣٣- بڕوانە سایتی باسنیوز، کە ئەمە لینکەکەیەتی:

http://www.basnews.com/index.php/so/news/kurdistan/342883

٣٤- بڕوانە سایتی ڕۆژنیوز، کە ئەمە لینکەکەیەتی:

https://rojnews.news/%DA%A9%D9%84%D8%AA%D9%88%D9%88%D8%B1-%D9%88-%D9%87%D9%88%D9%86%D9%87-%D8%B1/%D9%84%DB%95-

ئامادەبوونی وەزیری كاروباری شــەهیدان و ئەنفالكراوان و چەندین وەفدی حكومی و حیزبی بەڕێوەچوو. بەیانیی ١٤-٤-٢٠١٧ لە مەزاری ئەنفالكراوان مەراسـیمی یادكردنەوەی تاوانی ئەنفال بە پەردەلابردن لەسـەر وێنەی"شـێخ حسـێنی هەزاركانی" سەرقافڵەی ئەنفالكراوان دەستی پێ كرد. لە دەسپێكی مەراسیمەكەدا چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز لە لایەن كوڕە ئەنفال هەڵۆ ئەمین خوێنرایەوە و دواتر وتاری ئەكرەم سـاڵح نوێنەری كەسـوكاری ئەنفالكراوان پێشـكەش كرا كە تێیدا ئاماژەی بەوە كرد، وەك كەسـوكارانی ئەنفالكراوان سـوورین لەسـەر بەجێهێنانی ماف و داخوازییەكانمان. پاشانیش سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان لە وتاری بەخێرهاتنی میوانانـدا ڕایگەیاند: بەردەوام دەبین لە هەوڵەكانمان لەسـەر بەجدی ناسـاندنی كەیسـی ئەنفال بەجینۆسـاید. دواتر وەزیری كاروباری شــەهیدان و ئەنفالكراوان وتارێكی پێشـكەش كرد و ڕایگەیاند: حكومەتی هەرێم بڕیاری داوە لە پێشـینەی خانووبەرە لە كەسـوكاری ئەنفالكراوان خۆش ببێت و لەگەڵ شـارەوانییەكانیش ئامادەكاری كراوە بۆ ئەوەی زەوی بدرێت بەو كەسـوكاری ئەنفالكراوانەی تا ئیسـتا زەوییان وەرنەگرتوە. وتیشـی: لەسـەر ئاسـتی ناوخۆ لە هەوڵداین بۆ چاككردنی بژێوی و باری گوزەرانی كەسـوكاری ئەنفالكراوان، ئەمـە سـەرەڕای دوپاتكردنـەوەی هەوڵەكان بۆ ئـەوەی كۆمـەڵگەی نێودەوڵـەتی ناچاربكرێـت تاوەكو كەیسـەكە بەجینۆسـاید بناسـرێت. لەكۆتاییی مەراسـیمەكەیشـدا چەندین چالاكیی هونەری وەكوو سـرود و شـانۆ و پێشـانگای شـێوەكاریی تایبەت بە ئەنفال ئەنجام درا و دواتر تاجەگوڵینەی مام جەلال و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و سـەرجەم لایەنی سـیاسـی و ئەنجومەنی پارێزگاری سـلێمانی و چەندین ڕێكخراو و لایەنی تر لەسـەر مەزاری ئەنفالكراوان دانرا.)[٣٥] سایتی كوردۆسایدیش هەواڵی (پێشانگای ڕەنگەكان بۆ كراسە ڕەشەكەی ئەنفال) بڵاو دەكاتەوە و دەنووسێت: (بە مەبەستی ڕێزلێنان لە یادی ٢٨ ساڵەی تاوانی ئەنفال بەڕێوەبەرایەتیی هونەری شێوەكاریی سلێمانی پێشانگای "ڕەنگەكان بۆ كراسەڕەشەكەی ئەنفال" لە ڕۆژی ٢٠١٦/٤/١٤ لە هۆڵی گەلەری مۆزەخانەی سلێمانی دەكرێتەوە. لەم پێشـانگایەدا هەر یەك لە شـێوەكاران: ڕێبوار سـەعید، ئاری بابان، سـاڵەح نەجارِ، شـادە عەلی، كاروان كابان، دڵشـاد بەهادین، فرود باقی، ئەرسەلان ئەحمەد، یوسف ساڵح، ڕۆز محەمەد، ئاودێر عوسمان، شارا ڕەشید، ستار قادر، ئەیووب ڕەئووف، ڤاری، چرۆ موئمن، بەختیار هەڵەبجەیی بە دیدی خۆیان لەناو تابلۆكانیاندا تاوانێكی گەورەی وەكو ئەنفال-یان دەربڕیوە. ئەم پێشـانگایە سـەرەتا لە ڕۆژی ٢٠١٦/٤/١٤ سـەعات (٣)ی پاشـنیوەڕۆ لە هۆڵی مۆزەخانەی سـلێمانی و دوای سێ ڕۆژ نمایشكردن سەرجەم تابلۆكان جارێكی تر لە ناو مۆنۆمێنتی چەمچەماڵ نمایش دەكرێتەوە و سەرجەم تابلۆكان بە دیاری دەبەخشرێتە مۆنۆمێنتی چەمچەماڵ و وەكوو پێشانگایەكی هەمیشەیی دەمێنێتەوە.)[٣٦]نموونەكانی ئەم جۆرە چالاكی و كردنەوەی پێشـانگای شـێوەكارییانە بۆ یادی ئەنفال زۆر درێژ دەبنەوە و سـاڵانە بێ وەسـتان لە چەندین شوێنی جیاجیا پێشانگای شێوەكاری دەكرێتەوە، بێ گومان لەم هەموو پێشانگایانەدا نموونەی هونەریی بەرز و كاری گرنگ و سـەنگین و بەرهەمی هونەرمەندی جیدی هەیە كە شـوێنی تێڕامانە، وەك ڕێبوار سـیوەیلی لە خوێندنەوەی تابلۆكانی پرۆژەی ئەنفال خۆری ڕەشـپۆشـدا كە پێشـتر لە هەواڵێكدا ئاماژەمان بۆ چالاكییەكەیان كرد، دەنووسـێت: (لە هەندێ لەم تابلۆیانەدا، ئەنفال تەنها ئاماژەیەكی ڕەمزی، نیشـانەیەكی هونەری و سـاتەوەختێكی ئیستاتیكییە، نەك ڕیوایەتێكی مێژووییانەی پابەند بە ڕووداوێكی واقیعییەوە، هەندێ لەم هونەرمەندانە ئەنفالیان لە

٣٥- بڕوانە سایتی ئاراستە، كە ئەمە لینكەكەیەتی:

http://www.araste.co/mobile/News.aspx?id=1415&MapID=1

٣٦- بڕوانە سایتی كوردۆساید، كە ئەمە لینكەكەیەتی:

http://www.kurdocide.org/Detail.aspx?id=١٤٣٦٣&LinkID=١

بیچمێکی ئەوەندە جوان و داهێنەرانەدا بەرجەستە کردووە، کە جێی سەرسوڕمانە، بۆ هەندێکیان ئەنفال بوەتە چاوەڕوانییەك، کە بیرخەرەوەی هەموو چاوەڕوانییەکانی مرۆڤایەتییە، بۆ هەندێکیان بۆتە کۆلاژێك پڕ لە تەماشا، کفنێکی چرچبووی پڕ لە ڕاز کە پێویست بە هەڵدانەوەی ناکات، بوەتە سەمفۆنیایەکی ڕەنگ لە تابلۆیەکی تەجریدیدا، بۆ هەندێکی تر، پەیکەرێکە لە نەرمایی و ئەمەیش جوانترین ناسازەیە لە نێوان ئەنفال وەك ڕووداوێك لە مێژوودا و ئەنفال وەك ڕووداوێکی هونەری، لە هەندێك بەرهەمدا ئەنفال ماسکێکی بریندارە، پەرتبوون و کۆبوونەوەی جەستەکانە، تەنیایی پڕ لە چاوەڕوانیی کیژێکی پڕ لە ئیرۆتیکایە، بۆ هەندێکی تر بوەتە کاتژمێرێکی بێ کات، ڕزگاربوونی مەمکژەی منداڵێك بە دەنووکی کۆتر، ترازاندنی دوو پەنجە لە فەزایەکی خوێنیندا، ڕەهێڵەی بارانێکی ڕەش لە کەشێکی خومخانەییدا، بۆ هەندێکی تر ئەنفال ڕۆیشتنی پێیە بەرەو نادیار، گەلاڵەیەکی بەجێماوە لە بەحرێ خوێن، ڕیوایەتی ژنێکە لە کەشێکی میناتۆریدا، یان فاتیحای دوو کۆترە لە مەرگی ئاشتی.)[٣٧]

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە هەرێمی ئازادکراوی کوردستان، هونەرمەندان بە شێوەی تاکەکەس و لە پێشانگای تایبەتدا، هەروەها بە شێوەی گروپ و لە پیشانگای هاوبەشدا، کردنەوەی پێشانگایان لەسەر ئەنفال و هەڵەبجە بە تایبەت لە یاد و بۆنەکاندا کردوەتە نەریت و لە یادی ئەم دوو تراژیدیایەدا کردنەوەی پێشانگا و چالاکیی هونەری دەبێتە هەواڵی میدیاکان، کەچی سەرەڕای ئەمانەیش خۆیشیان دان بەو ڕاستییەدا دەنێن، کە ئەو کارانە هێشتا نەیانتوانیوە گوزاشت لەو کارەساتە بکەن، یان لانی کەم ئەنفال بە شێوەیەك پیشان بدەنەوە، کە کاریگەری لە سەر هەست و ویژدانمان دابنێت و بمانهەژێنێت و لە گەورەیی و قووڵی و ترسناکیی ڕووداوەکە ئاگادارمان بکەنەوە و ڕامان بچڵەکێنن و بە بیرمان بهێننەوە کەچی لە مێژووی ئێمە و مرۆڤایەتیدا ڕووی داوە، ئەوە کە هیچ کەئەو کارە هونەرییانە نەیانتوانیوە ببنە ناسنامەبۆ جینۆسایدی نەتەوەیەك یان تەنانەت غەدر و زوڵم و تاوان دژ بە کۆمەڵێك خەڵك، بەڵگەی ئەمەیش ئەوەیە کە هێشتا ئەنفال نەبووەتە بابەتێکی مرۆیی نەتەوەیی تا کورد وەك نەتەوەیەك بیخاتە سەر مێزی نێونەتەوەیی و سەرنجی جیهانی بۆ ڕابکێشێت و لە هاوکێشە سیاسییەکاندا لە بەرژەوەندیی خۆی بە کاری بهێنێت، نووسەر و شێوەکارێکی کورد بە ڕاشکاوی ئەم ڕاستییە باس دەکات و دەنووسێت: (هونەر گەر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ کارەساتێکی گەورەی وەك ئەنفالدا نەکات، ئەوا لە جیاتیی سوودپێگەیاندنی زیانی پێ دەگەیەنێت و لایەنی کەم سوکایەتی بە کارەساتەکە دەکات، دەبێت سێکتۆری کەلتووری لە کۆمەڵگای کوردیدا لە خۆی بپرسێت، ئاخۆ کارکردنی زیاد لە پێویست لە سەر ئەنفال و دووپاتکردنەوەی بەردەوامی یاد و پڕۆژە هونەرییەکان لە خزمەتی ئەنفال وەك پڕۆژەیەکی نەتەوەییی دایە یان زیانی پێ دەگەیەنێت، گەر یادکردنەوەی لە ڕادەبەدەر و پڕۆژە هونەرییەکان بوونە هۆی ئەوەی کەسان لەگەڵ بیستن یان بینینی هەر پڕۆژە و بەرهەمێکی هونەریدا بڵێن: ئۆهۆ ئەنفال نەبڕایەوە؟ ئەوا بوەتە هۆی سووککردنی مەسەلەکە، چونکە کاتێك بەرهەمەکان و پڕۆژەکان، یەکجار زیاد بوون، بێ بوونی لێکۆڵینەوەی زانستی هاوشانی ئەوە بۆ چەسپاندنی لایەنە جیاوازەکانی ڕووداوەکە بە شێوەیەکی تا ڕادەیەك زانستئامیز و خاڵیکردنەوەی لە ئەفسانە و ئەفسانەسازیدا، ئەوا بەرهەمی یەکجار زۆر لاوازیش پەیدا دەبن، کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دووپاتکردنەوەی بیرۆکە ساوەکان دەبن و بە هۆی نەبوونی

---

٣٧- ڕێبوار سیوەیلی، پێشانگای هونەرمەندانی شێوەکار، ئەنفال خۆری ڕەشپۆش، ئامادەکردن: ڕێبوار سەعید، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی مافی مرۆڤ و ئاوارە و ئەنفال، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٤-٥.

ڕۆحیەتی داهێنەرانە و توانای تەعبیرکردن لە تراژیدیای ئەنفال، لە ئاستی تراژیدییانەی ڕووداوەکە دادەبەزێنن.)[٣٨] هەروەها د. عوسمان ئەحمەد قادر، کە هونەرمەندێکی شێوەکاریی بواری جینۆسایدە و کاری هونەریی لە بارەی ئەنفالەوە زۆرە، جگە لەوەیش خۆی بە واقیعی تراژیدیای ئەنفالی بینیوە و لە ناو ڕووداوەکاندا ژیاوە و ئێستایش بۆ خوێندنی دکتۆرا و ماستەر بابەتی ئەنفالی کردوەتە کەرەستەی خوێندنەکەی، لە وەڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەوانیدا کە ئایا پێی وایە دەسەڵاتی کوردی ستراتیژێکی دیاری کراوی هەیە بۆ "ئەنفال"؟ دەڵێت: (نەخێر هیچ جۆرە ستراتیژیەك بۆ ئەم پرۆژانە نابینم ، ئەمە بەو مانایە نا کە هیچ بودجەیەك یان پارەیەك خەرج نەکراوە بۆ ئەم کارانە، بەڵکوو لەبەر نەبوونی پلان وکەسانی کەم ئەزموون پارەکان بەهەدەر دراون، یان دراونەتە دەست بازرگانی بێ موراڵەوە، کە هونەرمەندە بێئەزموونەکان بەشێکی ئەو بەرپرسیارێتییە پێویستە بگرنە ئەستۆی خۆیان.)[٣٩]

سازدانی بۆنە و کردنەوەی پێشانگاکان بە ڕادەیەك زۆرن، لەگەڵ زۆرییشیاندا تایبەتمەندییەکیان هەیە، ئەو تایبەتمەندییە بە شێوەیەکە، کە سیماکانی سازدانی ئەم فێستیڤاڵانە و بکەر و سازدەری ئەو جۆرە پێشانگایانە ناسراون یاخود دەناسرێنەوە، وەها دەناسرێنەوەکە ئەو کەسایەتییانە سازدانی فێستیڤاڵەکانیان کردوەتە ئەرك و پیشەی گرنگ و پێش هەموو شت، بێ گومان لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا ئەو کەسانە ئەوەیان بۆیە کردوەتە ئەرك، تا وەك هۆکارێکی لێ بکەن بۆ پڕکردنەوەی بەتاڵییەکانی خۆیان و ئەم ئەرکە ببێتە بەڵگەی توانا و خەیاڵی هونەری و ئیستاتیکا و بەهرەیان، ئەمانە سازدانی فێستیڤاڵیان نەك هەر پێش هەموو ئەرکە سەرەکییەکانی تر خستوە، بگرە بە تەواوییش خستوویانەتە جێی هەموو ئەرکێکی تر. فێستیڤاڵگەلی جیاجیا بۆ یادکردنەوەی ئەنفال و تراژیدیاکانی تر، وەك هۆکارێکیان لێ کردوە تا زۆر بە ئاسانی ببێتە زەمینەی کاری ناساندن و بەردەوام ئامادەبوونیان لە ناوەندی ڕۆشنبیری و حەزی خۆدەرخستن و بەڵگەی هەبوونی بیرۆکە و کار و چالاکییان، ئەمە جگە لە کۆمەڵێك بەرژەوەندیی تایبەتیی تر. ساڵانە لە چەندان بۆنەی جیاواز جیاوازدا بە تایبەت لە یادی ئەنفال و کیمیابیبارانداا هەواڵی سازدانی فێستیڤاڵ بۆ یادکردنەوەی ئەو بۆنانە دەبیستین، هەر لە سەرەتایشەوە زوو تێبینیی ئەوە دەکەین، کە ئەوانەی بەشدارن لە سازدان و بەڕێوەبردنی ئەم فێستیڤاڵانەدا، چەند کەسێکی دیاریکراو و ناسراون و پسپۆڕی و لێهاتوویيان لەم کارەیاندا بە دەست هێناوە.

ڕۆڵێکی نێگەتیڤی زۆربەی فێستیڤاڵەکانی بەرهەمی شێوەکاری بۆ یادکردنەوەی ئەنفال لەوەدایە، کە بێجگە لەوەی ئەو هونەرمەند و شێوەکارانە لەم ڕێگەیەوە خۆیان لە هەموو کارێکی جیدی و ئەرکێکی ڕاستەقینەی هونەری دەدزنەوە، بگرە ئەوە هێندەی بۆ خزمەتی خۆیانە، بۆ خزمەتکردن بەو پرسە و خستەڕووی دونیابینیی جیاواز و دیدی ئیستاتیکی بۆ ئەنفال و تراژیدیاکانی تر نییە. تەعبیرکردن لە ئەنفال و کارەساتەکانی تر لە زۆربەی کارە شێوەکارییەکانی ناو ئەو فێستیڤاڵانە، مەیلی هۆشیاربوونەوە بەرانبەر بەو واقیعەی ئەو کارەساتەی تێدا خوڵقا، ناجوڵێنن، هەر وەك چۆن بە دەگمەن هەست و ویژدانیش دەجوڵێنن، بەڵکوو لە کەشێکی بە نەریتبوودا دێن و نماییش دەکرێن، کە وێنەکانیش دەبنە نەریت، کە کاری هونەری وەك عادەتی لێ دێت، ئیتر تایبەتمەندیی ڕاچڵەکاندن و سیفەتی کاریگەریی هۆشیاری و ویژدانی لە دەست دەدەن. ئەگەر لە ساتی ڕوودانیدا ئەنفال و کیمیابیباران و

٣٨- گۆران بابەعەلی، پێشانگای هونەرمەندانی شێوەکار، ئەنفال خۆری ڕەشپۆش، ئامادەکردن: ڕێبوار سەعید، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی مافی مرۆڤ و ئاوارە و ئەنفال، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٥.

٣٩- ئەم چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییە لە پێگەی ئەنتەرنێت لەم لینکەدا دانراوە:
http://www.kurdistanpost.nu/?mod=news&id=82858&rp=0&act=print&rf=1

كارەسـاتەكانی تر لە بەر چاوی جیهان نەبوون و دونیا ئەو كارەسـاتانەی نەبینیی، ئەوا دەبوو وێنە و كاری شـێوەكاری ئەو تراژیدیایەی بە جیهان و بەو چاوە خەوتوە بگەیاندایە و سەرنجی دونیای بۆ لای ڕابكێشایە، دەبوو كاری ئەوە بێت یان هەوڵ بدات، ئەو زەمینەیەی ئەنفالی تێدا كرا، بە تەواوی لە بار ببرایە، نەك هەر وەك خۆی بمایاتەوە و قوربانییانی زیندوو ئازارەكانیان خەستتر و برینەكانیان قوڵتر بووایە.

وێنە و كاری هونەری شـێوەكاری دەتوانن هەژانی ویژدانی و مەعریفی و هەڵچوونی عاتیفی دروسـت بكەن و ئەمەیش بۆ تێكدانی ئەو زەمینەیەی ئەنفالی تێدا كرا ئاراستە بكرێت، نەك وێنە و كاری هونەری شێوەكاری بە تەواوی لەو زەمینەیە دابڕێن و كاری بە تراژیدیاكە لە واقیعدا نەبێت و بە شوێن مەبەستی تایبەتیی هونەرمەندەوە بێت.

پێویستە لە گرنگیی وێنە و هونەری شێوەكاری بۆ گەیاندنی هاوار و شیوەنی قوربانییان تێ بگەین، چونكە ئەمرۆ مرۆڤ زیاتر لە ژێر كاریگەریی وێنەدا ڕادەچڵەكێت و هەڵوێسـت وەردەگرێت و ویژدانی ئینسـان دەهەژێت. لێرە جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ یەكێك لەو كارە هونەرییانە بكەین كە نزیكە لەو ئاراسـتەی كاركردنەی ئێمە بەگونجاوی دەزانین، كە ئەویش (مۆنۆمێتی دیواربەندی ئەنفال) ی هونەرمەندی شـێوەكار (عوسـمان قادر)ە, هەواڵی ئەم كارە هونەرییە بەم شـێوەیە لە یەكێك لە سـەرچاوەكانی هەواڵەوە دەگوازینەوە: (١٥ی كانوونی دووەمی ٢٠١٧، لە مەراسـیمێكدا بە ئامادەبوونی بەشـێك لە كەسـوكاری شـەهیدان و ئەنفالكراوان، هونەرمەندی شـێوەكار عوسـمان قادر بە هاوكاریی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر و بەڕێوبەرێتیی هونەری شێوەكاری سلێمانی پڕۆژەی (ئەنفال)ی لەسەر دیوارێكی شـەقامێكی سـەرەكی لە گردی ڕیعایە لە شـاری سـلێمانی كردەوە. هونەرمەندی شـێوەكار عوسـمان قادر لە وتەیەكیدا ئامانجی پڕۆژەكەی بۆ ئامادەبوان خسـتەڕوو و ئاماژەی بەوەدا كە "پێویسـتە زیاتر گرنگی بە كارەسـاتی ئەنفال بدرێت و ئەركی هەموانە و پێویستە لە هەموو بوارێكدا گرنگی بەو كەیسە بدرێت.)[٤٠]

جێگەی ئاماژە بۆ كردنە لێرەدا تیشـك بخەینە سـەر ئەو دەنگدانەوەیەی كارەكانی ئەم هونەرمەندە لە سـەر ئاسـتی جیهان هەیانبووە، دیكۆمێنتكردنی ئەنفال لە كارە هونەرییەكانیدا ڕەهەندێكی جیهانییان وەرگرتووە, سـەرچاوەیەك لەم ڕووەوە باس لەوە دەكات (دامەزراوە ئەكادیمییەكانی وەك زانكۆ و سـەنتەرەكانی توێژینەوە گرنگی بە ئیشـەكانی دەدەن و بۆ كۆنفرانسـە جیهانییەكان سـەبارەت بە جینۆسـاید بانگهێشـتی دەكەن تاكوو لە ڕێگەی هێڵكارییەوە باس لە ئەنفال و جینۆسـایدی كورد بكات. بۆ نموونە لە "كۆنفرانسـی نێونەتەوەیی جینۆسـاید" لە برایتۆن سـاڵی ٢٠٠٩، "كۆنفرانسی شارەزایانی جینۆسـاید" لە ئیتاڵیا، سـینا ٢٠١٢، هەمان ڕێكخراوی شـارەزایانی جینۆسـاید سـاڵی ٢٠١٣ بۆ كۆنفرانسـەكانی خۆی لە یەریڤان (ئەرمینیا)، پۆلۆنیا و ئەڵمانیا بانگهێشـتیان كردووە. هەروەها مۆزەخانە و گەلەرییە هونەرییە جیهانییەكان دەرگا بۆ ئیشـەكان و هێڵكارییەكانی عوسـمان ئەحمەد ئاوەڵا دەكەن. بۆ نموونە، تەیت گەلەری لە بەریتانیا سـاڵی ٢٠٠٨ و مۆزەخانەی ئیمپریالی جەنگی بەریتانی هێڵكارییەكانی عوسـمان ئەحمەدی تێدا نمایيش كراوە و ئەرشـیف كراون. ئەم مۆزەخانەیە تایبەتە بە هونەری جەنگە جیهانییەكان و هۆڵۆكۆسـت. عوسـمان ئەحمەد

٤٠- بڕوانە سایتی snnc، كە ئەمە لینكەكەیەتی:http://snnc.co/News.aspx?id=4755&MapID=1

توانیویەتی ئەنفال و جینۆسـایدکردنی کورد بەرێتە ئەم مۆزەخانە گرنگە و وەك هونەرمەندی جەنگ باسـی لە بارەوە بکرێت.)[41]

---

٤١- نەبەز سەمەد، دۆکۆمێنتکردنی ئەنفال لەنێو کارە هونەرییەکانی عوسمان ئەحمەددا، بڕوانە سایتی sulyon، کە ئەمە لینکەکەیەتی:http://www.sulyon.com/Drejey-hawal.aspx?id=14215&LinkID=15

## بەشی چوارەم

## ســیــنـەمـــا

سەرەتا پێویستە دان بەو ڕاستییەدا بنێین، ئەو ڕاستییە بەڵگەنەویستەی كە سینەمای كوردی مێژوویەكی كورتی هەیە، بێگومان ئەمە ئەگەر لە بنەڕەتدا ســینەمای كوردی هەر مێژوویشـــی هەبێت، چونكە هەندێك لە هونەرمەند و توێژەری هونەری بە هۆكارگەلی وەك نەبوونی زەمینەسازی و تەكنیك و توانای تەكنەلۆژی و لایەنی دارایی و نەبوونی بازاڕی سینەما و چەندین هۆكاری تر، بوونی سینەمای كوردی ڕەت دەكەنەوە و پێیان وایە، بە ئەنجامدانی فێستیڤاڵێك و دووان، یاخود بەرهەمهێنانی چەند فیلمێكی ســینەمایی و بەشـــداریپێكردنیان لە فێســتیڤاڵە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەكان و تەنانەت بەرزیی ئاســتییان و بردنەوەی چەندین خەڵاتیش لە لایەن ئەو فیلمانەوە لەو فێستیڤاڵانەدا، كورد ناكاتە خاوەنی سینەمای خۆی و شتێك لە ئارادا نییە بە ناوی سینەمای كوردییەوە، چونكە سینەما وەك هونەرەكانی تر نییە، كە پێویستییەكی ئەوتۆ و زۆری بە توانای تەكنیكی و پێشكەوتنی تەكنەلۆژی و بازاڕ نەبێت بۆ سەرهەڵدان و گەشەسەندن و پێشكەوتنی. سەرچاوەیەكی كوردی دەربارەی پرسیاری ئەوەی ئاخۆ شتێك هەیە بە ناوی سینەمای سینمای كوردییەوە، نووسیویەتی (سینەمای كوردی بە چی لە دایك بووە، كە تا ئێستا خاوەنی یەك كامێرامانی پرۆفیشناڵ، یەك ستۆدیۆ و یەك كۆمپانیای ڕاستەقینە و یەك دەزگای سینەمایی نیین! ئەوەی سەرەڕای كادری بواری دەنگ و ڕووناكی و مۆنتاژ و دیكۆر.)[٤٢] هەروەها لە درێژەی وەڵامی ئەو پرسیارەدا هەر لەو سەرچاوەیەدا هاتووە: (ئێمە كاتێك دەتوانین بڵێین خاوەنی سینەماین، كە ساڵانە چەندین فیلمی درێژ بە توانای تەكنیكی و سەرجەم پســپۆڕییەكانی ناوخۆ بەرهەم بهێنرێت و كۆمپانیا و كەرتی تایبەت ئامادەییەكی تەواویان هەبێت لە مەیدانەكەدا، هەروەها كاتێك دەتوانین بڵێین سینەمامان هەیە، كە فیلمەكانمان سنووری لۆكاڵی ببڕن و وەك هەر فیلمێكی ئێرانی و ئەمریكی لە یەكەم "Shot"دا بناســرێنەوە، ئاخر ســەرجەم ئەو فیلمانەی كە لە ماوەی ئەو چەند ســاڵەی دواییدا لە كوردســتان دروســت كراون، ژمارەیان ئەوەندە زۆر نییە، كە ببنە هۆكاری بۆ خاســیەت و تایبەتمەندی تا ســینەمای كوردییان پێ بناســرێتەوە، ئەوە ســەرەڕای ئەوەی هەر دەرهێنەرە و بە ســتایل و دیدێكی جیاوازەوە كاری كردوە و بەرهەمهێنان و كادرە پســپۆڕییەكانی پشــتی كامێرایش، هیی دەرەوە یان وڵاتانی دراوســێ بوون! كە ڕەنگە تەنها بە دیالۆگ و لۆكێیشن ئەم فیلمانە كوردی بن.)[٤٣]

لە پێناســەیەكی ســەرەتاییدا كە بۆ ســینەما وەك هونەرێك دەكرێت (ســینەما كەرەســتەیەكە لە كەرەســتەكانی گوزارشــتی هونەری كە خۆی لە هونەری وێنەگرتنی جووڵاو لە ســەر كەرەســتەی پەیوەســت بەو بوارە دەبینێتەوە و پاشان نیشاندانی بە جەماوەر لە ڕێی شاشەی گەورەوە یان لە هۆڵەكانی نماییش نیشانی بینەران دەدرێت، یان لە ڕێی شــاشــەی بچوك و تەلەفزیۆن و... بەشــێك لە لێكۆڵەرەوانیش بە هونەری حەوتەم ناوی دەبەن.)[٤٤] ئەمڕۆ و پێشــتریش

---

٤٢- كەریمۆك، كورد و سینەما، چاپخانەی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ٢٠١٣، ل ٣٤.

٤٣- كەریمۆك، كورد و سینەما، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥.

٤٤- بۆ زیاتر زانیاریی قووڵبوونەوە لەم پێناسەیە و ڕەهەندەكانی تری بڕوانە هەر یەك لەم سەرچانە:

أ- جورج سادول، تاريخ السينما في العالم، ترجمة الدكتور إبراهيم كيلاني و فايز كم نقش، الطبعة الأولى، منشورات عويدات، بيروت، لبنان، ١٩٦٨.

ب- د.ثروت عكاشة، موسوعة تاريخ الفن، (الفن المصري) الجزء ١، دار المعارف بمصر، القاهرة، ١٩٧٦.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

واتە هەر لە سەرەتاكانی دەركەوتنی ئەم جۆرە هونەرەوە، سینەما گرنگییەكی زۆری هەبووە، بە جۆرێك زۆربەی ئەگەر نەڵێین هەموو كارەساتە گەورەكانی جیهان لە سینەمادا بە شێوەی هونەری گێڕراونەتەوە و دەركەوتوونەتەوە، زۆربەی ڕووداوە گەورەكان وەك جەنگەكانی ناوخۆیی و جیهانی و كۆمەڵكوژی و كارەساتە سروشتی و ناسروشتییەكان بوونەتە بابەتی سینەما، ئەمەیش وای كردووە، سینەما وەك جۆرێك سیاسەت كار بكات و گرنگیی پێ بدرێت، هەروەها ئەو زمانەی سینەما بە هۆیەوە گوزارشت لە پێوەندیی مرۆڤ و جیهان یان مرۆڤ و ژیان دەكات، زمانێكی تایبەتە بە خۆی، هەر بەو زمانە لە كێشەكانی مرۆڤ خۆی یان لە كارەساتەكانی مێژووی مرۆڤ نزیك دەبێتەوە و ڕووداوەكان دەگێڕێتەوە، جگە لە جەنگە جیهانییەكان و جەنگە گەورەكانی نێوان یان ناوخۆی وڵاتان، كارەساتی هۆڵۆكۆست كە لە سەردەستی ئەڵمانیای نازی و لە سەردەمی هیتلەردا بەسەر جوولەكەكانی جیهاندا و چەندین ملیۆن جوولەكە بوونە قوربانی و چیرۆكەكانی سووتاندن و كوشتن و ئەشكەنجە، بێ ئەندازە سامناكن، بووەتە بابەتی سەدان و بگرە هەزاران فیلمی سینەمایی و جیهان بە تایبەت جوولەكەكان خۆیان گرنگیی زۆری پێ دەدەن، جگە لە سینەما كردوویانەتە بابەتی هەموو ژانرە ئەدەبی و هونەریی و كایەكانی تری ڕۆشنبیری. یەكێك لەو فیلمانە، فیلمی (***The Boy in the Striped Pajamas***- كوڕیژگەی بیجامە خەتخەتەكە)یە كە ساڵی ٢٠٠٨ دەرهێنەری بەریتانی (مارك هێرمان) دەری هێناوە و ماوەكەی ٩٤خولەكە، ئەم فیلمە باس لە لایەنی نهێنیی كارەساتی هۆڵۆكۆست و كەسایەتی و سایكۆلۆژیای نازییەكان دەكات و لە چاوی دوو منداڵەوە دەیەوێت كۆمەڵێك بابەتی تازە دەربخات. شایەنی ئاماژە بۆ كردنە ئەم فیلمە سەرەتا لە تێكستی ڕۆمانێكەوە ئامادە كراوە بە هەمان ناو و ڕۆماننووسی ئێرلەندی،جۆن بۆین (John Boyne) نووسیویەتی و ساڵی ٢٠٠٦ بڵاو كراتەوە. ئەم ڕۆمانە و هەروەها فیلمەكەیش، تراژیدیای هۆلۆكۆست لە چاوی ئەو دوو منداڵەوە دەگێڕێتەوە، كە هەر یەك لەم دوو منداڵە سەر بە بەرەیەكی جیاوازی كارەساتەكەن، واتە یەكیان لە قوربانی و ئەوی تری لە بەرەی تاوانكارە، كە تەواو جیاواز و پێچەوانەی یەكترن، یەكیان سەر بە ستەمكار و ئەوی تریان سەر بە ستەملێكراو، كە هەر یەكەیان لە گۆشەی خۆیەوە و جیاواز لەوی تر كارەساتە دەبینێت، دیدگای دوو منداڵی سادەی بێ تاوان، بەرانبەر بەو جیاوازییە چینایەتییە، هەڵسەنگاندن و لێكدانەوەی ئەو ستەم و دڵڕەقی و تاوانە گەورەیە لە چاوی هەر یەكەیانەوە، ئەوەیش بۆ خۆی چەندین پرسیاری نوێ و جیاواز، كە پێویستیان بە وەڵامدانەوە هەیە، دەخوڵقێنێت. نیشاندانی دۆخی سایكۆلۆژیی دوو منداڵ كە ناتوانن لەوەی ڕوو دەدات و لە قورسیی ئەو تراژیدیایە تێ بگەن، بە زمانی خۆیان تەعبیری لێ دەكەن، یاخود لەوەی كە ناتوانن ژیانی منداڵیی خۆیان وەك منداڵ بەسەر ببەن وەك دوو منداڵی ئاسایی پێكەوە هاوڕێ بن و قسە بكەن و یاری بكەن، چونكە هەر یەكەیان سەر بە چینێكی كۆمەڵن، یەكیان چینی بەهرەمەند لە هەموو خۆشی و پێویستییەكی ژیان، ئەوی تریان چینی بێ بەش لە هەموو خۆشی و نازێك، منداڵێكیان لە نێو قاتێك بیجامەی خەتخەتدا دەستوپەنجە لەگەڵ مەرگ و نەهامەتییەكانی ژیان نەرم دەكات، ئەوی تریان بە پێی ڕۆتینی ژیانی سەرمایەداران و دەسەڵاتداران بۆ ستەمكاری و ژیانی سەروو مرۆڤ ئامادە دەكرێت و بە هەمان شێوە یاخود ڕاستتر بە شێوەیەكی تر لە ژیانی منداڵی و خەون و خولیاكانی بێ بەش دەكرێت و ناچارە بەوەی كە هەر دەبێت ژیانی گەورەكانی دووبارە بكاتەوە و ئەوەی ئەوان باوەڕیان پێیەتی و لە ناویدا دەژین، ببێتە بەشێك لە چارەنووسی ئەویش، هەر بۆیە لە نێو ئەم بەرداشە گەورەیەی ژیان و لە نێو ئەم ژیانە ناچاری و داسەپاوەدا ژیانی هەردووكیان دەبێتە قوربانی، واتە ڕۆمانەكە و هەم فیلمەكە چاوی

---

ت- عبد الله صالومة، الفنون السبعة وانعكاساتها على فنون التصوير (بحث مقدّم لنيل درجة الماجستير في التصوير)، إشراف د. نزار صابور، كليّة الفنون الجميلة قسم التصوير، جامعة دمشق، ٢٠٠٤.

بینەر و وەرگر بە ڕووی کۆمەڵێ پرسیاری نوێدا دەکەنەوە، کە تراژیدیای هۆڵۆکۆست بووە هۆی سەپاندنی ئەو جۆرە ژیانە.[٤٥]

ئەم هونەرە لە نێو کورددا بە تایبەت مەبەستمان لە کوردی هەرێمی کوردستانی عێراق لە سەرەتای سەرەتاکانیدایە، ئەو ناوەندانەی وەك زانکۆ و پەیمانگاکان کە پێویستە بۆ خوێندنی هونەری سینەما بە شێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی نیین و پەرەیان پێ نەدراوە، یان ئەگەر هەیشبن لە ئاستی پێویستدا نیین، یان ئەو ناوەندانە لە سەرەتادان و بە شێوەیەکی تەندروست بە ڕووی جیهانی دەرەوەدا نەکراونەتەوە و سەرپێی خۆیان نەکەوتوون، بێ جگە لەوەیش بە سەرچاوەگەلی سینەمایی، لە وێنەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و کەرەستە و پێویستییەکانی تر دەوڵەمەند نەکراون، مامۆستا و پسپۆڕ و کەسانی ئەکادیمی کە ئەزموون و شارەزاییەکی باش و زۆریان هەبێت، هەر نییە یان ژمارەیان زۆر کەمە، تا بە شێوەیەکی تەندروست بە ڕاهێنان و پەروەردەیەکی زانستی لەم بوارەدا ڕابگەن و بۆ پەروەردەکردنی نەوەیەکی ئاشنا بە سینەما ئامادە بۆ کارکردن تێیدا، تواناییەکانی خۆیان بخەنە گەڕ، بێگومان ئەم کەموکوڕییانەیش زیاتر بوونە بەربەست بۆ لەدایکبوونی ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی سینەما و خستنەگەڕی تیۆرەکانی خوێندنەوەی بەرهەمی سینەمایی.

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەیش بکرێت، سەرەڕای ئەو کێشە و گیروگرفتانەی باسمان کرد، هاوکات لەمڕۆی باڵادەستبوونی سەرمایەداری لە جیهاندا کە هەموو شتێکی بە کاڵا کردوە و هونەریش وەك کاڵا لە بازاڕەکانی ڕەواج پێ دەدات، بە هۆی میدیا و خستنەگەڕی ماشێنی ڕیکلامیی مەزن، بازرگانیی بە بەرهەمی هونەرییەوە دەکات، لەم نێوەیشدا سینەما وەك هونەرێك کە زیاتر پشتی بە تەکنەلۆژیا و سەرمایەیەکی گەورەی بەرهەمهێنان بەستووە، پێویستی بە تەکنیکی پێشکەوتوو و داراییەکی زۆرتر و فراوانترە لە هونەرەکانی تر، بۆیە ئەم لایەنە زیاتر بووەتە هۆکاری ئەوەی هونەری سینەما بە کاڵا ببێت، بەکاڵابوونی ئەم هونەرەیش بوونی بازاڕێك بۆ ساغکردنەوەی فیلمە سینەماییەکانی کردوەتە دیفاکتۆیەك، ئەم دۆخە و ئەم واقیعە زاڵەیش بەدڵنیاییەوە وای کردوە، بێ ئەم بازاڕە گەشەسەندن و پێشکەوتنی هونەری سینەما ئەستەم بێت، لە هەرێمی کوردستانیش بە تایبەت لە دەیەی نەوەدەکانی سەدەی بیست و دەیەی یەکەمی سەدەی بیستویەك ئابوورییەکی بەهێز لە ئارادا نەبووە و سەرمایەیەکی گەورە یان نەبووە یان لە دەستێکی کەمی سیاسیدا بووە و پەلی نەهاویشتوە و بۆ بوارەکانی تر، بۆیە ئەو بازاڕەی بۆ هونەری سینەما پێویستە، بۆ سینەمای کوردی نەڕەخساوە و ئەو بەرهەمانەی سینەمای کوردی زیاتر بە سەرمایەیەکی کەم و سنووردار یان بە سەرمایەی دەوڵەتی بێ پشتیوانیی کۆمپانیای گەورەی فیلمسازی و سپۆنسەری خەمخۆری ئەم هونەرە، بۆ فێستیڤاڵەکانی دەرەوە بەرهەم هاتوون، لە ناوخۆدا نەك هەر ئەم بازاڕەی باسی دەکەین نەبووە و کۆمپانیای گەورە و سپۆنسەری خەمخۆر لە پشتیانەوە نەبووە، تەنانەت هۆڵی تایبەت بە نمایشی فیلمی سینەمایی

٤٥- ئەم ڕۆمانە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕراوە، کە ئەمە ناونیشانەکەیەتی:
جۆن بۆین، کوڕێژگە بیجامە خەتخەتەکە، وەرگێڕانی، ماردین ئیبراهیم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ساڵی ٢٠١٦.
هەروەها ئەم فیلمە بە چەند بەشێك لە سەر ئەم پێگە ئەلکترۆنییەی یووتووب دانراوە:
https://www.youtube.com/results?search_query=The+Boy+in+the+Striped+Pajamas

یان نەبووە، یاخود بە كوالیتییەكی بەرز و بە ئاستێكی شیاو بۆ پێشكەشكردنی فیلمی سینەمایی نەبوون و ئەو عەشقە گەورەیەیان بۆ هونەری سینەما نەبووە.

دیارە هەموو ئەو دیدگایانەی بەو شێوەیە لە فیلمی سینەما و لە سینەما بە گشتی دەڕوانن، ڕوانگەی زاڵی سەردەمن و ئەوانە كە بە شێوەی پیشە و بابەتی پیشەسازی لە سینەما دەڕوانن، لایەنی پیشەییبوونی سینەما لە چاو هونەریبوونی زاڵتر دەكەن و هەموو ڕوانگە و خەیاڵ و بابەتێكی هونەری دەكەن بە پاشكۆی لایەنی دارایی و بە بڕی تێچووی مادی و بودجەی تەرخانكراو و بەردەستبوونی پێویستییە تەكنیكییەكان دەبەستنەوە، بۆیە لە سەرەتای دەیەی نەوەدەكانی سەدەی بیست كە تازە تەلەفزیۆنی كوردی لە ژێر سایەی ئیدارەی كورد خۆیدا دامەزرا، كۆمەڵێك فیلم كە ناوی فیلمی سینەماییان لێ نرابوو، لە بارەی ئەنفالەوە بەرهەم هاتن، دیارە بەو توانا كەمە تەكنیكییە و بەو ئابوورییە لاوازەی بۆ ئەم كارانە تەرخان كرابوون، بەرهەمهێنەرانی ئەو فیلمانە هەر خۆیان دانیان بە بێئاستیی ئەو فیلمانە دەنا و بۆ ئەوەیش هۆكارەكانی كە باس كران لە ئارادا بوون و خێرا وەك بیانووی بێئاستیی ئەو كارە هونەرییانە دەهێنرانەوە، زۆربەی ئەو كارانە كە ناوی فیلمی سینەماییان لێ نراون، كە كاتی خۆی لە كەناڵە تەلەفزیۆنییە لۆكاڵییەكان پەخش كران و سنووری پەخشیان لە چوارچێوەی شارێك تێپەڕی نەدەكرد، كوالێتیی نزمی ئەم فیلمانە و لاوازیی توانای تەكنیكییان لە ڕووی وێنەگرتن و تۆماركردن و لایەنە هونەرییەكانی بە جۆرێكن، هەڵگرتن و پاراستنیان لە ئەرشیفدا بە ئاسانی و بە شێوەیەكی زانستی نەكرێت، زۆربەی هێندە خراپ بوون و لە كەڵك كەوتوون، بۆ ئەوە ناشێن بە چاوێكی هونەرییەوە بگەڕێینەوە سەریان و بیانكەینە بابەتی توێژینەوە.[٤٦]

بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠٠٠ەوە هونەری كوردی جۆرێك كرانەوەی ڕێژەیی بە ڕووی جیهاندا بۆ ڕەخسا، ئاسانبوونی هاتوچۆ و دروستبوونی كۆمپانیای بەرهەمهێنانی كاری هونەری و بە هۆی دامەزراندنی كەناڵی سەتەلایتی كوردی، ئامێری دیجتاڵیی پێشكەوتوو هێنرایە هەرێمی كوردستان، لە لایەكی ترەوە زۆریی كەرەستە و بابەتی مەعنەوی، بە تایبەت دروستكردنی فیلمی دیكۆمێنتاری، لە ژیاندا مانی چەندین شایەتحاڵی بەتایبەت پرۆسەی ئەنفال و بوونی ئاسەوار و كاریگەرییەكانی ئەو تاوانە گەورەیەی مێژووی مرۆڤ، تێكڕا ئەم هۆكارانە و هۆكاری تایبەتی تریش بەو هونەرە و پێشوازیلێكردنی لە سەر ئاستی جیهان، بۆیە چەندین كورتە فیلم و فیلمی سینەماییی گرنگ بەرهەم هاتن، كە هەندێ لەوان لە فێستیفاڵەكانی جیهاندا بەشدارییان كرد و تەنانەت هەندێك لەوان لە چەند ڕوویەكی جیاجیاوە چەندین خەلاتی جیاوازیان بە دەست هێناوە، هەروەها لە لایەكی ترەوە، چەند هونەرمەند و سینەماكارێك پەیدا بوون، كەمتر لایەنی پیشەییی سینەمایان بە هەند وەرگرت، بە تایبەت بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی دیكۆمێنتاری و كورتە فیلم و فیلمی درێژی سینەمایی لە بارەی ئەنفالەوە، لە سەر ڕێبازی ڕیالیزمی نوێ كاریان كردوە و سوودیان لە واقیعی ژیانی قوربانییانی ئەنفال و شایەتحاڵان و شوێنی ڕاستەقینەی ڕووداوەكان وەرگرتوە. تۆخكردنەوەی ڕەهەندی هونەریی سینەماو دانەدواوەی لایەنی پیشەیی لەم هونەرەدا، بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی كەمخەرجترە و چاوی لەو بودجە زەبەلاحە نییە كە بۆ خەرجیی فیلمە سینەماییە جیهانییەكان تەرخان دەكرێت، ئەم دیدە بۆ سینەما زیاتر هێزی خۆی دەخاتە سەر بابەتە مەعنەوی و مرۆییەكان كە خۆی لە واقیعی ژیانی قوربانییان و شوێنی

---

٤٦- لەم بارەیەوە ئەرشیفی هەندێ لەو كەناڵانەی تەلەفزیۆن كە لە نەوەدەكانی سەدەی بیست هەبوون و ئێستا لە پەخش نەوەستاون، چەند فیلمێك لەم فیلمانەیان لایە، كە لە وەختی خۆیشیدا هەر خۆیان پەخشیان كردوە، ئێستا لە ڕووی كوالیتی و تۆماركردنەوە بۆ پەخش ناشێن و مەرجی دووبارە بڵاوكردنەوەیان تێدا نییە و تەنانەت لە سەر پێگەكانی ئەنتەرنێتیش دانەنراون، لە بەر نەبوونی ئەرشیفێكی زانستی و تۆكمە و یەكگرتوو، ناپێویستییشیان بۆ باسەكەی ئێمە، بە باشی نازانین بە پچڕپچڕی و ناتەواوی ناوی هەندێكیان بهێنین.

كارەســاتەكاندا بە تەواوی دەبينێتەوە، لەم ڕوەيشــەوە ناوی ســينەماكار (تەهای كەريمی) ديارە، كە چەند فيلمێكی سينەماييی بەرهەم هێناوە و چەندين جار هەر يەك لەو فيلمانە لە فێستيڤاڵە نێونەتەوەييەكاندا نماييش كراون و لە فرە ڕووەوە خەڵاتيان بە دەســت هێناوە، جگە لە فيلمەكانی ئەم ســينەماكارە، ناوی چەند فيلمێكی تريش بە ئاســتی جياجيا كە شوێنی ئاماژە بۆ كردن بن دەهێنرێت، لەوانە:

فيلمی (شەوی حساب)ی دەرهێنەر: حسێن سێودين.

فيلمی (دايكانی من)ی دەرهێنەران: ئيبراهيم سەعيدی و زەهاوی سنجاوی.

كورتە فيلمی (كۆشكی مێروولەكان)ی دەرهێنەر: تۆفيق ئەمانی.

فليمی (وێنە نەبينراوەكانی ئەنفال)ی دەرهێنەر: هەوراز محەمەد.

فيلمی (ئەنفال كارەساتێكی بەردەوام)ی دەرهێنەر: محەمەد سەيد.

چەند فيلمێكی تر... هەروەها ســاڵی ٢٠١٨ بۆ يەكەم جار لە مێژووی ســينەمای كورديدا لە لايەن دەرهێنەرێكەوە، فيلمێكی ئەنيمەيشــنی كوردی بە ناوی (ئاگا) بەرهەم هێنرا، ئەم فيلمە ئەنيمەيشــنە باس لە تراژيديای ئەنفال دەكات، فيلمەكە ماوەكەی ٦٠ خولەكە و ستافێكی ٥٠ كەسی كاريان تێدا كردوە و لە يادی كارەساتی ئەنفالدا لە ڕێكەوتی ١٤-٤-٢٠١٨ لە كەناڵی ڕووداو پەخش كرا.[٤٧]

ئەو فيلمانەی كە ناومان هێناوە هەر يەكەيان لە فێســتيڤاڵی نێونەتەوەييی جياجيا لە لايەنی جۆراوجۆرەوە خەڵاتيان هێناوە، بۆ نموونە، كورتە فيلمێك لە سەر ئەنفال، بە ناوی (كۆشكی مێروولەكان)ی دەرهێنەر: تۆفيق ئەمانی خەڵاتی جيهانی بە دەســت دەهێنێت، كورتە فيلمی (كۆشــكی مێروولەكان) كە گێڕانەوەی يەكێكی ترە لە چيرۆكە خەمناكەكانی ئەنفال و باســی خانەوادەيەك دەكات كە لە دوای ٢٥ ســاڵ لە ئەنفالكردن و زيندەبەچاڵكردنيان لە لايەن بەعســەوە چاوەڕوانن بۆ خاك و نيشتيمانی خۆيان بگەڕێنەوە، ئەم فيلمە لە فێستيڤاڵی نێودەوڵەتيی(fike) لە وڵاتی پورتوگال خەڵاتی بينەرانی بۆ باشــترين فيلم وەرگرت، كە ئەوە بۆ جاری ســێهەمە خەڵاتی نێودەوڵەتی وەردەگرێت، پێشتريش لە پەنجاهەمين فێستيڤاڵی نێودەوڵەتيی (ئەفتاب) لە وڵاتی ئێران بە باشترين سيناريۆ و لە چواردەهەمين فێستيڤاڵی نێودەوڵەتی لە لوبنان بە باشترين فيلم دەستنيشان كراوە.[٤٨]

ئەوەی بە پێويستی دەزانين لێرەدا زياتر لەسەری ڕابوەستين، فيلمەكانی (تەهای كەريمی)[٤٩]يە لە بارەی تراژيديای ئەنفالەوە، كە بريتين لە چەند فيلمێك. فيلمی ديكۆمێنتيی (هەزار و يەك ســێو) لە دەرهێنانی تەهای كەريمی، لە

---

٤٧-بۆ زانياريی زياتر لە بارەی ئەم فيلمەوە بڕوانە ئەم لينكەی سايتی ڕووداو:

http://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/1404201812

هەروەها تەواوی فيلمەكە لەم لينكە لە سەر پێگەی يووتووب دانراوە:

https://www.youtube.com/watch?v=hC7rpMSqNoo

٤٨- ئەم هەواڵە و زانياريی زياتريش لە بارەيەوە لەم لينكەی سايتی جينۆسايدی كورد دانراوە:

http://genocidekurd.com/ku/babati/2598

هەروەها كتێبی: تەهای كەريمی ئەفسانەی ئەسپيندارێك، ئامادەكردنی بوار نوورەدين، چاپی يەكەم، چاپخانەی كەكۆن، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٢٣.

٤٩- تەها ئەحمەد شەريف ناسراو بە تەهای كەريمی، ساڵی ١٩٧٥ لە گوندی بۆيەنی سەر بە شاری بانەی خۆرهەڵاتی كوردستان لە دايك بووە، دەرچووی بەكالۆريۆسی دەرهێنەری سينەمايە لە كۆلێژی سينەما- تيئاتر لە زانكۆی هونەری تاران، بە كورتە فيلم و فيلمە درێژەكانی بەشداريی

ڕێوڕەسمی کۆتایی یەکەمین دیداری جینۆسایدی کورد بۆ کورتە فیلمی دیکۆمێنتاری، ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٠ی نیسانی ٢٠١٢ بە ئامادەبوونی ٦ کەس لە ڕزگاربوانی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی سەردەمی ئەنفال، لە هۆڵی "تەوار"ی شاری سلێمانی نمایش کرا. ئەم فیلمە دیکۆمێنتارییە چیرۆکی ڕزگاربوونی ٥ دەربازبووی پێکراو و بریندارى ناو گۆڕەبەکۆمەڵەکانی سەردەمی ئەنفال دەگێڕێتەوە. (ناوی ئەم فیلمە لە سێوی مێخەکرێژەوە هاتووە و ئەم سێوە هێمای ئاشتی و خۆشەویستی و ئەوینە و لە ڕابردوودا دڵدارەکان بە بۆنەی خۆشەویستیی یەکترییەوە سێوی مێخەکرێژیان پێشکەش بە ئەوینەکەیان دەکرد.)[٥٠]

هەزار و یەك سێو فیلمێکی درێژە، تێیدا ڕزگاربوانی گۆڕە بەکۆمەڵەکان باسی بەسەرهاتی خۆیان دەکەن کە چۆن و بە چ مەرگەساتێك ڕزگاریان بووە، لەو لایشەوە ئەوانەی لە ئەنفال بە جێ ماون و بەر شاڵاوەکە نەکەوتوون و ئێستا دەژین، یەکی سێوێکیان پێ دراوە بۆ ئەوەی مێخەکرێژی بکەن و دواتر هەموویان پێکەوە بیدەن بە دەم ئاوەوە، تا لە ڕێگەی ئەو ئاوەوە بگاتەوە بە غداد، ئەو شارەی بڕیاری جینۆسایدی کوردی لێوە درا. لە فیلمەکەدا ڕزگاربوویەك، باسی بەرسەرهاتی جەرگبڕ و مەرگەساتی خۆی دەکات و ئەوە دەگێڕێتەوە کە چۆن ڕزگاری بووە، ناوبەناو دەرهێنەر گرتەکە دەبڕێت و وێنەی قاچێك دەبینین کە لە گەچ دروست کراوە، پاشان جارێکی تر چیرۆکەکە دەبڕێت و وێنەی دەستێك نیشان دەدات. کە هەموو ئەم جووڵانەی دەرهێنەر مانای خۆی هەیە و پێویستە بیری لێ بکەینەوە.

فیلمی (هەزار و یەك سێو) لە بەرهەمهێنانی کۆمپانیای "ئاوا میدیا"یە، سەبارەت بە کارەساتی ئەنفال، لە یەکەمین دیداری جینۆسایدی کورد بۆ کورتە فیلمی دیکۆمێنتاری بەشداریی کرد و لە ڕێوڕەسمی کۆتایی ئەم فیستیڤاڵەدا لە هۆڵی تەوار لە شاری سلێمانی نمایش کرا[51].

لە پرۆسەی ئەنفال کە ١٨٢٠٠٠ مرۆڤی کورد لە لایەن حیزبی بەعسی عێراق ئەنفال کران، تەنیا ١٣ کەس توانییان بە بریندارى لە کاتێکدا شاهیدی ئەو تاوانە گەورەیە بوون، خۆیان ڕزگار بکەن. سێ کەس لەم ١٣ شایەتحاڵە ئێستا لە ژیاندا نەماون و تەنیا ١٠ شایەتحاڵ زیندوون. کە ئەم شایەتحاڵانە کارەکتەرەکانی ئەم فیلمەی تەهای کەریمی پێك دەهێنن[52].

ئەم فیلمە خەڵاتی باشترین فیلمی دوکیۆمێنتی ساڵی ٢٠١٣ی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی "ئاسیاتیکا"ی بردەوە. فێستیڤاڵی ئاسیاتیکا کە ساڵانە لە شاری ڕۆمای پایتەختی ئیتاليا بەڕێوە دەچێت، خەڵاتی باشترین فیلمی دیکۆمێنتیی ساڵی ٢٠١٣ی پێشکەش بە فیلمی هەزار و یەك سێو کرد، جێی ئاماژە بۆ کردنە، ئەم فیلمە لە چەندین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی تر بەشداریی کردوە و خەڵاتی بە دەست هێناوە.[٥٣]

---

زیاتر لە ٥٠ فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیدا کردوە و توانیی خەڵاتی باشترین سیناریۆ بۆ فیلمی (کوێستانی قەندیل) لە فێستیڤاڵی فیلمی ئۆرێنسە لە ئیسپانیا وەربگرێت. هەروەها کورتە فیلمەکانی: زریان، سنووری ژیان، کوێستانی سپی، نەوت شێرپەنجەی شارەکەم و فیلمی دیکۆمێنتی بەکرێگیراوی سپی و فیلمی دیکۆمێنتی سینەمایی بڵندی هەزار و یەك سێوی بەرهەم هێناوە. کاتژمێر ٨ی ئێوارەی چوارشەممە ٢٩ی ئایاری ٢٠١٣ بە هۆی ڕووداوێکی هاتوچۆ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد. بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی بیبلۆگرافیای ژیانی تەهای کەریمی بڕوانە: تەهای کەریمی ئەفسانەی ئەسپیندارێك، ئامادەکردنی بوار نوورەدین، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەکۆن، سلێمانی ٢٠١٣.

٥٠- بوار نوورەدین، تەهای کەریمی ئەفسانەی ئەسپیندارێك، ل٢٤.

51- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.

52- سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٤.

٥٣- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ئەم دوو لینکەی سایتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردستان:

پێش ئەم فیلمەیش تەهای کەریمی فیلمی (من بەکرێگیراوی سپیم) ی بەرهەم هێنا، ئەم فیلمە (٥٦ خولەکە، بەرهەمی ئەنجوومەنی سینەمای موستەنەد و تەجروبی، ساڵی ٢٠١١، ئێران. بەشداریی لەم فێستیڤاڵانەدا کردووە: ١- پێشبرکێی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی "کوریتیبا" لە وڵاتی بەرازیل، ساڵی ٢٠١٢. ٢- بەشی پێشبرکێی "پانۆراما: ڕەنگدانەوەی وێنەکان" لە میانەی بیستوپێنجەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی دیکۆمێنتیی ئەمستردام "ئیدفا" لە وڵاتی هۆڵەندا، ساڵی ٢٠١٢. ٣- پانزەهەمین فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی ئیسماعیلیە لە میسر و چەندین خەڵاتی نێونەتەوەیی بە دەست هێناوە.)[٥٤]

لەم فیلمەدا (سەعید محەمەد غەریب) کە یەکێکە لە بەکرێگیراوەکانی سەردەمی بەعس و لە کوردستان، ئەو سەردەمە پێیان دەگوترا موستەشار یان جاش. سەعید جاف، هەرچەند موستەشارێکی بەناوبانگ بووە، هاوکات لە پرۆسەی ئەنفالدا سەدان کەسی لە ئەنفالی سێی گەرمیاندا ڕزگار کردووە. دواتر ئەم کۆنە موستەشارە دەچێتەوە لای ئەو کەسانەی کە ڕزگاری کردوون و بۆ ئەستۆپاکیی خۆی لە ئەنفال، داوای شایەتییان لێ دەکات.

سەعید جاف، بە پێی فیلمە دیکۆمێنتارییەکە خەریکی کۆکردنەوەی یادەوەرییەکانی ئەنفالە، وێنەی قوربانییەکانی ئەنفال کۆ دەکاتەوە و چوارچێوەیان بۆ دروست دەکات.

بە گشتی تەهای کەریمی لەم کارانەدا ڕاستەوخۆ دێتەوە ناو شوێنی ڕووداوەکان و قوربانییە ڕاستەقینەکان دەدوێنێت، دێتە ناوچە سووتاو و ڕاگوێزراوەکان و دۆخی هەنووکەیان دەکاتە شایەت، هەوڵ دەدات ڕەهەندە مرۆیی و سیاسی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانی تراژیدیاکە نیشان بدات، بەڵێ نیشانیان بدات وەك ئەوەی کە هەیە وەك خۆی، خۆی ئاشکرا دەکات و ئازارەکانی ڕادەگەیەنێت، نەك دەستکردی خەیاڵی سیناریۆنووس یان دەرهێنەر بێت، ئەوەی قوربانییە خۆی بە ناوی خۆیەوە قسە دەکات، نەك بە ڕێنماییی یەکێکی تر ڕووداوەکان بگێڕێتەوە، ئەوەی دەیگێڕنەوە چیرۆکی خۆیانە نەك چیرۆکی داڕێژراوی نووسەر، نووسەر ناتوانێت زمانحاڵی قوربانی بێت، بەڵکوو قوربانی خۆی زمانحاڵی خۆیەتی، کەریمی بە ڕێبازی ڕیالیزمی نوێ، فیلمی دۆکۆمێنتاری دروست دەکات و لەو ڕێگەیەیشەوە، زمانی ڕاستەقینەی کارەساتەکان خۆیان دەدوێنێت، ڕاستەوخۆ قوربانییەکان نیشان دەدات، نەك قوربانی و کارەساتەکان لە چیرۆکی خەیاڵی و دەستکرددا بنوێنێتەوە.

ئەو میتۆدەی ئەم کارانەی تەهای کەریمییان لە سەر داڕێژراوە، بە ئاراستەی دژە سیناریۆ کار دەکات، ئەو وەك پێشوو بە یاسا و ڕێساکانی تەکنیکی سیناریۆنووسین و ڕێنمایی و دەستووره دیاریکراوەکان کار ناکات، بەڵکوو ئەوە قوربانییەکان خۆیانن سیناریۆی حازری خۆیان لە کارەکەدا جێبەجێ دەکەن. ژیانی تاڵی واقیعیی ئەوان لە چوارچێوە و یاساکانی سیناریۆنووسیندا جێگەی نابێتەوە.

ئەو میتۆدەی تەهای کەریمی لەو کارانەدا بڕوای پێیەتی، وەك ئەکتەری پێشوو سەیری نواندنەکەی ناکات، بەڵکوو ئەو ئەکتەرە خۆی دەوری ڕاستەقینەی خۆی دەگێڕێت، نەك دەورێك ئەو بۆی نووسیبێتەوە و پێی دابێت! ئەو ئەکتەرە قوربانییە خۆی گوزارشت لە خۆی دەکات، ئەوەی نمایشی دەکات، ژیانی ڕاستەقینەی خۆیەتی، بۆیە ئەوەی نمایشی

---

http://www.kurdpa.net/sorani/dreje//12599

http://www.kurdpa.net/sorani/dreje/9628

٥٤- بوار نوورەدین، تەهای کەریمی ئەفسانەی ئەسپیندارێك، ل٢٣.

دەکات نەك هەر ژیانی ڕاستەقینەی خۆیەتی، تەنانەت گوزارشتی بە زمانە ڕەسەن و ناوچەییەکەی خۆیەتی و هیچ کەموزیاد و گۆڕانێکی تێدا نییە، نە زمانێکی ئەدەبیی دەستکرد بە کار دەهێنێت کە بە هۆیەوە لە حەقیقەتی ژیانی خۆی دوور بکەوێتەوە، زمانی پوختی ناوچەیی زووتر بە وەرگر دەگات بۆ ئەوەی ڕاستگۆیی خۆی لە نماییشی ژیانی ڕاستەقینەی پیشان بدات، بە قوربانییەکی واقیعی کارەساتەکان خۆی بناسێنێت، بەم جۆرە تەهای کەریمی دەروونی قوربانی دەخاتە گۆ و ویژدان و ئەخلاقی خۆی ئاسوودە دەکات، ئەوەی دەیکات، پیشاندانی ئازارە، بە دوای ئەویشدا ئومێدێك بۆ دەرچوون لە ئازار و زەمینەیەك بۆ ئاشتی دەچێنێت.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## ئەنجام

لە هەر چوار بەشـــی ئەم لێکۆڵینەوە ڕەخنەییيە شـــیکارییەدا لە بارەی کاردانەوەی ئەنفال لە هونەری کوردیدا و هێنانەوەی چەند نموونەیەکی کەم لە کارە هونەرییەکان، دەتوانین وەك ئەنجامگیرییەك ئەوە بخەینە ڕوو، بەر لەوەی هونەری کوردی بتوانێت بچێتە ناو دڵی تراژیدیای ئەنفال یان هەر کارەســـاتێکی ترەوە و پارچەکانی شـــکســـت هەڵبگرێتەوە و هونەرمەندان توانای داهێنانیان هەبێت و لە ڕێگەی کاری هونەرییەوە حەقیقەتی نوێ بەرهەم بهێنن و پرسـیار و گومان بخەنە ناو دیدگا وەسـتاوەکانی مرۆڤەوە، ئەم هونەرە خۆی دەرگیری کۆمەڵێك قەیران بووە و لە ناو چەندین کێشـە بۆ شـوناسـی خۆیدا چەقیوە، تەنانەت هەندێ لەو کارە هونەرییانە کە باس لە تراژیدیا و کارەسـاتەکان دەکەن، بە زۆر ناویان لە خۆیان ناوە کاری هونەری، دەنا بە هیچ پێوەرێك ئەو ناولێنانانە ناســـەلمێنن. دۆخی هونەری کوردی کە خۆی بە دەست کۆمەڵێك کێشەوە دەناڵێنێت، ئیتر بێ گومان هەر دەبێت ئاستەکانی پێوەندیی بە کارەسات و تراژیدیاکانەوە هەر ناتەندروســـت بن، وەك ئەوەی ئاماژەمان بۆ کردن، ئەمە جگە لەوەی ئەو پرســـیارەیش لە جێی خۆیدایە بکرێت، ئایا هەر لە بنەڕەتدا تەندروســـتە هونەر کار لە ئەنفالدا بکات و کاری تایبەتی بۆ بەرهەم بهێنێت، یان پێویســـتە و دەبوو هونەری کوردی لە ژێر کاریگەریی ئەنفالدا خۆی پێناســـە بکاتەوە و کارەکانی بەرهەم بهێنێت؟ لەم پرسـیارەیشـەوە دەتوانین چەند جۆرێك پێوەندی کە هەندێکیان نادروسـتن، لە نێوان ئەنفال و هونەر دەسـتنیشـان بکەین:

١- هەستی شەرمەزاریی هونەرمەند لە بەردەم ئەو ڕووداوانەدا، ئەویش لەو ڕووەوە کە لە کاتی خۆیدا نەیتوانیوە هیچ بکات بۆ ڕێگری لە ڕوودانیان یان کەمکردنەوەی کاریگەری و زیانە مرۆییەکانیان، بۆیە بەردەوام هەســتی کردوە قەرزێکی مرۆیی لایە و دەبێت بە کاری هونەری ئەم قەرزە بداتەوە، ئەرکێکی هونەری و ویژدانیی لە ســەر شــانە و پێویســـتە بە هونەرەکەی و بە ڕەنگدانەوەیان لە بەرهەمەکەیدا، ویژدانی خۆی ئاســـوودە بکات و ئەو ئەرکە بە جێ بهێنێت.

٢- لاواندنەوەی ئازاری خۆی و مرۆڤایەتی و کردنی بە بابەتی تراژیدیا و بەســـەرهات و ڕووداوی ناخۆش بە ماتەریاڵێك بۆ چێژ و جوانی، بێ گومان ئەویش بۆ سەرنجڕاکێشانی وەرگر و بینەر و کاریگەریدانان لە سەریان...

٣- تۆمارکردنی ئەو تراژیدیا و ڕووداو و بەســـەرهاتە ناخۆشـــانە لە مێژووی هونەردا بۆ ئەوەی هەرگیز مرۆڤ لە بیریان نەکات و هەموو کات و سـەردەمێك بزانێت و ئاگای لێ بێت کە شـتێکی وەها لە مێژووی مرۆڤ یان نەتەوە یان مرۆڤێك یان کۆمەڵە مرۆڤێك یان زیندەوەری دیاریکراودا ڕووی داوە، هەروەها ئەم تۆمارکردنەوەیە بۆ مەبەســـتی تر لە وێنەی پەند و ئەزموون و دووبارەنەکردنەوەیان و ڕۆشـنایی خسـتنەسـەر ئێسـتا و داهاتووی ئەو مرۆڤ و کۆمەڵە خەڵکانەی بەرهەمە هونەرییەکەیان ئاراستە دەکرێت.

٤- ناســـاندنی ئەو تراژیدیا و ڕووداو و بەســـەرهاتە ناخۆشـــانە بە ژمارەیەکی زۆرتر لە مرۆڤ ئەویش چ هیی سەردەمێکی تر یان هیی شوێن و جوگرافیای تر، ئەم خاڵەیش بێ گومان بۆ مەبەست و هۆکاری جۆراوجۆر: سیاسی، مرۆیی، کەلتووری، ڕەوشتی، ئایینی... هتد.

٥- وەستانەوە بە ڕووی بکەر و هۆکار و خوڵقێنەری ئەو تراژیدیا و ڕووداو و بەسەرهاتە ناخۆشانە و کاریگەریدانان لە سەر وەرگر بۆ ئەوەی هۆشیاری و هەستی دژایەتی بۆ دووبارەبوونەوەیان لە لای دروست بکات.

٦- پاڵنەری تایبەتی و دیاریکراوی هونەرمەند، لە وێنەی خۆناوداركردن و بەرژەوەندیی تایبەتی و خۆدەوڵەمەندکردن و رەواج و نرخدانان بۆ هونەرەکەی و رەوایەتیگواستنەوە لەو تراژیدیا و رووداو و بەسەرهاتە تاڵانە بۆ کار و ناسنامەی هونەرمەند، کە بێ گومان ئەو خاڵە و هەندێ جار خاڵەکانی تریش، کەموزۆر و بە شێوەیەك لە شێوەکان بە زیان بە سەر پرس و بابەتەکاندا شکاونەتەوە و کاریگەریی تراژیدیاکانی لە هەست و ویژدانی مرۆڤدا کەم و بێ بایەخ کردوە.

**سەرچاوەکان**

**یەکەم: کوردی**

**أ- کتێب:**

١- بوار نوورەدین، تەهای کەریمی ئەفسانەی ئەسپیندارێك، چاپی یەکەم،چاپخانەی کەکۆن،سلێمانی, ٢٠١٣.

٢- جۆن بۆین، کوریژگە بیجامە خەتخەتەکە، وەرگێڕانی: ماردین ئیبراهیم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠١٦.

٣-حەسەن تەنیا، شانۆ و شانۆی کوردەواری، چاپی یەکەم، وەزارەتی رِۆشنبیری و ڕاگەیاندن-دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغداد، ١٩٨٤.

٤- ڕێبوار سەعید(ئامادەکردن)، پێشانگای هونەرمەندانی شێوەکار، ئەنفال خۆری ڕەشپۆش، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی مافی مرۆڤ و ئاوارە و ئەنفال، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٥- فەرهاد پیرباڵ، مێژووی هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا- لە کۆنەوە تا پەنجاکان، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای مێرگ، هەولێر، ٢٠٠٦.

٦- کاوە ئەحمەد میرزا، شانۆی کوردی –سلێمانلەدامەزراندنییەوەتاڕاپەڕینی ١٩٩١، چاپی یەکەم، ٢٠١١.

٧- کەریمۆك، کورد و سینەما، چاپخانەی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ٢٠١٣.

٨- گارا، هونەری شێوەکاری مۆدێرن، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.

٩- محەمەد حەمەباقی، مێژووی موزیکی کوردی، چاپی سێیەم، دەزگای موزیك و کەلەپووری کورد، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠٠٩.

١٠- وەهبی ڕەسووڵ،(نووسین و وەرگێڕان)، ئەبستراك ئێکسپرێشینیزم- لە نیگارکێشانی هاوچەرخی کوردستانی باشووردا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٠.

**ب- گۆڤار:**

١- موحسین محەمەد، شانۆی کوردی ١٩٧٠- ١٩٧٩، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٥٨)، ٥ نیسانی ٢٠٠١.

**پ- پێگەی ئەلکترۆنی:**

١- https://www.youtube.com/watch?v=jOKzD334mRY
٢- https://www.youtube.com/watch?v=eh7NZA6-xOw
٣- https://www.youtube.com/watch?v=uQHNwRR9aDA
٤- https://www.youtube.com/watch?v=rrT2sYmU1z0
٥ -http://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=9159&type=farhang
٦- http://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/140420181
٧- https://www.youtube.com/watch?v=hC7rpMSqNoo



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

http://genocidekurd.com/ku/babati/2598٨ -
http://www.kurdpa.net/sorani/dreje//12599٩ -

http://www.kurdpa.net/sorani/dreje/9628١٠ -
١١-
https://www.youtube.com/results?search_query=The+Boy+in+the+Striped+Pajamas
http://zagrosn.com/34239-6١٢-١

https://dengikurd.com/?p=4046١٣-
http://www.basnews.com/index.php/so/news/kurdistan/342883١٤-
١٥-
https://rojnews.news/%DA%A9%D9%84%D8%AA%D9%88%D9%88%D8%B1-%D9%88-%D9%87%D9%88%D9%86%D9%87-%D8%B1/%D9%84%DB%95-
http://www.araste.co/mobile/News.aspx?id=1415&MapID=1١٦-١

١http://www.kurdocide.org/Detail.aspx?id=14363&LinkID١٧-=
http://www.kurdistanpost.nu/?mod=news&id=82858&rp=0&act=print&rf١٨-=

http://snnc.co/News.aspx?id=4755&MapID=1١٩-
http://www.sulyon.com/Drejey-hawal.aspx?id=14215&LinkID=15٢٠-

**دووەم: عەرەبی**

١- برتولد بريخت. نظرية المسرح الملحمي، ت: جميل نصيف التكريتي، دارالحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٣.
٢- جورج سـادول، تاريخ السـينما في العالم، ترجمة الدكتور إبراهيم كيلاني، الطبعة الأولى، فايز كم نقش، نشـورات عويدات، بيروت، لبنان، ١٩٦٨.
٣- الموسوعة العربية الميسرة، بأشراف: محمد شفيق غربال، القاهيرة، ١٩٦٥.
٤- سمير شيخاني، احداث والاعلام، الجزء ٢، بيروت، ١٩٨١.
٥- عبد الله صالومة، الفنون السبعة وانعكاساتها على فنون التصوير (بحث مقدّم لنيل درجة الماجستير في التصوير)، إشراف د. نزار صابور، كليّة الفنون الجميلة قسم التصوير، جامعة دمشق، ٢٠٠٤.
٦- عبد الحميد مشعل، موسيقى الغناء العربي، منهج دراسة الصولفيج غنائي، مراحل تطور الموسيقى العربية، ديوان المطبوعات الجزائرية، ١٩٩٥.
٧- عمر الدسوقي، المسرحية نشأتها وتاريخها وأصولها، الطبعة الاولى، دار الفكر العربي، بيروت.
٨- عزالدين إسماعيل، الأدب وفنونه-دراسة ونقد، جزء ٣.
٩- عفيف البهنسي،ا لنقد الفني وقراءة الصورة ، الطبعة الأولي، دار الكتاب العربي، القاهرة، ١٩٩٧.
١٠- ثروت عكاشة (د.)، موسوعة تاريخ الفن، (الفن المصري) الجزء ١، دار المعارف بمصر، القاهرة، ١٩٧٦.

**سێیەم: فارسی**

١- جان شـفرد، موسـيقي به مثابه متن اجتماعيمشـخصـات مترجم: دكتر جمال محمدي، ناشـر: تهران، طرح آينده، سال ١٣٩٠.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034